# مانگی داهاتوو پاسپۆرتی A لە هەولێر دەردەچێت

**ڕووداو-هەولێر**

عەقید دیدار عومەر، بەڕێوەبەری پاسپۆرتی هەولێر ڕایگەیاند لە هەفتەی داهاتوودا 150 هەزار پاسپۆرتی جۆری A دەگاتە هەولێر و لەمانگی داهاتووش هاووڵاتییان دەتوانن لە ڕێگەی ئینتەرنێت فۆڕمی دەرکردنی پاسپۆرتی جۆری A بەدەستبێنن، ڕۆژانەش 200تا300 پاسەپۆرت دەدرێتە هاووڵاتیان. ناوبراو ئاشکراشیکرد ئەوانەی پاسپۆرتی جۆری G یان هەیە پاسپۆرتیان نادرێتێ، تەنیا لە دوو حاڵەت نەبێ، ئەگەر پاسپۆرتەکەیان بەهۆی زۆری گەشتکردنەوە پڕ بوو بێتەوە یان ون بووبێ "دەبێ لە دادگا بیسەلمێنێ کە ون بووە". عەقید دیدار گوتیشی "پاسپۆرتە تازەکە چەند تایبەتمەندییەکی تێدایە کە کەس ناتوانێ تەزویری بکات".



2

# "مۆتەکەی کەرکووک" تائێستا دەستگیر نەکراوە

**ڕووداو-هەولێر**

ئەوانەی لە شاری کەرکووک بە دەمانچەی بێدەنگ خەڵک دەکوژن تائێستا دەستگیر نەکراون و لە ماوەی 10 ڕۆژدا 7 هاووڵاتی بە چەکی بێدەنگ کوژراون. قاسم حەمید کە پۆلیسی هاتووچۆیە بۆ (ڕووداو) گوتی "هاوڕێیەکەم لە تەنیشتم وەستابوو، لەناکاو بەلادا کەوت و خوێنی لەبەر ڕۆیشت و گیانی لەدەستدا، بەڵام دەنگی هیچیشم نەبیست". ئەو بکوژانە کە لەنێو ئۆتۆمبێلەوە بە چەکی بێدەنگ تەقە لە خەڵک دەکەن، بەچەند ئۆتۆمبێلێکی جیاوازەوە ئەو کارەیان ئەنجامداوە. عەمید سەرحەد قادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحیەکان، داوای لە دەزگا هەواڵگرییەکان کرد هاوکاریان بکەن بۆ دەستگیرکردنی ئەو گرووپە.

2



# پشتگیری کەمکردنەوەی مووچەی پەرلەمانتاران دەکەم



**ڕووداو-هەولێر**

د.بەشیر خەلیل حەداد، وتارخوێنی مزگەوتی جەلیل خەیات و مامۆستای زانکۆ، ڕایگەیاند ئەو بەنیاز نەبوو خۆی بۆ ئەندامێتی پەرلەمانی کوردستان بپاڵێوێ، بەڵام لەسەر داوای نێچیرڤان بارزانی ڕازیبوو خۆی لەسەر لیستی کوردستانی بپاڵێوێت. د.بەشیر حەداد، ڕایگەیاند دوای بوونی بە ئەندامی پەرلەمان واز لە مامۆستایەتی زانکۆ دێنێت، بەڵام واز لە وتاربێژی مزگەوت ناهێنێ چونکە ئەوە بۆ خوا دەکات و فەرمانبەری ئەوقاف نییە. گوتیشی پشتیوانی لە پێشنیازی کەمکردنەوەی مووچەی ئەندامانی پەرلەمان دەکات، بەڵام دژی پڕۆژەی کردنەوەی دیسکۆ و کردنەوەی یانەی شەوان لەلایەن حکومەتەوە دەوەستێتەوە.

4


ژمارە (68)
پێنجشەممە 2009/7/16
25ی پووشپەڕ 2709
(750) دینار

Rûdaw
ڕووداو
خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت
www.rudaw.net


## یاریدەدەری مام جەلال بۆ کاروباری هەڵبژاردن:

# سلێمانی بۆنی ئاژاوەی لێدێت

## بریکاری وەزیری ناوخۆ لە سلێمانی: پارێزگاری سلێمانی لە پشت شێواندنی شاری سلێمانیەوەیە



بەڕێوبەری پۆلیسی بەرگری چالاکیە مەدەنییەکان دەڵێ نزیکەی پێنج هەزار پۆلیس وەک یەدەک بۆ پاراستنی ئارامی ناوشار ئامادەکراون (فۆتۆ:ڕووداو)

**تایبەت بە ڕووداو**

یاریدەدەری مام جەلال بۆ کاروباری هەڵبژاردن ڕایگەیاند "سلێمانی بۆنی خوێنی لێنایێت، بەڵکو بۆنی ئاژاوەی لێدێت"، لەهەمانکاتدا بریکاری وەزیری ناوخۆ لە سلێمانی دەڵێت "دیارە کە هەوادارانی لیستی گۆڕان دەیانەوێت شار بشێوێنن و پارێزگاری سلێمانیش لەپشتی ئەو شێواندنەوەیە".

لەتیف شێخ عومەر، کە لەدایکبووی شاری سلێمانییە و یاریدەدەری مام جەلالە بۆ کاروباری هەڵبژاردن لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو)، کە دەقەکەی لە ژمارەی داهاتوودا بڵاودەکرێتەوە، دەڵێ لیستی کوردستانی لە سلێمانی لەپێش هەموو لیستەکانی دیکەوەیە بەڵگەش بە کۆبوونەوە جەماوەرییەکان دێنێتەوە. بەڵام هەست بە مەترسی دروستبوونی ئاژاوە لە سلێمانی دەکات و، ڕەخنە لە شێوازی پڕوپاگەندەکردن و هاتنەدەرەوەی لایەنگرانی لیستی گۆڕان دەگرێت و دەڵێ بەو شێوەیە" دەیانەوێ ئەم جەژنی هەڵبژاردن و دیموکراسییەمان لێ تێک بدەن"، بەڵام لەهەمانکاتدا نەشەڕی نێوخۆ و نە کەرتبوونی جەماوەر دەبینێ لەوەداو دەڵێ ئەوانە چەند کەسانێکن بە ڕق بەنجکراون، بەڵام لە هەمانکاتدا دەڵێ " سلێمانی بۆنی ئاژاوەیەکی لێدێت و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئاسایش و پۆلیس وچالاکیە مەدەنییەکان کۆنترۆڵی وەزعەکە دەکەن و ئەگەر تائێستا نەختێک نەرمیان نوواندبێت بۆ ئەوەبووە کە توندوتیژی نەکەوێتەوە وابیستومە کە لەمەودوا هەوڵدەدەن توندتر بن لە بەرامبەر هەر یاساشکێنیەک و لەهەر لایەکەوە بێت".

هەر لەوبارەوە جەلال کەریم، بریکاری وەزیری ناوخۆ لە سلێمانی لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) بە توندی ڕەخنەی لە پارێزگاری سلێمانی دانا ئەحمەد مەجید، گرت بە هۆی گوێنەدانی بە شێواندنی باری شاری سلێمانی و گوتی "ئێمە وەک وەزارەتی ناوخۆ بەرپرسی ئەمنی نین و لیژنەی ئەمنی هەیە کە پارێزگاری سلێمانی سەرۆکی لیژنەکەیە، ئەو کۆبوونەوە بە بەڕێوەبەری پۆلیس و ئاسایش و پۆلیسی چالاکیە مەدەنییەکان دەکات و خۆی پێیاندەڵێت ڕێگا بکەنەوەو خەڵک هەرچی دەکات با بیکات". جەلال کەریم هەروەها دەڵێت "دیارە پارێزگاری سلێمانی وەکو هەوادارانی لیستی گۆڕان کە دەیانەوێت شار بشێوێنن، پارێزگاری سلێمانیش لەپشتی ئەو شێواندنەوەیە، بۆیە ئێمە ناچارین بەبێ ئەو ئیجرائات بکەین".

بەپێی لێدوانی ئەو بەرپرسەی وەزارەتی ناوخۆ، شەوانە 10 کەس لەلایەنگرانی لیستی گۆڕان بەهۆی ئاژاوەنانەوە دەستگیر دەکرێن و دوای پڕکردنەوەی بەڵێننامە پێیان ئازاد دەکرێن، بەڵام گوتی تائێستا تەنیا یەک لایەنگری لیستی کوردستانی بەهۆی ئاژاوە نانەوە دەستگیرکراوە.

بەڵام مام ڕۆستەم بازیانی، یەکێک لەسەرکردەکانی لیستی گۆڕان گوتی "ئەوەی ئەوان ناوی دەنێن ئاژاوە، هیچی ئاژاوە نییەو بۆخۆمان ئەورووپامان دیوە، بۆیە قسەکانی بریکاری وەزیری ناوخۆ ڕاست نییە و هەرگیز لایەنگرانی گۆڕان ئاژاوەگێڕ نین و ئاژاوەیان نەناوەتەوە".

عەمید لوقمان شاسوار، بەڕێوەبەری پۆلیسی بەرگری چالاکیە مەدەنییەکان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە بە هاوبەشی لەگەڵ پۆلیس و ئاسایش هەموو ئامادەکارییەکیان بۆ کۆنترۆڵکردنی هەموو ئاژاوەیەک لە شاری سلێمانی کردووەو، ڕایگەیاند کە نزیکەی 5 هەزار پۆلیس وەک یەدەگ ئامادەکراوە بۆ پاراستنی ئارامی ناوشار.

3

# وەزیرێک پاڵێوراوێکی سەرۆکایەتی هەرێم دەداتە دادگا



سەفین شێخ محەممەد



بورهان سەعید سۆفی

**ڕووداو-هەولێر**

بورهان سەعید سۆفی، وەزیری گواستنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەفین شێخ محەممەد، پاڵێوراوی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لەسەر بەکارهێنانی نێوبانگی ئەو بۆ پارە وەرگرتن لە خەڵک دەداتە دادگا.

نووسینگەی تایبەتی بورهان سەعید سۆفی، وەزیری گواستنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ڕوونکردنەوەیەکدا کە وێنەیەکی بۆ (ڕووداو) ناردووە، ڕایدەگەیێنێ کە داوایەکی یاسایی لەسەر سەفین شێخ محەممەد تۆمار دەکات، دوای ئەوەی لە ڕێگەی سکاڵایەکی شوان وەسانی لە ڕۆژنامەی چاودێر دا بۆی ئاشکرابووە، کە بەناوی ئەوەی پڕۆژەی لەگەڵ ئەو (بورهان سەعید سۆفی ) هەیە بڕی 35هەزار دۆلاری لەو کوڕە شەهیدەی یەکێتی وەرگرتووە.

وەزیری گواستنەوە وێڕای ئەوەی ڕایدەگەیێنێ کە بە هیچ شێوەیەک ئاگاداری پڕۆژەیەکی لەو شێوەیە نییە، لە هەمانکاتدا دەڵێ نیگەرانە" لەوەی خەڵکانێکی نامەسئول بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی شەخسی ناوبانگ و پێگەکەی لەناو حیزب و حکومەتدا بەکاربهێنن لەپێناو ڕاکێشانی سۆز و سەرنجی بنەماڵەی شەهیدان و خەڵکانی دیکە".

## محەممەد تۆفیق، پاڵێوراوی لیستی گۆڕان:

# پارتی و یەکێتی لەترسی ئایندەی خۆیان ئەمجارە ساختەکاری ناکەن





### ئێمە 46 کورسی دێنین

### ئێمە 70 کورسی دێنین

**ڕووداو-سلێمانی**

د.فوئاد مەعسوم پێشبینی دەکات لیستی کوردستانی 70 کورسی بێنێت و دەڵێ لەشاری سلێمانی کۆبوونەوە جەماوەرییەکان بەڵگەی ئەوەن ئەوان لەپێشەوەن، بەڵام محەممەد تۆفیق ڕەحیم دەڵێ لەشاری سلێمانی لیستی گۆڕان دەباتەوەو لەوانەیە لە هەولێریش جەماوەریان لە سلێمانی زیاتربێت.

د.فوئاد مەعسوم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) گوتی کۆبوونەوە جەماوەرییە هەزاران کەسییەکانی پارێزگای سلێمانی بەڵگەی لەپێشی و سەرکەوتنن" نەک چەند مێرد منداڵێک کە دەیکەنە هاتوهوش و ڕێگە لە ئۆتۆمبێلی خەڵک دەگرن و هەرا دەنێنەوە، ئەوە هیچ نییە"، گوتیشی خەڵکی کوردستان دەنگ بە وانە دەدات کە خاوەن ئەزموونن و دەتوانن ئارامی کوردستان بپارێزن.

بەڵام محەممەد تۆفیق ڕەحیم، ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و ئەندامی ئەنجوومەنی کۆمپانیای وشەو لیستی گۆڕان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ هاوکارمان (ڤلادیمێر ڤان ڤیڵخنبێرخ) گوتی ئەوان دڵنیان لە سلێمانی دەبەنەوەو لە هەولێریش "لیستی گۆڕان زۆر بەهێزەو ڕەنگە لە سلێمانیش بەهێزتر بێت"، هەروەها گوتیشی ئەوان پارتی و یەکێتی دەکەنە ئۆپۆزسیۆن و بەخۆیان حکومەت پێکدێنن و 46 کورسی بەدەستدێنن و، ڕێکخستنە کۆنەکانی کۆمەڵە هەموو لەگەڵ ئەوان و ڕێکخستنەکانی یەکێتیش لەدەرەوە هەموویان لەگەڵ ئەوانن. هەروەها دەڵێ هەفتەی کۆتایی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن لە هەولێر پڕوپاگەندە بۆ لیستەکەیان دەکەن. محەممەد تۆفیق، کە پێشمەرگەی سەردەمی شاخ بووەو، دوای ڕاپەڕین و ڕووخانی ڕژێمی سەدام سێ جار لە بەغداو کوردستان پۆستی وەزیری وەرگرتووە، ئەوە ڕەتدەکاتەوە ئەوان بە نەوشیروان مستەفای سەرۆکی لیستەکەشیانەوە بەشدارییان لەشەڕی براکوژی و گەندەڵی دا کردبێ و دەڵێت ئەوانیتر گەندەڵن، بەڵام مافیا نین.

د. فوئاد مەعسوم لە بەرامبەر ئەوەدا دەڵێ "بێینەسەر حیساب کە کێیەو کێ نییە، ڕەنگە لەبەرژەوەندی ئەو برادەرانە نەبێت".

د.فوئاد مەعسوم لەبارەی ترسی لیستەکانی دیکە لەوان وەک دەسەڵاتدار بۆ ساختەکردن لە هەڵبژاردن و ترسی ئەوان لە لیستەکانی دیکە لەوبارەوە دەڵێ " ئێمە بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەوە نین هیچ ساختەکارییەک لەهەڵبژاردن دا بکرێت، نە بەنیسبەت خۆمان قبوڵمانە، نە بەنیسبەت لایەنی دیکەش قبوڵمانە".

محەممەد تۆفیق، لەوبارەوە پێچەوانەی زۆر کەسی لیستەکانی دیکە دەڵێ "پێشبینی ئەوە دەکەم دەسەڵاتداران (پارتی و یەکێتی) هەڵبژاردنەکان دادوەرانە بەڕێوەببەن"، هۆی ئەوەش دەگەڕێنێتەوە بۆ سێ هۆکار، لەبەر زۆری چاودێرانی بێلایەن، دووەم بەهۆی زۆری لیستەکان و " سێیەم: دەسەڵاتداران واتە پارتی و یەکێتی نایانەوێ بە ساختەکاری لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکاندا یاری بەداهاتووی خۆیان بکەن. ئەمەش لەبەرئەوەیە کە ئەوان دەزانن کاردانەوەی جەماوەری کوردستان جیاواز دەبێت لە کاردانەوەی خەڵکی ئێران".

6 و 7

جێگری سەرۆکی حکومەت دەڵێ مووچەی چاودێری خێزان لە 30هەزارەوە دەبێتە 75 هەزار

# بێوەژنانی کوردستان داوای زیادکردنی مووچەکەیان دەکەن

**تایبەت بە ڕووداو**

لە ڕاگەیێنراوێکدا 300 بێوەژنی دەڤەری ڕانیە داوای زیادکردنی ئەو مووچەیە دەکەن کە لە چاودێری خێزان وەریدەگرن و جێگری سەرۆکی حکومەتیش ڕایگەیاندووە کە مووچەی چاودێری خێزان، کە بێوەژنەکانیش دەگرێتەوە زیاد دەکرێ.

لەڕاگەیێنراوێکدا کە بە نیازن ئاراستەی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵاتی بکەن 300 بێوەژنی دەڤەری ڕانیە بەناوی سەرجەم بێوەژنانی کوردستان داوا لە وەزارەت دەکەن، مووچەی مانگانەیان بۆ زیادبکرێت، کە 30 هەزار دینارە و لە چوارچێوەی تۆڕی چاودێری خێزان وەریدەگرن.

بە گوێرەی ئەو ئامارانەی لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی دەست (ڕووداو) کەوتوون، ئەوان لە چاودێری خێزان مانگانە هاوکاری 43 هەزار خێزان لە کوردستان دەکەن و مانگانە 30 هەزار دیناریان دەدەنێ، کە هەندێک لەوانەی ئەو هاوکارییە وەردەگرن بێوەژنن.

بەپێی ئەو ڕووپێوەی چوار ساڵ لەمەوبەر لە ڕانیە کراوە، 2300بێوەژن لە ناوچەی پشدەر و بیتوێن هەبووە، بەڵام مریەم حەمە شێخە، بەرپرسی لقی ڕانیەی یەکێتی ژنانی کوردستان دەڵێت ئێستا ڕێژەکە زیاتریش بووە. د.عارف حیتۆ، بەڕێوەبەری گشتیی چاودێری کۆمەڵایەتی، ڕایگەیاند کە عیماد ئەحمەد، جێگری سەرۆکی حکومەت بە زارەکی پێی ڕاگەیاندوون کە ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری زیادکردنی ئەو هاوکارییەی داوە بۆ 75 هەزار دینار، بەڵام "بە نووسراو ئاگادار نەکراوینەتەوە و نازانین کەی دەست پێدەکات".

10

## ستیڤن زونێس،پرۆفیسۆری پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئەمریکا:

# ئیدارەی ئۆباما لە خەمی ئازادی هەڵبژاردنەکانی کوردستاندایە



**تایبەت بە ڕووداو**

پڕۆفیسۆر ستیڤن زونێس، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) لەبارەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان گوتی " ئیدارەی ئۆباما زیاتر خەمی ئەوەیەتی هەڵبژاردنەکان ئازاد و دادپەروەرانەبن، نەک ئەوەی چ لایەنێک سەردەکەوێت".

پڕۆفیسۆر ستیڤن زونێس، پڕۆفیسۆری زانستە سیاسییەکان و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی سانفرانسیسکۆی ئەمەریکا، کە ماوەیەکی زۆر توێژەری سیاسەتەکانی دەرەوەی ئەمریکا بووە،دەڵێ میدیای ئەمریکا تاوەکو ئێستا هیچ بایەخێکی بە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان نەداوە. لە هەمانکاتدا ئەو دەنگۆیانەی ڕەتکردەوە کە ئەمریکا پشتیوانی هیچ لیستێک بکات لە هەڵبژاردنەکانی کوردستان داو،گوتی هەرچەندە حکومەتی ئەمریکا نیگەرانە لە بوونی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان " بەڵام ئەمەش بەو مانایە نییە ئەمریکا پاڵپشتی لە ئۆپۆزسیۆن دەکات".

ئەو پرۆفیسۆرە ئەمریکییە دەڵێ جۆرێک لە جیاوازی لە هەڵوێستی باراک ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا و جۆزێف بایدنی جێگریدا هەیە بەرامبەر مافەکانی کورد، چونکە بایدن پاڵپشتی لە "عێراقێکی فیدراڵی دابەشکراو دەکات کە حکوومەتێکی نیمچە سەربەخۆی کوردی تێدا بێت"، بەڵام هەرچی ئۆبامایە "زۆر وریاترەو بەترسەوە پاڵپشتی لە ئۆتۆنۆمییەکی سنووردار دەکات بۆ کورد کە نەبێتە هۆی تووڕەکردنی تورکیا و دروستبوونی شەڕی ناوخۆ لەسەر چارەنووسی ناوچە کێشە لەسەرەکانی نزیک شاری کەرکووک".

3

# راپۆرتە هەواڵ



## گەنجێک لەسەر 500 دۆلار کوژرا

رزگار کۆچەر - هەولێر

شەوی 13 لەسەر 2009/7/14 لە گەڕەکی کوردستانی شاری هەولێر، گەنجێک بەناوی سەروەت سەباح، 29 ساڵ، لەلایەن هاوڕێیەکییەوە دەکوژرا، بەپێی زانیارییەکان سەروەت 500 دۆلاری هاوڕێیەکەی قەرزدار بووە و لەسەر ئەوە کێشەیان لەنێوان دروستبووە، بۆیە خاوەن قەرزەکە سەروەتی داوەتە بەر گوللە و لە ئەنجامدا 3 فیشەکی بەرکەوتووە و دەستبەجێ گیانی لەدەستداوە، بکوژەکەش بۆ شوێنێکی نادیار هەڵاتووە و تا ئێستا دەستگیر نەکراوە.

# بەغدا بە بەڵگەنامەی چاکسازی سیاسی کێشەکانی لەگەڵ هەولێر چارەسەر دەکات



**رووداو- بەغدا**

فریاد رواندزی گوتەبێژی هاوپەیمانیی کوردستان ڕەتیکردەوە هیچ دەستکارییەکی ئەوبەڵگەنامەیە کرابێت کە لایەنە سیاسییەکان بەناوی (بەڵگەنامەی چاکسازیی سیاسی) بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم کێشەکانی عێراق پێشنیازیان کردو پەرلەمانی عێراق لە تشرینی دووەمی رابردوو پەسەندی کرد. راشیگەیاند کە لیژنەیەکی باڵای پەرلەمانی بۆ جێبەجێکردنی نێوەڕۆکی بەڵگەنامەکە پێکهاتووەو لەئایندەیەکی نزیکدا دەست بەچارەسەری کێشەکان دەکرێ.

عەلی دەباغ، گوتەبێژی حکومەتی عێراق پێشتر رایگەیاندبوو کە سەرۆکایەتی حکومەتی عێراق لە ئایندەیەکی نزیکدا دەقێکی چاککراوی بەڵگەنامەی چاکسازی سیاسی رادەگەیێنێ کە شێوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان لەخۆدەگرێ، بەتایبەتیش ئەوەی پەیوەندی بە ناکۆکییەکانی هەردوولاوە هەیە، وەک کێشەی ناوچەکانی جێی ناکۆکی و یاسای نەوت و غاز و دابەشکردنی داهاتی سامانە سروشتییەکان.

لێدوانەکەی عەلی دەباغ، کاردانەوەی هەندێ لە فراکسیۆنە سیاسییەکانی بەدوای خۆیدا هێنا کە پێیانوایە دەستکاریکردنی نێوەڕۆکی بەڵگەنامەکە لەدەسەڵاتی پەرلەمانە نەک حکومەت. لەوبارەوە بەرەی تەوافوق رایگەیاند کە حکومەت لەجیاتی دەستکاریکردن دەبووایە دەست بەجێبەجێکردنی نێوەڕۆکی بەڵگەنامەکە بکات "چونکە نزیکەی 8 مانگ بەسەر پەسەندکردنیدا تێپەڕیوەو هێشتا هەر مەرەکەبی سەر کاغەزە".

پەرلەمانی عێراق لە 2008/11/27 ئەو بەڵگەنامەیەی لەبارەی چاکسازییە سیاسییەکان پەسەندکرد کە لەبنەمادا کۆمەڵێک داخوازیی لایەنە بەرهەڵستکارەکانی رێککەوتننامەی ئەمنیی نێوان عێراق و ئەمریکای لەخۆگرتبوو. رێککەوتننامە ئەمنییەکە تێپەڕێندرا، بەڵام بەڵگەنامەی چاکسازییە سیاسییەکان دوای تێپەڕبوونی هەشت مانگ هێشتا جێبەجێ نەکراوە.

فریاد رواندزی لەوبارەوە بۆ (رووداو) گوتی "کاتی خۆی بەڵگەنامەکە پەیوەست کرا بەو رێککەوتننامە ئەمنییەی لەگەڵ ئەمریکا لەئارادابوو، بەڵام نێوەڕۆکی ئەو بەڵگەنامەیە وەک خۆی مایەوەو نوست، هەرچەندە لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە پەسەندکراوەو دەبووایە جێبەجێ بکرێ، بەم دواییە ئەنجوومەنی سیاسی ئاسایشی نیشتمانی بڕیاریدا بەڵگەنامەکە کارابکرێ، بۆیە لەلایەن پەرلەمانەوە لیژنەیەکی باڵا دروستکراو لیژنەکە بەڵگەنامەکەی بۆ سێ میحوەری ئەمنی، سیاسی، دەستووری و یاسایی دابەشکرد".

رواندزی هەروەها گوتی لەمیحوەری ئەمنیدا چەند مەسەلەیەک هەیە، لەوانە دەرکردنی لێبووردن بۆ زیندانیان، چارەنووسی هێزەکانی سەحوە، ئەو گرووپانەی چەکدارن و ئامادەن چەک دابنێن. لیژنەکە دەربارەی ئەم بابەتانە راپۆرتێکی پێشکەش کردووە، میحوەری سیاسیش مەسەلەی پرەنسیپی بەشداریی لەحوکمڕانی و دروستکردنی بڕیاری سیاسی، چاوخشاندنەوە بە ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی، مەسەلەی ئاشتەوایی نیشتمانی دەگرێتەوە کە ئایا مەبەست لەم پرەنسیپە چییەو بە چ میکانیزمێک جێبەجێ دەکرێ، هەروەها پەیوەندییەکانی نێوان هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری، جگە لە زیندووکردنەوەی ئەو لیژنەیەی بۆ تاوتوێکردنی هەموو کێشە سیاسییەکان پێکهاتبوو، دەربارەی ئەم مەسەلانە هێشتا راپۆرتی کۆتایی ئامادە نەکراوە.

فریاد رواندزی لەبارەی چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان رایگەیاند کە جگە لە کۆبوونەوە بەردەوامەکانی لیژنەی باڵا لەگەڵ سەرۆکایەتی حکومەت، میکانیزمێک دانراوە بۆ کۆبوونەوەی 3+2 کە بریتییە لەکۆبوونەوەی هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری لەگەڵ سەرۆکایەتی کۆمارو سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان.

هەرچەندە حکومەتی عێراق بەجۆرێک لەحەماسەوە باس لە کاراکردنی بەڵگەنامەی چاکسازی سیاسی دەکات، بەڵام هەندێ لایەن پێیانوایە کاراکردنی بەڵگەنامەکە لەکاتی بۆزیادکراوی تەمەنی حکومەت و پەرلەماندایەو تازە ناتوانێ هیچ ئەنجامێک بەدەستەوەبدات.

حسام عەزاوی پەرلەمانتاری سەر بەکوتلەی (العراقیە) لەوبارەوە رایگەیاند کە کاتێکی ئەوتۆ بۆ چارەسەرکردنی ئەو هەموو کێشەو کەموکوڕییە نەماوە "حکومەتی ئێستا وەک حکومەتی کار بەڕێکردنی لێهاتووەو لەکاتی بۆزیادکراودا دەژی، بۆیە فریای جێبەجێکردنی نێوەڕۆکی ئەو بەڵگەنامەیە ناکەوێ".

## نوێنەرانی کورد لە بەغدا:

# هیچ دانوستاندنێک لەگەڵ بەغدا لەسەر پرۆژەی دەستوور ناکرێ



**رووداو- هەولێر**

دوو نوێنەری کورد لە پەرلەمانی عێراق و هەرێمی کوردستان ڕەتیانکردەوە کە هیچ دانوستاندنێک لەبارەی دەستکاریکردنی هەندێ لەماددەکانی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان لەنێوان هەولێرو بەغدا لە ئارادا بێت.

حاکم ئەحمەد ئەنوەر پەرلەمانتاری سەربە لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لەو بارەوە بە (رووداو)ی راگەیاند "پەرلەمانی عێراق مافی ئەوەی نییە گفتوگۆ لەسەر پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بکات"، گوتیشی "هەرکاتێک پرۆژەکە بووە دەستوور، دادگای فیدراڵی هەیەو ئەوەی تێبینی و ناڕەزایی لەسەر ماددەیەک هەیە دەتوانێ بیداتە ئەو دادگایەو دادگا یەکلایی دەکاتەوە".

بەها ئەعرەجی سەرۆکی فراکسیۆنی سەدر لە پەرلەمانی عێراق و گوتەبێژی ئەو فراکسیۆنە، رۆژی یەکشەممەی رابردوو رایگەیاند کە لەچەند رۆژی داهاتوودا دانوستاندنێک لەنێوان بەغداو هەولێر بۆ دەستکاریکردنی هەندێ لەماددەکانی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان دەستپێدەکات، بەبێ ئەوەی ئاماژە بەو لایەنانە بکات کە گفتوگۆو دانوستانەکە ئەنجامدەدەن.

شێروان حەیدەری سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، لە وەڵامی ئەو لێدوانەدا بۆ (رووداو) گوتی "ئەو قسەیە هیچ بنەمایەکی نییەو هیچ پەیوەندییەک بە ئێمەوە نەکراوە". هەروەها گوتی "پەرلەمانی عێراق مافی ئەوەی نییە دەستکاری پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بکات، جگە لەدادگای فیدراڵیی عێراق هیچ لایەنێک ئەو مافەی نییە، ئەویش کاتێک دەتوانێ کە پرۆژەکە خرایە ریفراندۆمەوەو لایەنێک تانەی لەهەندێ لەماددەکانی دا".

لەلایەکی دیکەوە هۆشیار زێباری وەزیری دەرەوەی عێراق، پاش دیداری لەگەڵ عەمرو موسا ئەمینداری گشتیی کۆمکاری عەرەب کە لەقاهیرە بەڕێوەچوو، بەرۆژنامەوانانی راگەیاند کە دواخستنی ریفراندۆم لەسەر دەستوور، وەڵامدانەوە بووە بەحەزو خواستی زۆربەی لایەنە سیاسییە عێراقییەکان کە پێیانوایە هێشتا کاتی هێنانەبەرباسی ئەو دەستوورە نەهاتووە.

## بۆ دەستگیرکردنی "مۆتەکەی کەرکووک"

# پۆلیسی کەرکووک داوای هاوکاری دەزگا هەواڵگرییەکان دەکات

**ئاکۆ محەممەد شوانی**
**رووداو-کەرکووک**

"لەپڕ هاوڕێکەم بە لادا کەوت و دوای خوێنبەربوونێکی زۆر گیانی لەدەستدا، بەڵام دەنگی هیچیشم نەبیست"، قاسم حەمید عاسی پۆلیسی هاتووچۆی کەرکووکە، هاوڕێیەکەی لە تەنیشتی وەستابوو کاتێک بە چەکێکی بێدەنگ کوشتیان و تا ئێستاش کەس نازانێ بکوژەکەی کێییە.

عەمید سەرحەد قادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحیەکانی کەرکووک گوتی، لەماوەی 10 رۆژدا 7 هاووڵاتی بەو چەکە بێدەنگە کوژراون. هەندێک لە هاووڵاتیانیش پێیانوایە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە شارەکان، لەوانەش کەرکووک، مەترسی تیرۆر و تەقینەوەکان روو لە زیادبوونە.

ماوەی دوو هەفتەیە ئۆتۆمبێلێکی نەناسراو لەنێو بازاڕو شوێنە گشتییەکانی کەرکووکدا بە چەکی بێدەنگ تەقە لە هاووڵاتیان دەکات و دەیانکوژێت، ئەمەش مەترسی و ترس و دڵەڕاوکێی لای هاووڵاتیان بە گشتی و هێزەکانی پۆلیسی سەر شەقام و شوێنە گشتییەکان بە تایبەتی دروستکردووە و لێیان بووەتە مۆتەکە. دوایین قوربانی ئەو جۆرە تیرۆرە عەزیز رسقۆ نیسان، بەڕێوەبەری گشتیی چاودێری دارایی کەرکووک بوو، کە کەسێکی مەسیحی بوو، بەچەکی بێدەنگ لەو ئۆتۆمبێلەوە کوژرا.

قاسم حەمید، پۆلیسی هاتووچۆ لەسەر شەقامی گشتی گەڕەکی عەسکەری کەرکووک باس لەوە دەکات ئێستا زۆر دەترسن لەو ئۆتۆمبێلەی بە "مۆتەکەی کەرکووک" ناسراوە. "لەبەرئەوەی هیچ دەنگ نابیستیت و لەناکاو سەیر دەکەی خەڵتانی خوێن بووی، بۆیە ئەو جۆرە چەکانەو ئەو شێوە کوشتنە مەترسی دروستکردووە، بەڕاستی ناکرێ وا بە ئاسانی بزانرێت ئەو جۆرە کەسانە کێن و بۆچی ئەو کارە دەکەن".

بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحیەکانی کەرکووک دەڵێت، تاوەکو ئێستا جگە لە دەسگیرکردنی چەند گومانلێکراوێک هیچ کەسێک بەو هۆیەوە دەسگیر نەکراوە. "ئێمە لە هەوڵی بەردەوامداین بۆ دەسگیرکردنی ئەو جۆرە کەسانەو پێویستی زۆرمان بە هاوکاری دەزگا هەواڵگرییەکانە تاوەکو زانیاری وردمان لەو بارەوە بدەنێ".

سەبارەت بە شێوەو جۆری ئەو کوشتنانە بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی کەرکووک ئاماژەی بەوەدا، ئەو جۆرە کوشتنانە هەموو نەتەوەکانی گرتووەتەوە "تا ئێستا لەو 7 کەسە کوژراوە جگە لە کورد، تورکمان و مەسیحیشی تێدایە، بۆیە هەموو نەتەوەکانی کەرکووک ترسیان هەیە لەو مەسەلەیە، ئێمە لە هەوڵی بەردەوامداین بۆ دەستگیرکردنی ئەو ئۆتۆمبێلە و نەهێشتنی ئەو جۆرە کارانە".



شڵەژاندنی باری ئەمنی شاری کەرکووک، بەدڵی هەندێ لایەنی دژ بە کوردە، بۆ رێگە خۆشکردن و پاساو دروستکردن بۆ هاتنی هێزەکانی سوپای عێراق بۆ ناو کەرکووک.

> **لە ماوەی 10 رۆژدا 7 هاووڵاتی لەلایەن ئەو ئۆتۆمبێلەوە بە چەکی بێدەنگ کوژراون**
>
> عەمید سەرحەد قادر

کوشتن بە چەکی بێدەنگ، ترسێکی زۆری خستووەتە نێو دڵی دانیشتووانی شاری کەرکووک، کە لە ماڵ دەردەچن، متمانەیان بە خۆیان نییە بە سەلامەتی بگەڕێنەوە.

هاشم لەتیف، دوکاندارێکی شاری کەرکووکە داوا دەکات پۆلیس هەوڵی زۆر بدات بۆ نەهێشتنی دیاردەی تیرۆر لە شارەکەدا "داواکارم هێزەکانی پۆلیس بتوانن ئەو جۆرە تیرۆرانە بنبڕ بکەن چونکە ئەمە مەترسی زۆری هەیە بۆ سەر هاووڵاتیانی کەرکووک بەگشتی، چونکە بەڕاستی دوای جێهێشتنی کەرکووک لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە خەریکە مەترسییەکان زیاتر بێت، ئەمەش ئەو گومانە دروستدەکات کە پۆلیس ناتوانێت ئەمنیەتی شارەکە بپارێزێت".



# مانگی داهاتوو پاسپۆرتی A لە هەولێر دەردێت

## 150هەزار پاسپۆرتی جۆری A دەگەنە هەولێر

**رەوا عەبدوڵلا**
**رووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەری پاسپۆرتی هەولێر رایگەیاند لە هەفتەی داهاتوو 150 هەزار پاسەپۆرتی جۆری A دەگاتە هەولێر، لە مانگی داهاتووش، هاووڵاتییان دەتوانن لە رێگەی ئینتەرنێتەوە فۆرمی دەرکردنی پاسەپۆرتی جۆری A بەدەستبێنن و، رۆژانە 200تا300 پاسەپۆرت دەدرێتە خەڵک.

عەقید دیدار عومەر، بەڕێوەبەری پاسەپۆرتی هەولێر، بە (رووداو)ی راگەیاند هۆڵی تایبەت بۆ دەرهێنانی پاسپۆرت بەسیستمی ئەوروپی ئامادەکراوە و سەرجەم ئامێرەکانی دەرهێنانی پاسەپۆرتی جۆری A گەیشتوونەتە هەولێر و تەنیا چاوەڕێی بەستنی سەحنی هەولێرن بەبەغداوە، گوتیشی "وابڕیارە لە هەفتەی داهاتوو ئەندازیارەکان بگەنە هەولێر و دوای بەستنی سەحنەکەش لەمانگی داهاتوو دەست بکەین بە دەرکردنی پاسپۆرت".



بەڕێوەبەری پاسپۆرتی هەولێر، دڵنیایی خۆی دەربڕی کە بە دەرچوونی پاسەپۆرتی جۆری A کە بەکوردیش لەسەری نووسراوە، بە قاچاخ دەرهێنانی پاسپۆرت لە بەغدا بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان کۆتایی بێت "چونکە لەو سیستمە تازەیەدا رەچاوی کەمکردنەوەی رۆتینەکانی دەرهێنانی پاسەپۆرت کراوە، لەهەمانکاتیشدا پاسەپۆرتەکە چەند تایبەتمەندیەکی تێدایە کەس ناتوانێت ساختەکاری تێدا بکات".

سەبارەت بەچۆنیەتی ئەنجامدانی مامەڵەش ناوبراو گوتی "داواکار دەتوانێت لەسەر هێڵی ئینتەرنێت لە ماڵپەڕێکی تایبەت کە دواتر لەرۆژنامەکان ئاشکرای دەکەین، فۆرمێکی تایبەت وەربگرێت زانیارییەکان تۆمار بکات، بۆ پەسەندکردنی فۆرمەکەش دەبێت سەردانی بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرت بکات و رەگەزنامەو پێناسی شارستانی و فۆرمی خۆراک و چەکی بانک لەگەڵ خۆی بێنێت و دوای وردبینکردنی لەلایەن کارمەندی تایبەت، پەنجە مۆری بەکۆمپیوتەر وەردەگیرێت و لە ماوەی کەمتر لە چەند رۆژێکدا دەبێتە خاوەن پاسپۆرت".

بەڕێوەبەری پاسەپۆرتی هەولێر گوتیشی "تاوەکو دەرچوونی پاسپۆرتی جۆری A، دەرکردنی پاسپۆرتی جۆری G راگیراوە بۆ خەڵکی ئاسایی، تەنیا بۆ ئەوانەی کە بەمەبەستی نەخۆشی سەفەر دەکەن یان ئیفاد کراون بۆ دەرەوە". ناوبراو ئاماژەی بەوەشدا "هەڵگرانی پاسپۆرتی جۆری G بۆیان نییە پاسپۆرتی Aی دەربکەن، تەنیا لە حاڵەتی پڕبوونەوەی پاسپۆرتەکەی یان ونبوونی پاسپۆرتەکەی، ئەویش دوای سەلماندنی لەدادگا".



# ڕاپۆرت

## 15 لیست سزا دەدرێن

ڕووداو-هەولێر
عەبدولڕەحمان خەلیفە، بەرپرسی مەکتەبە جەماوەرییەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "تاوەکو ئێستا زیاتر لە 200 سکاڵا لەسەر لیستەکان هاتووەتە لای ئێمە، بەدواداچوون بۆ بەشێکی ئەو سکاڵایانە کراوەو تاوەکو ئێستا 15 لیست سزا دراون". لەبارەی جۆری سزادانەکانیشەوە، عەبدولڕەحمان خەلیفە، گوتی "سزاکان تاوەکو ئێستا غەرامەکردنە بە پارە، چونکە سەرپێچییەکان نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی متمانە لە لیستێک وەربگیرێتەوە".



### ستیڤن زونێس، پرۆفیسۆری ئەمریکی لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان:

# ئەمریکا کورد تەنیا بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکاردێنێت و زۆر گوێ ناداتە کورد

**پرۆفیسۆر ستیڤن زونێس، پرۆفیسۆری زانستە سیاسیەکان و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی سانفرانسیسکۆی ئەمەریکی. ناوبراو توێژەری سیاسەتەکانی دەرەوەی ئەمەریکا بووە لە پەیمانگای دراساتی سیاسەتەکانی دەرەوە و ئەندامای کارا بووە لە سەنتەری نێودەڵەتی بۆ ناکۆکییە ساردەکان. لە ساڵی 2003، کتێبێکی لەسەر ناکۆکییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەناوی "سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی ئەمەریکا و ڕەگی تیرۆریزم"، نووسیووە. چەندین جار سەردانی ڕۆژهەڵاتی ناڤینی کردووە و ئەو ناوچانەی بینیووە کە شەڕی تێدایە و لەوێ لەگەڵ بەرپرسان و سەرکردەکانی ئەو وڵاتانە دانیشتووە و گفتوگۆی لەگەڵدا کردوون، هەروەها چاوی بە پارتە ئۆپۆزسیۆن و ڕووناکبیری ئەو ناوچەیەش کەوتووە:**

**هەڤپەیڤین: هاوار عەبدولڕەزاق**

**ڕووداو: ئایا میدیاکانی ئەمریکا بایەخ بە هەڵبژاردنەکانی کوردستان دەدەن؟**

**ستیڤن زونێس:** دەتوانم بڵێم هیچ شتێک لەبارەی هەڵبژاردنەکانی کوردستانەوە لە میدیاکانی ئەمریکا بڵاونەبووەتەوە.

**ڕووداو: ئێستا دەنگۆی ئەوە لە کوردستان بڵاوبووەتەوە کە ئەمریکا پاڵپشتی لیستە ئۆپۆزسیۆنەکان دەکات، بەتایبەتی لیستی گۆڕان کە لە لایەن نەوشیروان مستەفاوە سەرۆکایەتی دەکرێت، ئەو دەنگۆیانە تا چەند ڕاستن؟**

**ستیڤن زونێس:** ئیدارەی ئۆباما زیاتر خەمی ئەوەیەتی هەڵبژاردنەکان ئازاد و دادپەروەرانەبن، لەجیاتی ئەوەی چ لایەنێک سەردەکەوێت. هەندێ نیگەرانی لە ئیدارەی ئۆباما هەیە بەرامبەر بە دەنگۆکانی بوونی گەندەڵی و کپکردنی دەنگی ئۆپۆزسیۆن لەنێو حکوومەتەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا، بەڵام ئەمەش بەو مانایە نییە ئەمریکا پاڵپشتی لە ئۆپۆزسیۆن دەکات.

**ڕووداو: ئێستا هەستێک لە نێو سەرکردەکانی هەرێمی کوردستاندا هەیە کە ئیدارەی ئۆباما زیاتر لە ئیدارەی بوش بایەخ بە حکوومەتەکەی مالیکی دەدات، چۆن ئەو هەستە هەڵدەسەنگێنی؟**

**ستیڤن زونێس:** ئەوەی زیاتر واشنتن دەیەوێت بەدەستی بێنێت، سەقامگیرییە. هەروەها دەیانەوێت حکومەتی ناوەندیش سەرکەوتوو بێت، ئەمەش نەک لەبەرئەوەی دەیانەوێت مالیکی سەرکەوتوو بێت و پاڵپشتی بکەن، بەڵکو ئەوان پاڵپشتی هەموو حکوومەتێکی عێراقی دەکەن کە هاوپەیمان بێت لەگەڵ ئەمریکادا و مەترسی ئەوەشیان هەیە دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی یاخود دروستبوونی شەڕ لەسەر ناوچە کێشە لەسەرەکانی دەووروبەری شاری کەرکووک، زیان لە حکوومەتی ناوەندی بدات. هەرچەندە جۆزێف بایدن جێگری سەرۆکی ئەمریکا پاڵپشتی لە عێراقێکی فیدراڵی دابەشکراو دەکات کە حکوومەتێکی نیمچە سەربەخۆی کوردی تێدا بێت، بەڵام ئۆباما زۆر وریاترەو بەترسەوە پاڵپشتی لە ئۆتۆنۆمییەکی سنووردار دەکات بۆ کورد کە نەبێتە هۆی تووڕەکردنی تورکیا و دروستبوونی شەڕی ناوخۆ لەسەر چارەنووسی ناوچە کێشە لەسەرەکانی نزیک شاری کەرکووک.

### ئیدارەی ئۆباما زیاتری ئیدارەی بوش گوێ لە عەرەب و کورد دەگرێت

**ڕووداو: ئایا ئیدارەی ئۆباما سیاسەتێکی ئاشکرای بەرامبەر بە کورد هەیە؟**

**ستیڤن زونێس:** بە بۆچوونی من تائێستا ئەمریکا سیاسەتێکی ڕوونی نییە بەرامبەر کورد، بەڵام بە گشتیی واشنتن کراوەیە بەرامبەر بە ئۆتۆنۆمی کوردی لەرووی کولتوری و سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵام ئەمریکا لەو بڕوایەدایە پێویستە ئاسایشی سەر سنوورەکان و پێوەندییە دەرەکییەکان لەژێر کۆنترۆڵی بەغدادا بن و داهاتی سامانە سروشتییەکانیش دابەش بکرێت.

**ڕووداو: ئەگەر ئەمریکا ناچاربوو لەنێوان حکوومەتی مالیکی و کورددا، پشتگیری یەکێکیان بکات، بەرای تۆ واشنتن کامیان هەڵدەبژێرێ؟**

**ستیڤن زونێس:** هەروەکو مێژووش دەیسەلمێنێت، واشنتن تەنیا بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی کورد بەکاردێنێت و لەراستیدا ئەمریکا زۆر گوێ ناداتە کورد. ئەگەر ئەمریکا ناسەقامگیری بۆ حکوومەتێک دروست بکات کە کەمینەی کوردی هەیە (هەروەکو ئێستای ئێران و هەندێ کاتیش لە عێراقی سەردەمی سەدامدا)، ئەوان پاڵپشتی لە خەباتی کورد دەکەن، بەڵام کاتێکیش بیانەوێت حکوومەتەکە بەهێز بکەن (هەروەکو ئێستای تورکیا و عێراق)، ئەوا ئەمریکا دژی ئەو خەباتەیە. لەبەرئەوە تاوەکو ئەوکاتەی حکوومەتی عێراق بە هاوپەیمانی ئەمریکا بمێنێتەوە، ئەمریکا هەمیشە لایەنی حکوومەتی عێراق دەگرێت لە بەرامبەر کوردەکان. ئیدارەی ئۆباما هەروەکو ئیدارەکانی دیکەی ئەمریکا، دەیانەوێت دەسەڵاتی ئەمریکا لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست فراوان بکەن، بەڵام وادیارە ئەوان کراوەترن بەرامبەر بیرۆکەی نوێ و کەمتر گوماناویتر و دوو ڕووترن. ئەو ئیدارەیە زیاتر گوێ لە خەڵکی عێراق (عەرەب و کورد) دەگرێ کە چییان دەوێت و، ئەوان زۆر زیرەکتر و شارەزاترن دەربارەی مێژوو و کولتووری ئەو ناوچەیە، ئەوان کەمتر پاڵپشتی لە هەڵوێستی سەربازی دەکەن و پێیان باشە بە دوای چارەسەرێکی درێژخایەندا بگەڕێن لەوەی بەدوای چاککردنەوەیەکی کەمخایەندا بگەڕێن.

### ئیدارەی ئۆباما خەمی ئەوەیەتی هەڵبژاردنەکانی کوردستان ئازاد بن، نەک چ لایەنێک سەردەکەوێت

# سلێمانی لە نموونەی تاران دەترسێت

## بەڕێوەبەری پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان: ئەگەر ئاژاوەش ڕووبدات دەتوانین سلێمانی کۆنترۆڵ بکەین

**نەوزاد مەحمود**
**ڕووداو- سلێمانی**

بەشێک لەدانیشتوانی سلێمانی بەترسەوە لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەڕوانن و بەدووری نازانن کە بەهۆی قبوڵ نەکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەوە لەلایەن لیستەکانەوە، هەمان دیمەنەکانی تاران لەسلێمانی ڕووبدەنەوەو چاودێرانی سیاسیش بەهۆی جیاوازی بارودۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان و ئێران، ئەوە بەدوور دەزانن. بەرپرسانی ئەمنی شاری سلێمانیش جەخت لەوە دەکەنەوە کە توانای کۆنترۆڵکردنی شارەکەیان هەیە، ئەگەر ئاژاوەو تووندوتیژی شەقامەکان بتەنێتەوە.

زۆربەی شەوان فازل محەممەد، 33 ساڵ، زیاتر لە دوو کاژێر لەنێو هوتافکێشان و قافڵەی تورەیی هەوادارانی هەردوو لیستی کوردستانی و گۆڕان بەسەر دەبات، بەماندوویتی دەگەڕێتەوە، هەست بەمەترسی دەکات "ئەگەر کاتی بانگەشە ئاوا بکەن، دەبێ سبەی کە ئەنجامی هەڵبژاردنەکەیان بەدڵ نەبوو چ بکەن ؟"، ئەو پرسیارەی فازل، ئێستا بووەتە پرسیاری بەشێک لە دانیشتوانی ئەو شارەی کە گەرمترین شێوازی لایەنگیرێتی لیستە ڕکابەرەکانی تێدا بەڕێوەدەچێت.

د. فەرهاد پیربال، مامۆستای زانکۆ، کە بەردەوام خۆی وەکو لایەنگری گەنجان دەناسێنێت، سەرهەڵدانی تووندوتیژی بەدوور نازانێت و دەڵێ " دوور نییە ئەوەی تارانی شڵەقاند، بەشێوەیەک لەشێوەکان لەسلێمانیش ڕوویدات". بەڵام ئەوەی بەلای پیربالەوە گرنگە مەسەلەی تێگەیشتنی گەنجانە لەگۆڕان و گۆڕانکاری "تووندوتیژی و تەقەکردن لەخەڵک بەلای منەوە گرنگ نییە، بەڵکو ئەوەی بەلای منەوە گرنگە ئەو دۆخە نائاساییەیە کە لەهەرێمی کوردستان دروستبووە"، ئەو دەپرسێت "ئایا ئەو دۆخە ڕەگ و ڕیشەیەکی فکری و ڕۆشنبیری هەیە تا گەنجان سلێمانی بۆ بهەژێنن یان نا؟"، پیربال بۆ خۆی وەڵام دەداتەوە "نەخێر ئەم دۆخە زیاتر لەئینشیقاقێکی حیزبی و جودابوونەوەی ڕێبەرێکی حیزبی دەچێت لەحیزبەکەی خۆی".

بەپێچەوانەوە د. ئاکۆ شوانی، مامۆستای مێژوو لە زانکۆی سلێمانی پێیوایە سەرهەڵدانی تووندوتیژی ئەگەرێکی دوورە "سلێمانی تەنها لەسەر لایەنێک قۆرخ نەکراوە تا چاوەڕوانی ئەوە بکەین". شوانی گوتیشی "تەنها لیستی کوردستانی و گۆڕان خاوەنی جەماوەر نین ". یەکێکی دیکە لەو هۆکارانە کە ئەگەری تووندوتیژی پێ دوور دەخاتەوە، ئەنجامەکانی هەڵبژاردنە و دەڵێت "ئاکامەکانی هەڵبژاردن تەنها لەسلێمانیەوە دەرناکەوێت و ژمارەی کورسییەکانی سلێمانی دیارن بەپێی ئەوانەی دەنگ دەدەن".

لە یەکەمین ڕۆژی دەستپێکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردنەوە، لیستەکان دەستیانکرد بەدڕاندنی پۆستەری یەکتری و هەندێک لەشەقام و شوێنە گشتییەکانی ئەو شارە لەژێر پێی قافڵەی هوتافکێشاندا گڕی گرت و چەند شەڕێکی بچووکیش لەنێوان هەوادارانی هەردوو لیستدا ململانێکانی بەشێوەیەک تووند کردەوە کە شەوی 11-2009/7/12 یەکێتی نیشتمانی کوردستان هێرشێکی بە بەردی بە سەر کۆمیتەی تووی مەلیکی لەلایەن هەوادارانی لیستی گۆڕانەوە ڕاگەیاند، هەر ئەم دیمەنانەش وایان لەهاووڵاتیانی سلێمانی کردووە کە چاوەڕوانی ئاژاوەیەکی نێوخۆیی بکەن لە دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە.

"وەک ئەگەر، دەبێت بۆی دابنرێت ". دکتۆر فوئاد مەعسوم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەبارەی تووندوتیژی دوای هەڵبژاردنەکانەوە، بەو ئەگەر بۆ دانانە ئەوە بە مەترسییەکی نەبوو دانانێ، بەڵام هیوا دەخوازێ ڕوونەدات.

لەلایەکی دیکەوە سەفین مەلا قەرە، یەکێک لە بەرپرسەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردنی لیستی گۆڕان، سەرهەڵدانی تووندوتیژی دەبەستێتەوە بەساختەکاری لەهەڵبژاردنەکاندا و دەڵێت "مەگەر ساختەکاری بکەن و تووندوتیژی بەرامبەر لایەنگرانی ئێمە بنوێنن"، مەلا قەرە گوتیشی "دەسەڵات بەڵێنی بە ئەمریکییەکان داوە کە ئەنجامەکان قبوڵ بکات و ئەگەر تووندوتیژیشمان بەرامبەر بکرێت هێزەکانی هاوپەیمانان ئاگادار دەکەینەوەو ئەوان دێنینە نێو مەسەلەکەوە".

هەروەها قادر عەزیز، بەرپرسی قەوارەی ئایندە لەلیستی چاکسازی و خزمەتگوزاری پێیوایە ئەو کاتە تووندوتیژی دێتە ئاراوە کە لیستی کوردستانی ئەنجامەکان قبوڵ نەکات یان ساختەکارییەک بکات کە کارلەئەنجامەکانی دەنگدان بکات "تەنها لەو حاڵەتەدا وەک ئێرانی لێدێت کە لیستی کوردستانی ساختەکاری بکات". ئەو زیاتر گوتی "زانیاری و ئاماژەی جددی لەبەردەستماندان کە لیستی کوردستانی ئەگەر بۆی بکرێت ساختەکاری دەکات". قادر عەزیز ئەوەشی گوت "ئەوەمان بەسەرۆکی هەرێم ڕاگەیاندووە".

زۆربەی چاودێران پێشبینییەکانی خۆیان بۆ تووندوتیژی و هەڵگیرسانی شەڕ لەسەر ئەو دۆخە نائاساییە بونیاد دەنێن کە بانگەشەی هەڵبژاردنی پێدا تێدەپەڕێت، د. ئاکۆ شوانی دەڵێت بەڕاستی ئەوەی ئێستا لەسلێمانی ڕوودەدات حەماسەت نییە "حەماسەت نییە تۆ پەلاماری بەرامبەرەکەت بدەی و دەستدرێژی بکەیە سەر بارەگای بەرامبەرەکەت و خەڵک هەراسان بکەی".

فارس نەورۆڵی، لێپرسراوی لێژنەی ناوچەی زانکۆی پارتی لە سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە شەوی 13 لەسەر 2009/7/14 لایەنگرانی لیستی گۆڕان تەقەیان بەسەر ناوچەی زانکۆدا کردووە. نەورۆڵی گوتی "لایەنگرانی لیستی گۆڕان دوو شەو لەسەر یەکتر بە بەردەم ناوچەدا هاتوچۆیان دەکرد و هوتافی تورەیان دەکێشا، دواتریش تەقەیان بەسەر ناوچەدا کردو ویستیان داببەزن و پۆستەرەکانی لیستی کوردستان بدڕێنن، بەڵام ئاسایش گەیشتێ و نەیهێشت، ئێمەش ڕووبەڕووبوونەوەمان نەنواند، بۆ ئەوەی ئاژاوە دروستنەبێ".

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی پێیوایە ئەگەر لیستەکان لایەنگرانیان ئارام نەکەنەوە، لەئەنجامدا ناتوانن شەقامەکان کۆنترۆڵ بکەن "نابێت ململانێکان بگەنە سەرشەقام، چونکە کۆنترۆڵکردنی شەقام ئاسان نییە". ئەسەسەرد گوتیشی" دەبێ هەموو لایەک کار بۆ پاراستنی ئارامی بکات".

حاکم قادر حەمەجان، بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتیی سلێمانی پاراستنی ئەمنیەتی ناو شاری وەک بەرنامەیەکی تۆکمەی ئاسایش و پۆلیس ناوبردو گوتی "بوار بە تووندوتیژی و کاری گێرەشێوێنی نادەین و لێپرسینەوەی توند دەکەین لە بەرامبەر هەر گێرەشێوێنێک لەهەر لیست و لایەنێک بێت".

عەمید لوقمان شاسوار، بەڕێوەبەری پۆلیسی بەرگری چالاکییە مەدەنییەکان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە بە هاوبەشی لەگەڵ پۆلیس و ئاسایش هەموو ئامادەکارییەکیان بۆ ئەو ئەگەرە کردووە، گوتیشی "لەتواناماندایە هەر ئاژاوەو کارێکی تووندوتیژی کۆنترۆڵ بکەین، ئەگەر ڕوویدات". هەروەها گوتیشی نزیکەی 5 هەزار پۆلیس وەک یەدەگ ئامادەکراوە بۆ پاراستنی ئارامی ناوشار.

جەبار یاوەر، گوتەبێژی هێزی پاسەوانی هەرێم، ڕەتیدەکاتەوە کە پێشمەرگە دابەزێتە ناوشارەکانەوەو دەڵێ " ئەگەر تووندوتیژیش ڕوویدات، پێشمەرگە بەهیچ شێوەیەک تەدەخول لەناو شارەکان ناکات". یاوەر گوتیشی "ئەرکی پێشمەرگە پاراستنی هەرێمی کوردستان و سنوورەکانە، ئاسایشی ناوشار ئەرکی پۆلیس و ئاسایشە".



ژمارەیەک لایەنگری لیستی کوردستانی وێنەی مام جەلال و کۆسرەت ڕەسول بەرز دەکەنەوە لە سلێمانی (فۆتۆ: کریستۆفەر پتیت تیسۆن)



ژمارەیەک لایەنگری لیستی گۆڕان لە سلێمانی (فۆتۆ: کریستۆفەر پتیت تیسۆن)

## ڕیپۆرتاژ

**یەکگرتووی ئیسلامی : تەنیا سێ لیست کورسی بەدەستدێنن**



**تایبەت بە رووداو**

**سەمیر سەلیم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو و بەرپرسی مەکتەبی هەڵبژاردنی ئەو حیزبە لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) بەپێی قۆناخی دووەمی داتاو لێکۆلینەوەکانیان لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی لە 40 کورسی نزیکدەبێتەوەو ولیستی گۆڕانیش لە 20 کورسی نزیکدەبێتەوەو 40 کورسییە ماوەکەش بۆ لیستی کوردستانی دەبێ . لەبارەی لیستەکانی دیکەشەوە دەڵێت"پێمان وانییە لیستەکانی دیکە سەرکەوتن بەدەستبێنن، چانسی سەرکەوتنیان نییە و کێبڕکێیەکە لەنێوان ئەو سێ لیستە سەرەکییەدایە".**

## د.بەشیر خەلیل حەداد، پاڵێوراوی لیستی کوردستانی:

# لەسەر داوای سەرۆکی حکومەت خۆم بۆ پەرلەمان پاڵاوت

د. بەشیر خەلیل حەداد، مامۆستای زانکۆ و وتارخوێنی هەینی مزگەوتی جەلیل خەیات، کە لە ریزبەندی کاندیدەکانی لیستی کوردستانی 27 ەمین ناوە، لە هەڤپەیڤینێکدا بۆ (رووداو) دەڵێت کە بیری لەوە نەکردبووەوە بچێتە پەرلەمان، بەڵام لەسەر داوای سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی کاندیدکرد بۆ لیستی کوردستانی، هەروەها دەڵێت چەند لستێکی تورکمانی و لیستەکانی دیکەش داوایان لێکردووە لەگەڵیان بەشداربێ، بەڵام داوای ئەوانی پێشتر رەتکردبووەوە. هەروەها دەڵێت لە پەرلەمان دەنگ بۆ کردنەوەی دیسکۆ و یانەی شەوانە نادەم.

**رووداو: تۆ وەک کەسێکی سەربەخۆ و بێ لایەن ناسرا بووی، چۆن بوو بڕیارتدا بچیتە نێو لیستی کوردستانی؟**

**د.بەشیر:** بەپێی ئاگاداری من لە نێو هەموو لیستەکاندا خەڵکی بێلایەن هەیە، لیستێکیش نییە تەنیا بێلایەن بێ و کەسی لەگەڵ و لە پشت نەبێ، ئەگەر بێلایەن وسەربەخۆ بووی لە پەرلەمان و ویستت پەیامی خۆت بگەیێنی، ئیتر لەسەر کام لیست و کام گرووپ بی، کێشە نییە. من جەنابی سەرۆکی حکومەتی کوردستان داوای لێکردم خۆم بۆ لیستی کوردستانی کاندید بکەم وەک کەسایەتییەکی سەربەخۆ، منیش دوای بیرکردنەوەو راوێژ، داواکارییەکەم قبوڵ کرد. لە هەڵبژاردنی پێشووش داوام لێکرا، بەڵام ئارەزووم نەبوو بچمە پەرلەمان، بەڵام کە جەنابی سەرۆکی حکومەتی کوردستان تەکلیفی کرد، حەزم نەکرد تەکلیفەکەی رەتبکەمەوە. لەبەر ئەوەی من ئەو مرۆڤە دەناسم دەیەوێ ئیش بکات، دەیەوێ گۆڕانکاری بکات.

**رووداو: چۆن بوو لیستێکی سەربەخۆت پێکنەهێنا؟**

**د.بەشیر:** من بیرم لە پەرلەمان نەکردبووەوە، بۆیە بیرم لە پێکهێنانی لیستیش نەکردبووەوە.

**رووداو: دڵنیا نیم تورکمانی، بەڵام لە تەلەفزیۆنی تورکمان زۆر دەردەکەوی، خەڵک وا هەستدەکات تورکمانی، چۆن بوو لەگەڵ لیستێکی تورکمانی بەشداری هەڵبژاردنت نەکرد؟**

**د.بەشیر:** تورکمانی بوونی من لەوانەیە لەبەرئەوە بێ کە زمانی تورکی دەزانم، جگە لەوەش ئێمە لە هەولێر ژیاوین و خۆم بە هەولێری و قەڵاتیش دەزانم، مەرج نییە کەسێک زمانێ بزانێت لەو نەتەوەیە بێت. لە هەر لیستێکیش بووبام هەر سەربەخۆ دەبووم.

**رووداو: ئەوەی بچێتە پەرلەمان نابێ هیچ کاری دیکە بکات، دوای چوونە پەرلەمان دەستبەرداری کارەکەت دەبی لە زانکۆ و مزگەوت؟**

**د.بەشیر:** من مامۆستای زانکۆم وەکو وەزیفە، ئەگەر بچمە پەرلەمان ئەو وەزیفەیەم نامێنێ، بەڵام بوونم لە مزگەوت وەزیفە نییە، لەبەر ئەوەی من فەرمانبەری ئەوقاف نیم، بۆیە ئەوە کار لە مزگەوت ناکات، بەڵام ناتوانم لە زانکۆ بمێنمەوە، بەڵام ئەگەر وەکو وانەبێژ توانیم بمێنەوە، ئەوا دەمێنەوە.

**رووداو: ئەگەر ناچاریان کردی لەنێوان پەرلەمان و مزگەوت یەکیان هەڵبژێرە، کامیان هەڵدەبژێری؟**

**د.بەشیر:** بەدڵنیاییەوە مزگەوت هەڵدەبژێرم.

**رووداو: جیاواز لە کاندیدەکانی دیکە کەمتر دەبینرێی بانگەشە بۆ لیستەکەت بکەی؟**

**د.بەشیر:** هەر سروشتی خۆم وایە رەنگە زۆرم پێخۆش نەبێ بانگەشە بۆ خۆم بکەم. زۆر حەزم لە خۆ دەرخستن نییە، لیستەکەشم لە زۆر لایەنەوە بانگەشەی بۆ دەکرێ، لەوانەیە پێویستی بە بانگەشەی من نەبێت.

**رووداو: بەڵام رەنگە تۆ کاریگەرییەکی زۆرت هەبێ بۆ لیستەکەت ئەگەر بانگەشەی بۆ بکەی؟**

**د.بەشیر:** خەڵک هەموو لیستەکان دەناسێت و دەزانن کێ هەڵدەبژێرن.

**رووداو: لەو رۆژانە کاندیدێکی ژن خۆی پۆستەرەکانی لیستەکەی هەڵدەواسی، تۆ وەک د.بەشیر ئامادەی بێیتە سەر شەقام پۆستەر هەڵبواسی؟**

**د.بەشیر:** نەخێر، لەوانەیە ئەوە بە من نەکرێ.

**رووداو: بوونی تۆ تا چەند کاریگەری هەیە بۆ راکێشانی دەنگی هەولێری و تورکمانان؟**

**د.بەشیر:** من خۆم نازانم، ئەمە لە کۆتاییدا بەدەر دەکەوێت.

**رووداو: مووچەی پەرلەمانتارانی کوردستان 7 ملیۆن دینارە، بەڕای بەڕێزت ئەو زۆر نییە بە بەراورد بە مووچەی فەرمانبەرانی ئاسایی ؟**

**د.بەشیر:** ئەوە لە ئێوە بزانم مووچەی پەرلەمانتار ئەوەندەیە، پێم خۆشنەبوو بپرسم چەندە نەک بڵێن مامۆستا هەر لە ئێستاوە خەمی مووچەکەیەتی. بەدڵنیاییەوە فەرقەکە زۆرە، ئێمە مووچەمان هەیە 150 هەزار دینارە، من پێمخۆشە ئەو جیاوازییە کەمبکرێتەوە.

**رووداو: ئەگەر بچیە پەرلەمان پێشنیازی کەمکردنەوەی مووچەی پەرلەمانتاران دەکەی؟**

**د.بەشیر:** ئەگەر پرۆژەیەک هەبوو بۆ کەمکردنەوە پشتگیری دەکەم و دەستی بۆ بەرز دەکەمەوە.

**رووداو: ئەمینداری یەکگرتووی ئیسلامی دەڵێت یانەی شەوانەو مەی خواردنەوە لەماڵەکاندا ئاساییە، تۆ لەو بارەیەوە چ دەڵێی؟**



### لە پەرلەمان دەنگ بۆ کردنەوەی دیسکۆ و یانەی شەوانە نادەم

**د.بەشیر:** خەڵک ناتوانێ ماڵەکان قەدەخە بکات، بەڵام حکومەت یانە بکاتەوە ئەوە شتێکە نائاساییە و دژی نەگۆڕەکان (پوابت)ی ئیسلامە، بۆیە ئەگەر دەنگ درا دەنگی خۆم بە نەخێر دەدەم بۆ ئەو شتە.

**رووداو: کاندیدی یەکێک لە لیستەکان دەڵێت ئەگەر گەیشتمە پەرلەمان پێشنیازی کردنەوەی دیسکۆ دەکەم. تۆ دژی دەوەستییەوە؟**

**د.بەشیر:** گفتوگۆی لەگەڵ دەکەم زیانەکانی دیسکۆی بۆ باس دەکەم، داوای لێدەکەم قازانجەکانیشم بۆ بڵێ، کە قازانج و زیانەکان دەرکەوتن با ئەو خەڵکە لەوێ حاکم بێ، با دەنگ بدەن بە عەقڵ. ئەگەر قسەی ئەو خواردی و کرایەوە، ئەوە من دەنگی بۆ نادەم.

**رووداو: ئەگەر بچییە پەرلەمان داوای چ دەکەی؟**

**د. بەشیر:** بەشێوەیەکی گشتی داوای پاراستنی دین و ژینی ئەو خەڵکە دەکەم، باشکردنی مووچەی فەرمانبەران، چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون، چارەسەرکردنی کێشەی گەنجان و دۆزینەوەی کار بۆیان، دابینکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی، چەسپاندنی یاسا بەسەر هەموو کەسێک بەبێ جیاوازی، جیاکردنەوەی دەسەڵاتی حیزب و حکومەت.

**رووداو: ئەگەر چوویە پەرلەمان حەزدەکەی لە کام لیژنە کار بکەی؟**

**د.بەشیر:** ئەگەر بە حەزی خۆم بێ، لە لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا کار دەکەم لەبەر ئەوەی ئەو بوارە پێویستی بە گۆڕانکاری زیاترە.

**رووداو: هەستدەکەی لیستەکەتان لە هەولێر بێ رکابەر بێ؟**

**د.بەشیر:** نەخێر، یەکێک لە دیاردە دڵخۆشکەرەکان ئەودیاردەیە کە لە کوردستان هەیە، بەڵام رکابەرییەکی مەدەنیانە، چونکە بەبێ رکابەری ئەسڵەن هەڵبژاردن ناکرێ، بە دڵنیاییەوە بمانەوێت و نەمانەوێت ئەمڕۆ چەندین لیست هەن، هەمووشیان لە کێبرکێ و رکابەریدان. ئەگەر بەشێوەیەکی ئاشتییانەو مەدەنیانە بێت زۆر ئاساییە، بەڵام بەداخەوە هەندێک جار شێوازی نارێک و خروقات لێرە و لەوێ دەبینین ئەوەش ئومێدمان وایە نەمێنێ.

**رووداو: هەستناکەی ئەمجارە لە لیستەکاندا مامۆستا و مەلای ئاینی کەمتر پاڵێوراون؟**

**د.بەشیر:** منیش هەستم بەوە کردووە، ئومێدم وابوو زیاتر بن. ئەوەش رەنگە تەجروبەی پێشوو وایکردبێ ئەو چینە کەمبکەنەوە، بەڵام بەلای منەوە ئەو چینە چینێکی کاریگەرە، چونکە دەنگیان کاریگەری لەسەر خەڵک هەیە، بۆیە پێویست بوو ژمارەیەکی زیاتر لە پەرلەمان بوونایە.

**رووداو: گۆڕان بووەتە دروشمێکی جیهانی و لە کوردستانیش هەروەها، تۆ دەتەوێ لە بواری زانکۆو ئایندا چ گۆڕانکارییەک بکەی؟**

**د.بەشیر:** لە دیندا گۆڕانکاری ناکرێ، بەڵام گۆڕان لە تێگەیشتنی دەقەکان دەکرێ، لە جێبەجێکردنی ئیشەکان دەکرێ، من پێموایە ئەگەر گۆڕانکاری بکرێ، گۆڕانکاری بۆ ئەوە بکرێ هەیئەتێکی باش بۆ فتوا لە کوردستان دابنرێ، چونکە بەراستی خەڵک بۆ فتوا سەری لێشێواوە، پەیامی مزگەوت کاراتر و چالاکتر بکرێت، گرنگی زیاتر بدرێت بە پاراستنی رەوشت و بەها بەرزەکان، لە زانکۆشدا کار زیاتر بکرێت بۆ گەڕانەوە بۆ لای زانست و توێژینەوەی زانستی و بەهێزکردنی پەیوەندی زانکۆ بە کۆمەڵگاوە، چونکە بەلای من ئێستا زانکۆ لەو بوارانەدا لاوازە و، خەریکە دەبێتە شوێنی خۆ نمایشکردنی کچان و رابواردنی گەنجان، زانکۆ پێویستە پەیوەندی بەکۆمەڵگەوە هەبێ و خزمەتی کۆمەڵگە بکات، هەروەها بەرزکردنەوەی ئاستی مامۆستایانی زانکۆ و باشترکردنی بژێوی ژیانیان، ئەوانە هەموویان پێویستیان بە گۆڕانکارییە.

**رووداو: چ رەخنەیەکت هەیە لە پەیامی حیزبە ئیسلامییەکان کە ئاین بەکاردەهێنن وەک پەیامێکی هەڵبژاردن؟**

**د.بەشیر:** ئاین بۆ خۆی پەیامێکی مرۆڤایەتییە، ئەگەر ئاین بکەینە هۆکارێک بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی و سەقامگیرکردنی ئاشتی شتێکی باشە. بەڵام ئایین بێتە هۆی دووبەرەکی و ئاژاوە نانەوە ئەوە ئاینیش قبوڵی ناکات.

**رووداو: ئەگەر لیستی کوردستانی دەرنەچێ هیچ مەترسییەک بۆ سەر کەلتوری کوردی و ئاین لە کوردستان هەیە؟**

**د.بەشیر:** رەنگە ململانێی سیاسی و کەشوهەوایەکی نالەبار دروست ببێ، کە مەترسی لەسەر ئەزموونەکەمان هەبێت.

**رووداو: تۆ لە حیزبە ئیسلامییەکان نزیک بووی، چۆن بوو خۆت لەسەر لیستی ئەوان هەڵنەبژارد؟**

**د.بەشیر:** مامۆستا بەشیر لە هەموو کارێکی باش و چاک نزیک بووە، مامۆستا بەشیر کە لە حیزبە ئیسلامییەکان نزیکبووە مانای ئەوە نییە لە خەڵکی باش و دڵسۆز دوور بووە، هەر کەسێکی باش لە هەر جێگەیەک بێ، ئەوە شوێنی پەیامی من بووەو لێیەوە نزیک بووم.

**رووداو: تۆ دەبیە ئەندام لە فراکسیۆنی زەرد، دیارە لەو فراکسیۆنە کۆبوونەوەش دەکەی ئایا د.بەشیر دەبێتە پارتی؟**

**د.بەشیر:** رابردووی من وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە، تا ئێستا هێناومە، من کە نەبمە حیزبێکی ئیسلامی نابمە حیزبێکی غەیری ئیسلامیش، من بڕوام وایە مامۆستای ئاینی پێویستە لە دەرەوەی هەموو حیزبەکان بێ، بۆیە من پارتی نیم و ناشبم بە هیچ حیزبێک.

**رووداو: ئەگەر مەکتەبی سیاسی بڕیارێک بەسەر فراکسیۆنەکە بسەپێنێ لەگەڵ بیرکردنەوەی تۆدا نەگونجێ، دژی دەبی؟**

**د.بەشیر:** بە دڵنیاییەوە دەستی بۆ بەرز ناکەمەوە.

**رووداو: پێشبینیت چییە بۆ دەنگهێنانی لیستەکان؟**

**د.بەشیر:** نامەوێ پێش رووداوەکان بکەوم، هەر لیستێک بە پێی قەوارەی خۆی و پێگە جەماوەرییەکەی دەنگ بەدەستدێنێ.

**پشتگیری پرۆژەی کەمکردنەوەی مووچەی پەرلەمانتاران دەکەم**

**یەکێک لە کارەکانم لە پەرلەمان کارکردنە بۆ گەڕاندندنەوەی زانکۆ بۆ لای زانست کە خەریکە دەبێتە شوێنی خۆنمایشکردنی کچان و رابواردنی گەنجان**

---

## بەرپرسێکی یەکگرتوو: ئەوەی پۆستەری کەمال میراودەلی دابەشدەکرد لەنێو ئاهەنگەکە دوورمان خستەوە

# پۆستەری میراودەلی لە ئاهەنگی لیستی 4 حیزبەکەدا دابەشدەکرێ

**زیاد ئیسماعیل**
**رووداو- هەولێر**

لەئاهەنگی لیستی چاکسازی و خزمەتگوزاری لە شاری هەولێر پۆستەری کەمال میراودەلی دابەشکرا، بەڵام بەرپرسی مەڵبەندی یەکگرتوو لە هەولێر دەڵێ "ئەوانەی ئەو پۆستەرەیان دابەشدەکرد پەیوەندییان بە ئێمەوە نییە و هیچ پەیوەندییەکیشمان بە کەمال میراودەلییەوە نییە".

رۆژی 2009/7/14 لیستی چاکسازی و خزمەتگوزاری (لیستی چوار حیزبەکە) ئاهەنگێکی جەماوەریان بۆ پشتگیری لیستەکەیان لە گۆڕەپانی هەولێری نوێ لەسەر رێگەی کۆیە سازکرد، هەر لەو ئاهەنگەدا چەند کەسێک پۆستەری کەمال میراودەلی، پاڵێوراوی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیان دابەشکرد، بەڵام لیستی چاکسازی و خزمەتگوزاری رەتیدەکەنەوە کە ئەوان پشتیگری یەک لە پێنج پاڵێوراوەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکەن و هەورروەها دەڵێن ئەو پۆستەر دابەشکردنەی میراودەلی پەیوەندی بەوانەوە نییە.

فەرهاد مەلا ساڵح، بەرپرسی مەڵبەندی هەولێری یەکگرتوی ئیسلامی و یەکێک لە سەرپەرشتیارانی ئاهەنگەکە بە (رووداو)ی راگەیاند "ئێمە هیچ پەیوەندییمان بە کەمال میراودەلییەوە نییە، ئەوەی پۆستەری ئەویشی لە ئاهەنگەکەدا دابەشکردبێ کارێکی نایاسایی کردووە، چونکە ئاهەنگەکە هی لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی بوو نەک لایەنێکی دیکە". ناوبراو گوتیشی "هەر کە بیستمان کەسێک لەنێو خەڵک پۆستەر دابەشدەکات دوورمان خستەوە".

سەبارەت بە دەنگدانی لایەنگرانی لیستی چوار حیزبەکە بە یەکێک لە پاڵێوراوانی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، فەرهاد مەلا ساڵح گوتی "ئێمە خەڵکمان تەواو سەربەست کردووە کە دەنگ بە هەر کام لە کاندیدەکانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەدات". گوتیشی "هیچ رێککەوتنێک لەنێوان لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی و کەمال میراودەلیدا نییە کە دەنگی پێ بدەن".




---

# کلدانی سریانی ئاشوری دێ دەنگی دەنە مەسعود بارزانی



**نەجمەددین نێروەیی**
**رووداو- زاخۆ**

د بەیاننامەیەکێدا سەرۆکاتیا جڤاتا مللییا کلدانی سریانی ئاشوری، داخازێ ژ گەلێ خۆ دکە دەنگی بدەنە مەسعود بارزانی، بۆ سەرۆکاتیا هەرێما کوردستانێ.

ئەمیر گوگە، ئێک ژ کاندیدێت لیستا کلدان و سریان و ئاشووری، د داخویانیەکێدا بۆ (رووداو) ئەڤ چەندە پشتڕاستکر و گۆت " مە وەک سەرۆکاتیا جڤاتا مللی یا کلدانی سریانی ئاشوری داخاز ژ هەموو گەلێ خۆ کرییە کۆ بۆ پەرلەمانێ کوردستانێ دەنگی بدەنە لیستا مە، بۆ سەرۆکاتیا هەرێما کوردستانێ دەنگی بدەنە مەسعود بارزانی، چونکو مە ئەو هەژی سەرۆکاتیێ دیتییە و پشتەڤان بوویە بۆ بدەستڤە ئینانا مافێن مە و جوداهی دناڤبەرا ئۆل و نەتەواندا نەکریە".

سەرۆکاتیا جڤاتا مللی کلدانی سریانی ئاشوری، د بەشەکی بەیاننامێ خۆدا دبێژن" ئەم داخازێ ژ گەلێ خۆ دکەین کۆ دەنگێ خۆ بدەنە بەرێز مەسعود بارزانی ژ بۆ سەرۆکاتیا هەرێما کوردستانێ ژ بەر کۆ ئەم دبینین ئەڤ کەسە هەژی ڤی پوستی یە چونکۆ هەمی ژیانا خۆ ژ پێخەمەت هەموو گەلێ کوردستانێ ب هەمووو ئاین و ئۆلان ڤە و بێ جوداهی تەرخانکریە".

## کوردستانی



4کۆڵبەری ڕۆژهەڵاتی
کوردستان دەکوژرێن

**ڕووداو- کوردستان میدیا**
لە ئاکامی دەستدرێژی هێزەکانی ئێران لە سەر سنووری باشماخ -مەریوان،4 کۆڵبەری کورد کوژران. دوو کەس لەو کۆڵبەرانە بە ناوەکانی (حوسێن و سامان) یەکسەر گیانیان لەدەستدا و کۆڵبەرێکی دیکەش بە ناوی (کاوە) بە هۆی سەختی برینەکانی لە نەخۆشخانەی مەریوان گیانی لە دەستدا. هەروەها بە پێی هەواڵی کۆمەڵەی چالاکڤانانی مافەکانی مروڤ لە ئێران، هێزەکانی ئێران لە شاری نۆدشە، کۆڵبەرێکی دیکەشیان کوشت.

# زیاتر لە 300 منداڵی کورد زیندانین

## نەتەوە یەکگرتووەکان داوای ڕوونکردنەوە لە تورکیا دەکات



چالاکییەکی منداڵان لە پێناو ئازادکردنی 300 منداڵ (فۆتۆ:DIHA)

**ڕووداو-ئیستەنبول**
نەتەوەیەکگرتووەکان داوای ڕوونکردنەوەی خێرا لەتورکیا دەکات لە بارەی زیاتر لە 300 زارۆکی کورد کە تەمەنیان لە نێوان 12 و 18 ساڵدایە و لە بارودۆخێکی نالەباردا لەگەڵ تاوانکاری مەزندا خراونەتە زیندانەوە.

زارۆکەکان بە هۆی گوتنەوەی "هوتافی نایاسایی"یەوە یان بەردهاویشتنە پۆلیس حوکمدراون. سزای هەندێکیان کە وەک "تێرۆریست" حوکمدراون دەگاتە نزیکەی بیست ساڵ زیندان. تورکیا کە ئەندامێکی پاڵێوراوە بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەورووپا، بەو کارەی ژمارەیەکی زۆر پەیماننامەی نێونەتەوەیی پێشێلکردوون کە خۆیشی ئیمزای کردوون.

حکومەتی تورکیا لیستێکی درێژی پڕ پرسیاری لە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە دەست گەیشتووە، کە دەبێ دەوڵەتی تورکیا ڕوونیبکاتەوە ڕەوشی ئەو زارۆکانەی خراونەتە زیندانەوە چۆنە و چەندن. هەروەها تورکیا دەبێ ئەوەش ڕوونبکاتەوە کە پێناسەی تێرۆریست چییە کە بە هۆیەوە ئەو زارۆکانە سزادراون. وەزارەتی دادی تورکیا مۆڵەتی سێ هەفتەی دراوەتێ تاوەکو وەڵامی ئەو نامەیە بداتەوە کە نەتەوە یەکگرتووەکان بە نیگەرانییەوە بۆی ناردووە.

کۆمەڵەی مافی مرۆڤ IHD کە کۆمەڵەیەکی کوردی مافی مرۆڤە و بنکەی لە شاری ئەنقەرەیە و لقی لە شارەکانی تورکیا و باکووری کوردستان هەیە، دەڵێت لە ساڵی 2006 ەوە 1600 زارۆک بە هۆی بەزاندنی یاسای دژەتێرۆر دادگایی کراون. لەو ساڵەدا ئەو یاسایە زۆر توندتر کرا. بە هۆی ئەو یاسایەوە زارۆکی تەمەن 16 تا 18 ساڵان چیتر لە دادگای مەدەنیی مێردمنداڵان دادگایی ناکرێن. بەڵکو پێویستە ببرێنە دادگای تاوانکارە مەزنەکان و وەکو مرۆڤی گەورە لە بەردەم دادگادا ئامادە بن. هەر بە پێی ئەو گۆڕانکارییانە لە یاسادا چیتر دادوەرەکان بۆیان نییە سزای ئەو منداڵانە لە زیندانیکردنەوە بگۆڕن بۆ کارپێکردن یان ئازادکردنی مەرجدار.

یاساکانی تورکیا پێناسەیەکی زۆر فراوانیان بۆ وشە و چەمکی تێرۆر هەیە. ئەو زارۆکانەی بەرد دەگرنە پۆلیسان یان هوتافی پشتیوانی لە پارتی کرێکارانی کوردستان PKK دەڵێنەوە وەکو ئەندامانی ئەو پارتە قەدەخەکراوە دادگایی دەکرێن. هەروەها شاردنەوەی دەموچاویش بە پەڕۆ لەکاتی خۆپیشاندانەکاندا وا پێناسە دەکرێت کە "پڕوپاگەندەیە بۆ ڕێکخراوێکی تێرۆریستی".

ڕێکخراوە مەدەنییەکان و کەسوکاری ئەو گیراوانە هەڵمەتێکیان دژی حوکمدانی ئەو زارۆکانە دەستپێکردووە، ئەوان بە چالاکی پرۆتستۆیی بەردەوام ئەو حوکمانەی دادگاکانی دەوڵەتی تورکیا و سیاسەتی سزادانی منداڵان بە پێی یاسای دانراو بۆ کەسانی چەکدار و سیاسی شەرمەزار دەکەن.

سەڤاهیر بایندەر کە ئەندامی پەرلەمانە لەسەر لیستی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیDTP سزادانی ئەو منداڵانە وەکو سیاسەتێکی حکومەت دەبینێت بۆ ئەوەی خێزانەکانی کورد بترسێنێ و هەڕەشەیان لێبکات و سزایان بدات.

سەرەتای ئەمساڵ بایندر پرۆژەی یاسایەکی پێشکێشی پەرلەمانی تورکیا کرد بۆ ئەوەی یاسای دژە تێرۆر بە شێوەیەک دابڕێژرێتەوە کە منداڵان لێی پارێزراو بن، بەڵام پرۆژەکە لە لایەن پارتەکانی دیکەوە هیچ پشتیوانییەکی لێنەکرا.


ژمارەیەک منداڵی زیندانیکراوی باکووری کوردستان (فۆتۆ:DIHA)

## بەگوێرەی پلانێکی سێ قۆڵی

# ڕێبەرانی PKK بۆ نەرویج و گەریلاکانیش دەگوازرێنەوە کامپی مەخموور

**ڕووداو- هەولێر**
بەگوێرەی پلانێکی سێ قۆڵیی نێوان تورکیاو ئەمریکاو عێراق بۆ چەکدانانی گەریلاکانی PKK، سەرکردەکانی ئەو حیزبە بۆ ئەورووپاو بەتایبەتیش بۆ نەرویج دەگوازرێنەوە، هەرچی گەریلاکانی PKKیشن، لەکامپی مەخموور نیشتەجێ دەکرێن.

ڕۆژنامەکانی تورکیا لەزاری بایرام بۆزلی سەرۆکی گشتی HAKPAR، دوای گەڕانەوەی لە سەردانێکی بۆ باشووری کوردستان، بڵاویانکردەوە کە ئەو پلانە بەچەند هەنگاوێک جێبەجێدەکرێ. لەقۆناخی یەکەمدا کامپی مەخموور لەپەنابەرانی باکوور چۆڵ دەکرێ و ئەو 10 هەزار کەسەی ساڵانێکە تێیدا نیشتەجێن، دەگەڕێندرێنەوە تورکیا. پاشان کادیر و ئەندامانی PKK چیای قەندیل جێدەهێڵن و لە مەخموور نیشتەجێ دەکرێن و چەکەکانیان لێوەردەگیرێتەوە. ڕێبەرانی PKKیش پاسەپۆرتیان دەدرێتێ و لەهەندێ وڵاتی ئەورووپی و بەتایبەتیش لە نەرویج نیشتەجێ دەکرێن.

وەک ڕۆژنامەکانی تورکیا دەڵێن، بایرام بۆزلی، لە دوایین سەردانیدا بۆ هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەرپرسانی باڵای پارتی و یەکێتی لەوبارەوە گفتوگۆی کردووە. پاش گەڕانەوەشی بۆ تورکیا نێوەڕۆکی پلانەکەی بۆ میدیای تورکی ئاشکرا کردو ڕایگەیاند کە پاسپۆرتی تایبەت بۆ ڕێبەرانی PKK ئامادەکراوەو ڕەوانەی نەرویج دەکرێن. بۆزلی هەروەها ڕایگەیاند کە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان لە PKK بێزارن، چونکە بوونەتە مایەی ناسەقامگیری و داوا دەکەن پەلە لە جێبەجێکردنی ئەو پلانە بکرێ.

لەهەمانکاتدا گوتیشی کە دەوڵەتی تورکیا دانوستانی نهێنی لەگەڵ PKK دەستپێکردووە.بۆزلی پێیوایە "بۆئەوەی پرۆسەی پێدانی پاسپۆرت و چوونە دەرەوە ئاسان بێت، پێویستە دەوڵەت پەلە لە ئامادەکردنی پرۆژەی چارەسەری بکات".

بەگوێرەی سەرچاوە تورکییەکان، وەزیری دادی تورکیا بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی گواستنەوەی ڕێبەرانی PKK، لە 16ی حوزەیرانی ڕابردوو سەردانی نەرویجی کردووە.

ئەم جموجوڵە لەکاتێکدایە کە پەنابەرانی کامپی مەخموور ئەو پلانە بە پیلانی لەنێوبردنی کورد ناودەبەن و دەڵێن ئەوان بۆ چۆڵکردنی کامپەکەو گەڕانەوە بۆ تورکیا چەند مەرجێکی سیاسییان هەیە، لەوانەش چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەی کورد لەتورکیاو هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی جاشایەتی و هەڵگرتنی قەدەخەکانی سەر زمان و کەلتووری کوردی و چەسپاندنی ئەوانە لەدەستووردا.

ئەو هەواڵانە لەکاتێکدان کە تورکیا و کۆمەڵگەی کوردیش لە چاوەڕوانی نەخشە ڕێگەی عەبدوڵڵا ئۆجەلاندان کە بڕیارە لە ڕۆژی ئاشتی جیهان (9/1)دا بڵاوی بکاتەوە.

پەنابەرانی ئەو کامپە بەیاننامەیەکیان لە دژی لێدوانەکانی بایرام بۆزلی بڵاوکردەوەو لەبەشێکیدا ئەو پلانە بە "هەوڵێک بۆ لەناوبردنی کورد بەدەستی کورد" ناودەبەن.

ئەنجوومەنی دیموکراتی گەل لەمەخموور کە بەیاننامەکەی دەرکردووە، لەبەشێکیدا داوا لە گەلی کورد دەکات "لەدەوری بەرژەوەندی نەتەوەیی کۆببنەوە". دەشڵێت "ساڵانێکە هەوڵدەدەن کورد بەدەستی کورد لەناو ببەن، بۆ هەموو کورد لەهەر چوار پارچەی کوردستان و دەرەوەی وڵات بانگەوازیمان ئەوەیە کە پێویستە هەموو کورد بەبێ لەبەرچاوگرتنی بیروبۆچوونی سیاسی، لەدەوری بەرژەوەندی نەتەوەیی هاوبەش کۆببنەوەو نەکەونە ناو ئەو پیلانانە".



# ئۆردووگانشینی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی ورد کرد



**سابیر قادری**
**ڕووداو-هەولێر**

کەریم محەممەدی، چیتر بەرگەی زۆردارییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانی نەگرت، بۆیە پەیوەندی بە یەکێک لە حیزبە چەکدارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە کرد، بەو ئومێدەی خەبات بۆ ڕزگاری خاکەکەی بکات، بەڵام ئەو زۆر دڵگران بوو کاتێک حیزبەکەی بڕیاریدا واز لە خەباتی چەکداری بێنێ و ببێتە حیزبێکی ئۆردوگانشین.

کەریم کە ئەندامی یەکێک لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، لەگەڵ چەندین کوردی دیکە لە باشووری کوردستان لە یەکێک لە ئۆردووگاکان دانیشتووەو، تەنانەت وازی لە کاری حیزبی و سیاسیش هێناوە.

ژیانی ئۆردوگانشینی لە خەباتی سیاسی و چەکداری گەلی کورد دا پێگەی خۆی هەیە و بە درێژایی مێژووی خەباتی گەلی کورد، ئەم حاڵەتە لە شێوازی جۆراوجۆردا، کەم و زۆر ڕووبەڕووی هێزە سیاسیەکان بووەتەوە. بۆ نموونە دوای تێکچوونی شۆڕشی ئەیلول کوردانی باشووری کوردستان پەنایان بردە بەر ئێران و لەوێ لە ئۆردوگاکان نیشتەجێکران، دوای ڕووخانی ڕژێمی شا ئەو خەڵکانە لە شارە دوورەکان هێنرانەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ئۆردووگاکانی ئەوێدا نیشتەجێکران کە دیارترینیان ئۆرودووگای زێوە بوو.

دوای دەرکردنی فەرمانی جیهاد دژی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن ڕابەری شۆڕشی ئیسلامی ئێران ئایەتوڵڵا خومەینی لەساڵی 1979، شەڕێکی خوێناوی هەموو شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتەوە. هێرشی بەربڵاوی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران وایکرد سەرکردایەتی حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات بڕیاری پاشەکشە بدەن و لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان باشوور و ڕۆژهەڵات و لەبناری قەندیل، بگیرسێنەوە، ئەوەش یەکەم قۆناخی ژیانی ئۆردووگانشینی کوردی ڕۆژهەڵات بوو.

قۆناخی دووەمی پەرەسەندنی ئۆردوگانشینبوونی هێزەکانی ڕۆژهەڵات، دوای کۆتایی هاتنی شەڕی نێوان عێراق و ئێران لە ساڵی 1989 دەستیپێکرد. کە زۆربەی هێزە کوردییەکان ناچارکران لە قوڵایی هەرێمی کوردستان نیشتەجێببن. دوای ڕاپەڕینی گەلی کوردستان لە ساڵی 1991 قۆناخێکی دیکە لە خەباتی ئۆردووگانشینی ئەو حیزبانە سەریهەڵدا، کە تا ئێستاش بەردەوامە، ئێستا ئەو حیزبانە چەندین ئۆردووگایان هەیە لەوانەش: زڕگوێز، زڕگوێزەڵە، جێژنیکان، زەوی سپی، ئازادی، دێگەڵە، باریکە، قووشتەپە، شێرەوەن.

کەریم محەممەدی پێیوایە مۆدیلی کلاسیکی خەبات و بەرەنگاربوونەوە هۆکارێکی سەرەکی نیشتەجێبوونی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە لە ئۆردووگاکان. ناوبراو لەو باوەڕەدایە ژیانی ئۆردووگانشینی بەدەر نییە لە دەرەنجامی نەرێنی بۆ سەر ئەو حیزبانە "ئەوانە کە دەستیان داوەتە خەبات خاوەن پلان و میتۆدێکی دیاریکراو نەبوون، بۆیە ئاساییە کاتێک دەبنە ئۆردووگانشین دووچاری وردبوونی کەسایەتی و حیزبی ببنەوە".

ژیانی ئۆردوگانشینی لە زۆر لایەنەوە ئەو حیزبانەی دووچاری قەیران کردووە. زاهید حەنبەلی کە ئەندامی حیزبێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، سەبارەت بە شوێنەوارە خراپەکانی ئەو جۆرە ژیانە دەڵێ "ژیانی ئۆردووگانشینی، نێوەڕۆکی کەسایەتی شۆڕشگێر تووشی جۆرێک لە دژایەتی دەکات، کاتێک دەبینێ ڕووبەڕووی کۆمەڵێک بایەخی نا شۆڕشگێڕانە دەبێتەوە".

ئەو ڕۆژهەڵاتییە زیاتر لەسەر کاریگەرییە خراپەکانی ژیانی ئۆردووگانشینی هەڵوەستە دەکات و دەڵێت "پارتەکان لە ئۆردووگا سەربەخۆییان لەدەستدەدەن و دووچاری ئنشیقاقی یەک لەدوای یەک دەبن، جگە لەوەش ئاوێتە بوون لەگەڵ ژیانی شار و سەرهەڵدانی هەندێک دیاردەی پەیوەندیداری وەک، گەندەڵی دارایی، ئیداری و ئەخلاقی، هەڵوەرین و ڕوو وەرگەڕاندنەوەی ئەندامان لە حیزب".

حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات بەردەوام ئەوە دووپات دەکەنەوە کە دیاردەی ئۆردووگانشینی بە زۆری بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی کورد و هەروەها پاراستنی ئەو دەسکەوتانەیە کە لە باشووری کوردستان هاتوونەتە دی.

ڕامبوود لوتفپووری چالاکڤانی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە ئەویش ئۆردووگانشینە دەڵێت "هاتنە ئارای حکومەتی هەرێمی باشووری کوردستان هەندێک ئیلتزاماتی بۆ پارتەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان دروستکرد، بەڵام درێژەکێشانی ئەو ئیلتیزاماتانە ئیرادەی بەرخودانی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لاواز کرد". ئەو گوتیشی "ئەو ئۆردووگانشینییە نەک لە قازانجی ئەو حیزبانەدا نییە، بەڵکو لە قازانجی باشووریش نییە، چونکە هەر کاتێک بزاڤی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان بەهێزتر بێت، باشووری کوردستان ئەوکات سەقامگیرتر دەبێ".

بەڵام عارف نادری ڕۆژنامەڤان و چالاکڤانی سیاسی دیاردەی ئۆردووگانشینی بەخراپ نابینێ و دەڵێت "شۆڕشی زانیاری و ڕاگەیاندن و گەشەی تەکنولۆژیا وایکردووە هەموو تاکێکی کورد بەشدار بێت لە ڕەوتی خەبات و تیکۆشان، ئەوە هەڵوێستێکی ژیرانەیە، کە لە خزمەت پاراستنی دەسکەوت و بەها و بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەکەمان دایە".

بەرپرسانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پاساوی خۆیان هەیە بۆ ژیانی ئۆردووگانشینی، کە بەبڕوای ئەوان ئەو پاساوە بە پلەی یەکەم پاراستنی دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستانە.

نەویدی مێهرئاوەر، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، لەو بارەیەوە دەڵێت "دروستبوونی نیمچە حکومەتێکی کوردی لەباشوور و ئاسەوارەماڵوێرانکەرەکانی شەڕی براکوژی و تەسلیمبوونی حیزبەکان لەبەرامبەر سیاسەت و دیپلۆماسی دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان، هەموو یارمەتیدەری دروستبوونی ژیانی ئۆردووگانشینی بوون".

زۆرجار دەگوترێ، ئۆردووگانشینی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئەنجامی فشاری کۆماری ئیسلامی ئێران بووە لەسەر کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان، بەمەش سەرکردایەتی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بە جۆرێکی خۆبەخشانە ملکەچی ئەو دۆخە بوون.

عەبدوڵڵای حەسەن زادە، سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کە دەگوترێ ئەو یەکەمجار ڕێککەوتنی ئۆردووگانشینی واژۆ کرد، لە لێدوانێکدا لەوبارەوە بۆ (ڕووداو) دەڵێ " لە بنەڕەتدا، هیچ ڕێککەوتنێک لەگەڵ کۆماری ئیسلامی نەکراوە، بەڵام ئەگەر ڕێککەوتنێک لەنێوان ئێمە و حیزبەکانی باشووردا کرابێ، ئەوە ئێمە نەبووینە کە ئەو ڕێککەوتنەمان واژۆ کردووە، بەڵکو لەلایەن کەسانی دیکەوە واژۆ کراوە". حەسەنزادە لەسەر ئەوە پێداگر بوو کە لە قۆناخی سکرتێری ئەودا هیچ بڕیارێک بەبێ ڕەزامەندی زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی یا زۆرینەی دەفتەری سیاسی واژۆ نەکراوە، ناوبراو گوتی "ئەو ڕێککەوتنە لەگەڵ لایەنەکانی باشووری کوردستان، بۆ پاراستنی دۆخی باشووری کوردستان بووە". حەسەن زادە بۆچوونی لەسەر ژیانی ئۆردووگانشینی ئەوەیە کە "پێویستییەکە هەلومەرجی خەبات بەسەر هێزە سیاسییەکانیدا سەپاندووە و شتێکی دڵخواز نییە".

دوا هەفتەی بانگەشەی هەڵبژاردنمان بۆ هەولێر تەرخانکردووە



**محەممەد تۆفیق ڕەحیم، ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان بووە، لە بەریتانیا خوێندوویەتی و ئینگلیزییەکی باش دەزانێ، ئەو کە زاوای نەوشیروان مستەفایە، ساڵی 2005 واتە ساڵێک پێش دەست لەکارکێشانەوەی نەوشیروان مستەفا دەستی لەکارکێشایەوە. ئێستا ئەو وەک کەسی دووەم حساب دەکرێ دوای نەوشیروان مستەفا، لە کۆمپانیای وشە، لە لیستەکەشدا جێگری ئەوە.**

**لیستی گۆڕان ڕکابەری سەرەکی لیستی کوردستانییە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا، کە 25ی ئەم مانگە بەڕێوەدەچێت و محەممەد تۆفیق دەڵێ کە لیستەکەی " ئاستێکی باش پیشاندەدات" بەوەی نزیکەی 45 کورسی بەدەستدێنێت و ئامانجیان ڕیفۆرمکردنی هەرێمەکەیە.**

**هەڤپەیڤین: ڤلادیمێر ڤان ڤیڵخنبێرخ**
**ڕووداو- سلێمانی**



چاوەڕێ دەکەین نزیکەی 46 کورسی بێنین

## محەممەد تۆفیق ڕەحیم، لە لیستی گۆڕان:

# ئەگەر ساختەکاری بکرێ کاردانەوەی خەڵک لە ئێران تووندتر دەبێت

**ڤلادیمێر: لە هەڤپەیڤینێکدا مەزندەی ئەوەتکردبوو 45 کورسی لە پەرلەمان مسۆگەر دێنن، ئێستا پاش دەستپێکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردنتان پێشبینی چەند کورسی دەکەن؟**

**محەممەد تۆفیق:** ئێمە پێشبینی ئەوە دەکەین کە ئەنجامێکی زۆر باش وەدەستبێنین و نزیکەی 45 یان 46 کورسی مسۆگەر بکەین.

**ڤلادیمێر: بڕیارتانداوە لە حکومەت بەشدارین یان وەک ئۆپۆزسیۆن بمێننەوە؟**

**محەممەد تۆفیق:** ئەوە دەوەستێتە سەر نەخشەو پێکهاتەی پەرلەمان پاش هەڵبژاردنەکان و پاش ئەوەی زانرا لیستەکانی دیکە چەند کورسی دەبەنەوە. دوای ئەوە بڕیار لەسەر پلانی داهاتوومان دەدەین.

**ڤلادیمێر: یودیت نیورینک کە سەرۆکی سەنتەری میدیای سەربەخۆیە لە کوردستان، لەوتارێکیدا لە ڕۆژنامەیەکی هۆڵەندیدا نووسیویەتی کورد متمانەیان بە یەکتر نەماوەو ئەگەری ئەوە هەیە پێکدادان لە نێوانیاندا ڕوویدات، لەم ڕووەوەش بەراوردی نێوان هەڵبژاردنەکانی ئێران و ئەو هەڵبژاردنانەی هەرێمی کوردستانی کردووە. بەبڕوای تۆ ئەو بەراوردە ڕێی تێدەچێت؟**

## د.بەرهەم کەسێکی ڕاستگۆ نییە و چاوەڕوانی هیچی لێناکەین

**محەممەد تۆفیق:** من هەمیشە بە خەڵک و بەرپرسانی ئاسایش جا چ ئەمریکییەکان بن چ ئاسایشی ناوخۆ، پێم ڕاگەیاندوون کە ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکان شتێکی زۆر نارەوایە و لەم حاڵەتەدا کەس ناتوانێ پێشبینی کاردانەوەی جەماوەر بکات. بۆیە هیوادارم هەڵبژاردنەکان بەشێوەیەکی شەرعی بەڕێوەبچن و بڕواشم بەوەیە کە ئەم هەڵبژاردنانە تەقریبەن نەک بەتەواوەتی شەفافانە بەڕێوەدەچن لەبەر چەند هۆیەک. یەکەم: لەم هەڵبژاردنەدا ئێمە چاودێرمان دەبن کە کەسانێکی بێلایەنن. دووەم: زۆر لیستی ڕکابەر هەن و ئەم لیستانە چاودێریان لەسەر سندووقەکانی دەنگدان دەبن. سێیەم: دەسەڵاتداران واتە پارتی و یەکێتی نایانەوێ بە ساختەکاری لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکاندا یاری بەداهاتووی خۆیان بکەن. ئەمەش لەبەرئەوەیە کە ئەوان دەزانن کاردانەوەی جەماوەری کوردستان جیاواز دەبێت لە کاردانەوەی خەڵکی ئێران. ڕاستە لە ئێران لایەنگرانی موسەوی خۆپێشاندانیان سازکرد و کاردانەوەیان هەبوو، بەڵام ئەو وڵاتە ڕابەری مەزنی خۆی هەیەو بەفەتوا هەڵبژاردنەکانی بەڕەوا لە قەڵەمدا، لە هەرێمی کوردستان ئێمە ڕابەری مەزنمان نییە. مەبەستم ئەوەیە بارزانی و تاڵەبانی ناتوانن بۆ نموونە فەتوایەک دەربکەن و ڕایبگەیێنن هەڵبژاردنەکان پاک و شەرعیبوون و بەم شێوەیە ڕێگە لە کاردانەوەی خەڵک بگرن. کاردانەوەکان لێرە جیاواز دەبن و دەسەڵاتداران باش لەوە ئاگادارن. بۆیە پێشبینی ئەوە دەکەم دەسەڵاتداران هەڵبژاردنەکان دادوەرانە بەڕێوەببەن.

**ڤلادیمێر: ئەگەر لە هەڵبژاردنەکاندا بەپێچەوانەی چاوەڕوانییەکانی خۆتان 15 یان تەنانەت کەمتر لەوە 10 کورسیتان وەدەستهێناو هەستتانکرد غەدرتان لێکراوە، چ کاردانەوەیەکتان دەبێ؟**

**محەممەد تۆفیق:** ئەگەر هەڵبژاردنێکی ئازاد و پاک بێت بەلامانەوە گرنگ نییە چەند کورسی دەبەینەوە، بەڵام ئەگەر دەستکاری لەئەنجامی هەڵبژاردنەکاندا کرا ئێمە ئەوەمان پێ قبووڵ ناکرێ و لە دادگا سکاڵا تۆماردەکەین و جگە لەوەش بەبڕوای من جەماوەر بەشێوەیەکی زۆر جیاواز کاردانەوەی خۆیان دەردەبڕن.

**ڤلادیمێر: مەبەستت چ جۆرە کاردانەوەیەکە؟**

**محەممەد تۆفیق:** کاردانەوەیەکی تووڕە.

**ڤلادیمێر: وەک کەسێکی بیانی من ناتوانم شرۆڤەکانی ناوخۆیی وەک ئێوە بخوێنمەوە، بەڵام بەپێی چاودێریم بۆ ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت، یەکێک لە دروشمەکانی ئێوە بوونی شەفافیەتە، کەچی هەندێک کەس دەڵێن سەرچاوەی دارایی لیستی گۆڕان هەر خۆیان شەفافانە کار ناکەن، بۆ نموونە دیار نییە سەرچاوەی داهاتیان لە کوێوەیە؟**

**محەممەد تۆفیق:** ئێمە دژی گەندەڵی و واستەکاری و خزم خزمێنەین. ئەمە دروشمی سەرەکیی ئێمەیە. دەزانی، بەر لە هەموو شتێک کە باسی شەفافییەت دەکەین مەبەستمان سامانی گشتییە. ئێمە هیچ شتێکمان لەم سامانە بەرناکەوێت، ئێمە بودجەمان پێ نەدراوە. سەرچاوەی داهاتمان کەسانی بەخشەرن و لەبەر بارودۆخی ئێستا ئەم بەخشەرانە حەز ناکەن ناویان بهێنرێ، ئەگەر ناویان بدرکێنین، تووشی کێشە دەبن.

**ڤلادیمێر: یەکێک لە سەرکردەکانی لیستی گۆڕان کە چاوپێکەوتنمان لەگەڵی کرد سەرکردەکانی کوردستانی بە مافیا چوواند، ڕات چییە بەرامبەر بەم پێکچوواندنە؟**

**محەممەد تۆفیق:** ئەوە بۆچوونی خۆیەتی. بەلای منەوە سەرکردەکان گەندەڵن، مافیا نین. کەسانی گەندەڵ دەبێ ڕەوانەی زیندان بکرێن، واتە ئەو شوێنەی بۆیان دانراوە.

**ڤلادیمێر: لیستی گۆڕان بڕیاری داوە پشتگیری لە کام کاندیدی سەرۆکایەتی بکات؟**

**محەممەد تۆفیق:** ئێمە پاڵپشتی هیچ کام لە پاڵێوراوانی سەرۆکایەتی ناکەین و لە ڕاستیدا ئەو هەڵبژاردنە بایکۆت دەکەین، چونکە بڕوامان بە سیستەمی سەرۆکایەتی نییە. ئێمە بڕوامان بە سیستەمی پەرلەمانی هەیە. پەرلەمانی ئێستا ویستی پرۆژەی دەستوور تێپەڕێنێ، بەڵام لەو هەوڵەیدا سەرکەوتوو نەبوو. پەرلەمانی داهاتوو پرۆژەی دەستوور دادەڕێژێتەوە و لەو ڕەشنووسەدا هەوڵدەدەین سیستەمی حوکم لە کوردستان لە سەرۆکایەتییەوە بۆ پەرلەمانی بگۆڕین.

**ڤلادیمێر: زۆر جار بیستوومانە نەوشیروان مستەفا هەوڵەکانی لە دیتنی گەنجان چڕکردووەتەوەو خۆی سەردانی خەڵک ناکات، بەڵام د. بەرهەم ساڵح سەردانی هەموو شوێنێک و هەموو چین و توێژەکان دەکات. ئەم جیاوازییە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە، ئاخۆ نەوشیروان مستەفا بەنیازە خۆی سەردانی جەماوەر بکات؟**

**محەممەد تۆفیق:** جیاوازییەکە لەشێوازی کەسایەتی ئەو دوو کەسەدایە. ناشزانم ئاخۆ نەوشیروان مستەفا بەنیازە خۆی سەردانی خەڵک بکات یان نا.

**ڤلادیمێر: ئێمە چاومان بە هاوڕێکانتان کەوتووە لە ئۆفیسی لیستی گۆڕان لە هەولێر. بە گوتەی ئەوان لە سلێمانی هەست بەوە دەکرێت کە لەڕووی بانگەشەی هەڵبژاردنەوە هاوسەنگییەک لەنێوان لیستی کوردستانی و لیستی گۆڕاندا هەیە کەچی هەولێر ئەم هاوسەنگییەی پێوە دیار نییە؟**

**محەممەد تۆفیق:** ئەوە پەیوەندی بە سروشتی شارەکەوە هەیە. ئێمە لە هەرێمی کوردستان سێ پارێزگامان هەیە کە هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە. لەو باوەڕەدام لە هەولێر لیستی گۆڕان زۆر بەهێزەو ڕەنگە لە سلێمانیش بەهێزتر بێت، بەڵام خەڵکی هەولێر ئەم هێزەی لیستی گۆڕان ئاشکرا ناکەن. سروشتی شارەکە وا دەخوازێت خەڵکەکە بەم شێوەیە بن.

## ئێمە دژی ئیسلام نین بەڵام دژی بەکارهێنانی ئائینین بۆ ئامانجی سیاسی

**ڤلادیمێر: مەبەستت ئەوەیە لیستی گۆڕان لە هەولێر بەهۆی بارودۆخەکەوە زۆر هێمنانەتر کار دەکات؟**

**محەممەد تۆفیق:** نا، بەڵام سروشتی شارەکە وایە.

**ڤلادیمێر: ئاخۆ ئێوە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن سەردانی هەولێر دەکەن؟**

**محەممەد تۆفیق:** بەدڵنیاییەوە. ئێمە دوا هەفتەی بانگەشەی هەڵبژاردنمان دیاریکردووە بۆ بانگەشەکردنی لیستەکەمان لە هەولێر.

**ڤلادیمێر: زۆر لە لایەنگرانی یەکێتی ئێستا هاتوونەتە ڕیزی ئێوە، ئایا ئێستاش کەسانێک لەنێو ڕیزەکانی یەکێتیدا هەن کە پاڵپشتیتان بکەن، بەڵام نەتوانن پێوەندیتان پێوە بکەن؟**

**محەممەد تۆفیق:** بێگومان ئەو کەسانە هەن کە لە ڕێکخستنەکانی یەکێتیدا ماون، بەڵام پاڵپشتی ئێمە دەکەن، وەک تارماییەکان و ڕۆحی مردووەکان نادیارن. زۆربەی ئەو ئەندامانەی یەکێتی لەوە دەترسێن ئەگەر لایەنگرییان بۆ لیستی گۆڕان ئاشکرا ببێت ڕەنگە کارەکانی خۆیان لەدەستبدەن. لەگەڵ ئەوەشدا لە یەکێتی ڕازی نین بەهۆی ئەو سیاسەتانەی کە پیادەیان دەکات یان کەمتەرخەمیکردنی لەو سیاسەتانەی کە دەبێ بگیرێتەبەر.



**ڤلادیمێر: ئێوە بۆچی لەیەکێتی جیابوونەوە، ئایا بەهۆی کێشەی ناوخۆیی بوو یان سیستەمی بەڕێوەبردنی یەکێتی بوو، یاخود هۆیەکە دەگەڕێتەوە بۆ ڕێککەوتنە ستراتیجییەکەی لەگەڵ پارتی؟**

**محەممەد تۆفیق:** نەخێر ئەوانە هۆکاری جیابوونەوەمان نەبوون. من لەو بڕوایەدام کە پارتێکی سیاسی ناتوانێ لەنێو خۆیدا چاکسازی بکات ئەگەر ئەو پارتە بەردەوام لەسەر دەسەڵات بێت. زۆربەی جار ئەو پارتە سیاسیانەی لە ئۆپۆزسیۆندان بە سیاسەتەکانی خۆیاندا دەچنەوەو چاکسازی دەکەن، بۆیە ئەوکاتەی ئێمە هێشتا لەنێو یەکێتیدا بووین حەزمان دەکرد چاکسازی بکەین، بەڵام پاشان درکمان بەوە کرد کە ئەم پارتە سیاسییە هەردەم لەسەر دەسەڵاتەو ناتوانێ ڕیفۆرم بکات. لە هەموو شوێنێکیش بەم شێوەیە. بۆ نموونە لەبەریتانیا لەسەردەمی مارگرێت تاچەردا 18 ساڵ پارتی پارێزگاران دەسەڵاتگێر بوو، بەڵام پاشان ئەو پارتە نەیتوانی حوکم بگێڕێت، چونکە توانای خۆگونجاندن و چاکسازییان نەبوو. هەمان شتیش بەسەر پارتی کرێکاران دا هات. بەزۆری کاتێک پارتە سیاسییەکان بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر دەسەڵات دەمێننەوە تاڕادەیەک وڕ و سەرخۆش دەبن، بەڵام لە ئۆپۆزسیۆندا ئەم پارتانە دەتوانن ڕیفۆرم بکەن، بۆیە ئەمجارە بەهۆی لیستی گۆڕانەوە ئێمە پارتی و یەکێتی دەکەینە ئۆپۆزسیۆن. لەم حاڵەتەشدا ئەو دوو حیزبە دوو ڕێگەیان لەبەردەمە یان ئەوەتا بە چاکسازییەوە خۆیان لەگەڵ باردۆخەکە دەگونجێنن یانیش پەراوێز دەخرێن. کەواتە لە بەرژەوەندی ئەم دوو پارتەدایە ماوەیەک وەک ئۆپۆزسیۆن کار بکەن و چاکسازی بکەن و بە سیاسەتەکانیاندا بچنەوە و خۆیان لەگەڵ سەردەمی هاوچەرخ بگونجێنن و بەگژ گەندەڵیی ناوخۆیاندا بچنەوە.

**ڤلادیمێر: بەڵام بۆ وەدیهێنانی ئەمە ئێوە پێویستە 50%ی کورسییەکانی پەرلەمان بەدەستبێنن؟**

**محەممەد تۆفیق:** ڕاستە، بەڵام خۆ هەر ئێمە بەتەنیا نین. لیستەکانی دیکەش هەن و ژمارەیەک کورسی وەدەستدێنن و ئێمەش دەتوانین لەگەڵیان هاوپەیمانێتی ببەستین، بەڵام هاوپەیمانێتی لەگەڵ لیستی کوردستانی ناکەین. لە بەرژەوەندیی هەموواندایە ئێمە حکومەتێکی بچووک و بێ هێزمان هەبێت نەک حکومەتێکی زۆر گەورە و بەهێز، بۆ ئەوەی وەک ئەم حکومەتەی ئێستامان لەسەر خۆمان نەچین. ئێمە پێویستیمان بە حکومەتێکە کە پێویستی بە خەڵک بێ نەک حکومەتێک کە خەڵک پێویستی پێ بێت. چونکە ئەگەر حکومەت پێویستی بەخەڵک بێت ئەوا خزمەتی خەڵکەکە دەکات، بەڵام ئەگەر وەک ئێستا خەڵک پێویستیان بەحکومەت بێت، حکومەت لەخۆبایی دەبێت و خەڵک و حکومەت بەیەک بێگانە دەبن. ئێستا بۆشاییەک لەنێوان حکومەت و خەڵکدا هەیە. خەڵک ئەم حکومەتە بەحکومەتی خۆیان نازانن و ئەگەر لە بازاڕ پرسیار لە خەڵک بکەیت ئەم حکومەتە خەریکی چییە، خەڵک تەنانەت بەبێ بەڵگەوە دەڵێن حکومەت خەریکی تاڵان و بڕۆیە.

**ڤلادیمێر: کەواتە ڕێککەوتنە ستراتیژییەکەی نێوان یەکێتی و پارتی هیچ پێوەندییەکی بە جیابوونەوەتان لەیەکێتی نەبووە؟**

**محەممەد تۆفیق:** ئەوە هۆکارێکی دیکەی ئەو جیابوونەوەیە بوو. ئەو دەمەی ئێمە هێشتا لەنێو یەکێتی بووین بیرمان لەوە کردەوە چ جیاوازییەک لەنێوان یەکێتی و پارتیدا هەیە ئەگەر بێت و ئەم دوو حیزبە بە یەک لیست لە هەڵبژاردندا دابەزن و هەردەم بەیەکەوە حکومەت پێکبێنن. بۆیە ئێمە گوتمان یان ئێمە یان پارتی با ببینە ئۆپۆزسیۆن. جگە لەم هەڵبژاردنەی داهاتوو خەڵک هەرگیز هەلی هەڵبژاردنیان بۆ نەڕەخساوە.

**ڤلادیمێر: لەکاتێکدا ئێستا کوردستان و بەغدا زۆر کێشەیان پێکەوە هەیە، تۆ دەڵێی کوردستان پێویستە حکومەتێکی بێ هێزی هەبێت، ئایا هەبوونی حکومەتێکی بێ هێز لەم بارودۆخەدا زیان لە بەرژەوەندییەکانی کوردستان نادات؟**

**محەممەد تۆفیق:** نەخێر. بۆ کێشەکانمان لەگەڵ بەغدا ئێمە پەنا دەبەینە بەر دادگای فیدراڵی و دەستوور. ئەم حکومەتەی ئێستای هەرێمی کوردستان ئەگەر بەشێوەیەکی بەرپرسیارانە بۆ بووژاندنەوەی ئابووریی و ژێرخانی هەرێم هەوڵبدات ئەوا خەڵک لە هەموو کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و بەغدا پاڵپشتی حکومەت دەبێت. بەمەش دەنگی کورد بێ هێز نابێت. ئەگەر ئێمە لەم هەرێمەدا دیموکراسییەکی ڕاستەقینەمان هەبێت و خەڵک ئەم حکومەتە قبووڵ بکات ئەوا خەڵک لە هەرجۆرە کێشەیەکی ناوخۆیی یان کێشە لەگەڵ دراوسێکاندا پشتی حکومەت بەرنادات، بەڵام ئێستا خەڵکەکە ئەم هەستەیان نییە.

**ڤلادیمێر: سەرکردایەتیی لیستی گۆڕان بزووتنەوەی چاکسازیی لە کوردستان لەگەڵ بزووتنەوەکانی چاکسازی لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات و لە ئۆکرانیا و جۆرجیا بەراورد دەکات. بەبۆچوونی تۆ ئەم بەراوردکردنە ڕاستە؟**

**محەممەد تۆفیق:** تا ڕادەیەک. لەیەکێتی سۆڤێتی پێشوودا خەڵک ناڕازی بوون، گۆرباچۆف هات و گلاسنۆستی ڕاگەیاند، بەڵام نەیتوانی تا کۆتایی بەردەوام بێت، بەمەش خەڵک هەڵچوون. بەهۆی تاکە هەڵەیەکی گۆرباچۆف بەر لە هەڵبژاردنە ئازادەکانی 1991 پارتی کۆمۆنیست نشوستی هێنا و کۆمۆنیزم کۆتایی هات، ئەگەر ئەوە بەراورد بکرێت بەم بارودۆخەی ئێستای کوردستان، مەسەلەکە ڕوون دەبێتەوە.

**ڤلادیمێر: بەڵام لە جۆرجیا و ئۆکرانیا بارودۆخەکە جیاوازە، چونکە شۆڕشەکانی ئەوێ بەم دواییانە ڕوویاندا، لەوێ شۆڕشی پرتەقاڵی و لە ئێران شۆڕشی سەوز بەرپابوو، ئایا لێرە شۆڕشی شین دەبێت؟**

**محەممەد تۆفیق:** ڕەنگی شۆڕشەکە گرنگ نییە. گرنگ گۆڕانە، گۆڕان بەرەو باشترین دۆخ. گرنگ ئەوەیە خەڵک پێویستی بە گۆڕان و سەربەستی و دادپەروەری و شەفافییەت هەیە.

**ڤلادیمێر: گوایە ئێوە لە سلێمانی لەنێو گەنجان جەماوەرتان زۆرە، ئایا دڵنیان لەوەی لەم شارە سەرکەوتن بەدەست دێنن؟**

**محەممەد تۆفیق:** بێگومان.

**ڤلادیمێر: ڕات چییە بەرامبەر د. بەرهەم ساڵح وەک دیپلۆماتکارێکی پەروەردەبوو لە ڕۆژئاواو ڕیفۆرمخواز؟**

**محەممەد تۆفیق:** من حەزم لە چارەی کەسانێک نییە کە ڕاستگۆ نەبن. بەدرێژایی ژیانم حەزم لە کەسانی خاوەن ئەم خەسڵەتە نەکردووە و کەیفم پێی نایێت. هەرچەندە ئەو زۆربەی کاتی خۆی لەبەغدا بەسەر بردووە، بەڵام لەو ماوەیەدا لە بەغدا چی کردووە تا پێشانی خەڵکی بدات لە سلێمانی. ئێمە چاوەڕێی هیچ شتێکی لێ ناکەین.

**ڤلادیمێر: لەسەرەتای بانگەشەی هەڵبژاردن لە سلێمانی جۆرە گرژییەک سەری هەڵداو بووە هۆی چەند پێکدادانێکی بچووک، لەوبارەوە چ تێبینییەکت هەیە؟**

**محەممەد تۆفیق:** ئێمە بزووتنەوەیەکین، ئاراستەیەکین، شەپۆلێکین، مەبەستم ئەوەیە شتەکە ڕێکخراو نییە. لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنەوە داوا لە خەڵک دەکەین هێمن بن چونکە ئارامی و هێمنی لە بەرژەوەندیی ئێمەیە. ئێمە نامانەوێت کەس هەراسان بکەین، بەڵام لەبەرئەوەی بزووتنەوەیەکی جەماوەریی مەزن کۆنتڕۆڵ ناکرێ، بۆیە لە هەندێک ناوچەدا بڕێک پێشێلکاری ڕوودەدەن. لەم حاڵەتەشدا چونکە ئێمە پارتێکی سیاسی نین ناتوانین لەکاتی ئەنجامدانی تاوانێک یان پێشێلکارییەک بۆ نموونە وەک پارتێکی سیاسی ناسنامەی ئەندامێتی لە سەرپێچیکاران وەربگرینەوە یان سزایان بدەین. ئێمە هیچمان لەگەڵ ئەو خەڵکە پێ ناکرێت، ئەوانە خۆبەخشن و ئەندامی حیزبێک نین تا سزا بدرێن.

**ڤلادیمێر: هەندێک خەڵک ئێوە بە خائین لە قەڵەم دەدەن، چۆن دەڕوانییە ئەو بۆچوونە؟**

**محەممەد تۆفیق:** گرفتەکە ئەوەیە ئێستا ئێمە لەگەڵ لیستی گۆڕانداین. ئەگەر مەبەستیان ڕابردوو بێت، ئێمە پێشمەرگە بووین. ئەو کەسانەی ئێستا لەنێو لیستی کوردستانین چ پێشینەیەکیان هەیە باسی لێوەبکەن؟ بۆ نموونە ئەگەر بەراوردێک لەنێوان خۆم و دکتۆر بەرهەم ساڵحدا بکەم، ئەو ڕۆژەی لە زانکۆی لەندەن دەرچووم هەفتەیەکی نەبرد پێوەندیم بە ڕێکخستنەکانی یەکێتییەوە کرد. بەتورکیا و ئێراندا بە قاچاخ خۆم گەیاندە شاخەکانی کوردستان، بەڵام د.بەرهەم ساڵح چی کرد؟ ئەو لە لەندەن درێژەی بە خوێندنی خۆی دا. ئایا ئەو دەتوانێ بە خائین تۆمەتبارم بکات؟ من ژیانی شاخم بینیوە، بوومەتە قوربانی چەکی کیمیایی و بۆمبی هێشوویی. من لە شەڕدا لەکاتی برسێتی و سەرمادا لە کوردستان بووم و خێزانیشم لەگەڵ من ئازاریان چەشتووە و هەموویان لە سایەی منەوە زیندانیکران. لەهەموو کاتە سەختەکانی مێژووی یەکێتیدا تاڵەبانی لەدەرەوە بووە، بەڵام ئێمە لێرە بووین. ڕەنگە بڵێن لایەنگرانی لیستی گۆڕان داوای دەسەڵات دەکەن. من خۆم زۆر پۆستم بۆ پێشنیاز کرا لە بەغداو لە شوێنی دیکە، بەڵام حەزم لە دەسەڵاتی سیاسی نییە. بۆیە هەموو پێشنیازەکانم ڕەتکردنەوە. ئێمە خەڵکانێک نین چاومان بەدوای دەسەڵاتەوە بێت. شتێکی بێمانایە کە بارزانی و تاڵەبانی ئێمە بە خائین ناو دەبەن. ئێمە خیانەتمان لە کێ کردووە؟

## لەو باوەڕەدام ئەو هەڵبژاردنە تەقریبەن بە شێوەیەکی شەرعی بەڕێوەدەچێت

هەڵبەت ئەوان تۆمەت دەخەنە پاڵ ئێمە چونکە ئێمە ئەوانمان قبووڵ نییە. هەرشتێکی ئەوان دەیڵێن بۆ پروپاگەندەیە.

**ڤلادیمێر: بەڵام ئەگەر لە ڕوانگەیەکی سیاسییەوە لە بابەتەکە وردبینەوە، دەزانین کە هەموو لایەنێک بەشدار بووە لە شەڕی براکوژیدا، تەنانەت نەوشیروان مستەفاش؟**

**محەممەد تۆفیق:** نەخێر، نەوشیروان بەشدار نەبووە لەو شەڕانەدا. ئەو لەماوەی ساڵانی 1994 تا 1998 لە لەندەن سەرقاڵی نووسینی کتێب بووە.

**ڤلادیمێر: گوایە نەوشیروان مستەفا سەرۆکی لیستی گۆڕان دژی کرمانجییە، ئەمە تا چەند ڕاستە؟**

**محەممەد تۆفیق:** دەڵێن نەوشیروان دژی ئایین و کرمانجییەکان و هەولێرییەکانە، بەڵام ئەو قسانە دوورن لە ڕاستی. لە 1984 ئێمە کۆمەڵەمان گۆڕی بۆ ڕێکخراوێکی چەپڕەو. ئەوکات مەلا بەختیار ئێمەی بە دژی کۆمۆنیزم تۆمەتبار کرد، ئێستاش کە لە لیستی گۆڕانین ئەوان دەڵێن ئێمە دژی ئیسلامین.

**ڤلادیمێر: ئەی لیستی کوردستانیش لیستێکی عەلمانی نییە، بۆچی ئەوان وەک ئێوە بە دژی ئیسلام تۆمەتبار ناکرێن؟**

**محەممەد تۆفیق:** ئەو لیستە شوناسێکی دیاریکراوی نییە. ئەوانە کەسانێکن بەدوای دەسەڵاتەوەن، لەگەڵ هەرشتێکدان بیانگەیێنێتە دەسەڵات.

**ڤلادیمێر: مەبەستت ئەوەیە ئەوان بۆ گەیشتن بەو دەسەڵاتە سوود لە ئیسلام و کۆمۆنیزم وەردەگرن؟**

**محەممەد تۆفیق:** لەهەموو ژیانمدا هەموو ڕەمەزانێک تاوەکو ساڵی ڕابردوو نوێژم کردووەو ڕۆژووم گرتووە. ئەوکات دەیانگوت چۆن ئەم پیاوە ئیماندارە سەرکردەی کۆمەڵەیە. ئێستاش ئەوان دەڵێن لیستی گۆڕان دژی ئیسلامە. هەرچی دەڵێن با بیڵێن چونکە بەلامەوە گرنگ نییە.

**ڤلادیمێر: کەواتە لیستی گۆڕان دژی ئیسلام نییە؟**

**محەممەد تۆفیق:** نەخێر، ئێمە دژی هیچ ئاینێک نین و مرۆڤ مافی خۆیەتی بەئارەزووی خۆی چ ئاینێک هەڵبژێرێت.

**ڤلادیمێر: بەڵام لە دەستووری کوردستاندا

## کەسانێک هەن هێشتا لەنێو یەکێتیدا ماون و پاڵپشتی ئێمە دەکەن

وشەی "شەریعەت" بەکارهاتووە؟**

**محەممەد تۆفیق:** من تەنیا دژی بەکارهێنانی ئایینم بۆ مەرامی سیاسی و بە شتێکی هەڵەی دەزانم.

**ڤلادیمێر: ئایا ڕاستە کە گوایە هەموو ئەندامانی یەکێتی لە ئەورووپا پاڵپشتی لیستی گۆڕان دەکەن؟**

**محەممەد تۆفیق:** بەڵێ ڕاستە.

**ڤلادیمێر: بۆ ئێوە لەگەڵ لیستەکانی دیکەی لایەنگرتان بلۆکێکی گەورەتان پێک نەهێنا بۆئەوەی بتوانن بەهێزێکی زیاترەوە ڕکابەرێتی لیستی کوردستانی بکەن؟**

**محەممەد تۆفیق:** پاش هەڵبژاردنەکان ئەوە دەکەین نەک ئێستا. ئێمە بەرنامەیەکی سیاسیمان بۆ بەڕێوەبردنی حکومەت هەیە، بەڵام تاوەکو پاش هەڵبژاردن بڵاوی ناکەینەوە. دواتر ئەو لیستانەی ڕایان لە پرۆگرامەکەمانە دەتوانن ببنە هاوپەیمانی ئێمە.

**ڤلادیمێر: چۆن دەڕواننە ڕەتکردنەوەی داوای لیستی هیوا بۆ بەشداریکردن لەهەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان؟**

**محەممەد تۆفیق:** کارێکی ناڕەوا و نایاساییان دەرحەق بەو لیستە کرد. ئەو حیزبە حیزبێکی سیاسییە کە لە عێراقدا ناوی لەتەک حیزبەکانی دیکە تۆمار کراوە. هەڵبەت بارزانی و تاڵەبانی لەژێر گوشاری تورکیا ناچاربوون ڕێگری لە بەشداری ئەو لیستە بکەن. تورکیا نابێت دەست لە کاروباری ئێمە وەربدات هەروەک چۆن ئێمەش نابێت دەست لەکاروباری ئەوان وەربدەین.

**ڤلادیمێر: پێوەندیتان لەگەڵ PKK چۆنە؟**

**محەممەد تۆفیق:** پێوەندیمان لەگەڵیان نییەو کێشەی ئەوان پێوەندیی بە تورکیاوە هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە دژی ئەو حیزبە نین.

**ڤلادیمێر: سەبارەت بە کەرکووکیش ئێوە تەنیا پشت بەدەستوور دەبەستن، ئەی ئەگەر حکومەتی فیدراڵ بەهێزتر بوو، تورکیاش پێداگیری لەسەر نەگەڕانەوەی کەرکووک کرد؟**

**محەممەد تۆفیق:** ئێمە پشت بە دەستوور دەبەستین، ئەگەر نا لە پێناو کەرکووک شەڕ دەکەین، ئەگەر بەهۆی تورکیاشەوە ئەوەمان بۆ نەکرا لە ڕێگەی دانوستانەوە هەوڵی چارەسەری دەدەین. ئێمە دەبێ کوردستان بکەین بە هەرێمێک کە وەک موگناتیس تورکمان و عەرەبەکان بۆ لای خۆی کێش بکات بۆ ئەوەی ئەوان بێن پێوەندیمان پێوە بکەن.

**ڤلادیمێر: ئایا ئەندامانی پێشووی کۆمەڵە هەموویان پاڵپشتی لیستی گۆڕانن؟**

**محەممەد تۆفیق:** بەڵێ.



## بەهجەت یەحیا بەڕێوەیە

موحسین یاسین
ڕووداو- سلێمانی

بەهجەت یەحیا بەنیازی بڵاوکردنەوەی بەرهەمێکی نوێیە لەساڵی داهاتوو. سەرچاوەیەکی نزیک لە هونەرمەند بەهجەت یەحیا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، کە هونەرمەند بەهجەت یەحیا، کە دانیشتووی ئەڵمانیایە، لەساڵی ئایندەدا ئەلبوومە نوێیەکەی بڵاودەکاتەوە کە لە 8 گۆرانی پێکهاتووە کە سەرجەم ئاوازەکانی لەلایەن خۆیەوە دانراوەو کاری موزیکی 4 گۆرانیشی لەلایەن هێمن حوسێن ئەنجامدراوە. گۆرانییەکانی دیکەیشی لەلایەن گۆران کامیل ئاواز و کاری دابەشکردنی موزیکی بۆ ئەنجامدراوەو، لەشاری سلێمانی کاری تۆمارکردنی دەنگیی ئەلبوومەکە ئەنجامدەدرێ.



جوان بامەڕنی

لە (گردی پیرۆز) ەوە بۆ (گەندەڵی)....

# کەواتە چاوەڕێی گەندەڵی بن



دەشتی سەباح
ڕووداو- هەولێر

وەک پێشاندانی بەشێک لە مێژووی کورد سەرەتا وەک کەسێکی نەتەوەیی بە فیلمی (گردی پیرۆز) دەستیپێکرد و دوای ئەوەش کە دەگاتە ئەو بڕوایەی گەندەڵی هەیە بە فیلمی (گەندەڵی) کۆتایی پێ هێنا، دەڵێت "ئەوە سەرەتایە، بەردەوام کار دەکەم و دەبمە ئۆپۆزسیۆنێکی توند دژی گەندەڵی". فیلمی

(گەندەڵی) کە نوێترین فیلمی دەرهێنەر جوان بامەڕنییە، لەم ڕۆژانەدا کەوتە بازاڕ. فیلمەکە لەسەر ئەرکی کۆمپانیای ئەکشن کورد، کە خۆی دایمەزراندووە بە بودجەی 30 هەزار دۆلار لە ماوەی 12 ڕۆژدا بە کامێرای 170 وێنە گیراوە و بەسیستمی دیڤیدی بڵاوکراوەتەوە. بیرۆکەی چیرۆکی فیلمەکە لە فیلمێکی عادل ئیمام وەرگیراوە کە باس لە بەکاربردنی سامانی گشتی و بەکارهێنانی پێگەی لێپرسراوێتی دەکات بۆ بەرژەوەندی تایبەتی. دەرهێنەر دەڵێت "فیلمەکە بازرگانییە، هەرچەندە خۆشم قەناعەتم بەو جۆرە فیلمانە نییە".

ئەو فیلمە کە لە مانگی شوباتی ئەمساڵ وێنەی گیراوە، دەرهێنەرەکەی دەڵێت "ئەگەر بمزانیبایە فیلمەکەم لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بڵاودەبێتەوە، زۆر بەتووندی دادەبەزیم".

جوان بامەڕنی، لەساڵی 1964 لەسەرسنگ لەدایکبووە و، ناوەندی لە بامەڕنی و ئامادەیی بازرگانی لەهۆک تەواوکردووە، لەساڵی 1984 دوای 2 ڕۆژ سەربازی لە کەرکووک دەچێتە شاخ و ماوەی 3 مانگ پێشمەرگەی حیزبی سۆسیالیست بووە، دواتر لەگەڵ مەفرەزەکانی پاتی بووە، دەڵێت "لەشاخ دەستم بەخوێندنەوە کرد تا نزیکی ڕاپەڕین هەر لەشاخ بووم". فیلمەکانی بریتین لە: (وە ژبیر ناکەم 1993، گردی پیرۆز 1999، کەواتە چاوەڕێ بە (هێڵی دووپشک)، گەندەڵی).

ئەوەی تێبینی دەکرێت، نەک هەر دەرهێنان بەڵکو فیلمەکە لە وێنەگرتن و مونتاژ و سیناریۆی خۆیەتی. ئایا ئەو هەموو کارە پێکەوە قورس نییە؟ بامەڕنی وەڵام دەداتەوەو دان بەوە دادەنێت کە "لەڕاستیدا گرانە"، بامەڕنی ڕوونیدەکاتەوە کە "لەبەرئەوەی ستافی پرۆفیشناڵ نییە، من سیقەم پێیان نییە کە بتوانن ئەو ئیشەم بۆ بکەن".

دەرهێنەر بۆ ئیشکردن لەسەر دیاردەیەکی وەک گەندەڵی ئەو فیلمە دروست دەکات و دەڵێت دوای ڕاپەڕین هەتا ئێستا ئێمە خۆشیمان نەبینیوە، هەستدەکەین گەندەڵی زۆرە و ئێمەش بووینەتە قوربانی گەندەڵی"کۆمەڵگەی ئێمە ئێستا بووەتە دوو چین، چینێک سوودمەندە و دەسەڵاتی بەدەستەوەیە و خەریکی پارە کۆکردنەوەیە، ئێمەش لەچینی چەوساوەیەن".

دەرهێنەر پێیوایە گەندەڵی تا ئەو ڕادەیە بەردەوامە کە کەس ئاگای لەخەڵک نەماوە، لە خەڵکی نەتەوەیی و پێشمەرگە دەستیپێکرد لەئەنجامدا بوونە سەرمایەدار و بازرگانی گەورە. لەبارەی کاردانەوە لەسەر فیلمەکەی لەو هەفتەیەیڤینەدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەوە بۆ من کێشە نییە، ئێمە گەیشتینە حاڵەتی بێئومێدی، ئەگەر ئێمە بکوژن ئەوا دەبێتە خاڵی وەرچەرخان بەرەو دیکتاتۆری".

ئەوەی سەرنجت ڕادەکێشێت لەکاتی ئیشکردنی فیلمەکە بە تایتلێک نووسراوە هەر کەسێک ئاگادارمان بکاتەوە لە کۆپیکردنی ئەو بەرهەمە بڕی 150 دۆلاری وەک دیاری پێدەبەخشین. بامەڕنی دەڵێت "لەبەرئەوەی هیچ یاسایەک نییە کۆپیکردنی فیلم و سیدی قەدەخە بکات، ناچار ئەوەمان لەسەر فیلمەکە نووسیوە". هەروەها دەڵێت "یاسا مافی هونەرمەندان ناپارێزێت کە ئەوەش جۆرێکە لەگەندەڵی لەبەرئەوە ئێمە وەکو هونەرمەندان سوودمەند نین".

یەکێک لەو فیلمانەی کە لەنێوان وەزارەتی ڕۆشنبیری و جوان بامەڕنی کێشەی تێکەوت فیلمی (کەواتە چاوەڕێ بە) بوو، کە زیاتر لە 2ساڵ پێش ئێستا کاری لەسەر کراوە بە بوودجەی 750 ملیۆن دینار، تا گەیشتە ئەو ڕادەیەی داواکاری گشتیی داوای یاسایی لەسەر فیلمەکە و وەزارەتی ڕۆشنبیری تۆمار بکات، دوای ئەوەی لە ڕۆژنامەی (میدیا)دا چەند جارێک لەسەری نووسرا. جوان بامەڕنی دەڵێت "ئەو کێشەیە کۆتایی پێ هات و فیلمەکەم تەواو بووە، تەنها مۆنتاژی سینەمایی ماوە لە ئێران، کە بە 50 ملیۆن دینار تەواو دەبێت". سەبارەت بە ناوی فیلمەکەش گوتی "ئەو ناوەیان لەسەر فەرزکردم، ئێستا ناوەکەم کردووەتە (هێڵی دووپشک)".

ئەو دەرهێنەرە ئاماژە بەوە دەکات لەبەر هاوکارینەکرانی لەلایەن حکومەتەوە دەستیکردووە بە دەرهێنانی فیلمی بازرگانی وەک (فەرتەنە، تەلەزگە، عەبەی سنوورداش، کۆپی، مارە بەجاش). بامەڕنی دەڵێت "لەتوانای خۆم ڕادەبینم وەکو ئەرنۆلد و ڕامبۆ پێشمەرگە بە دونیا بناسێنم، بەڵام ئەوە پارەی دەوێت، کاری هیرۆخان نییە بچێت کۆمپانیای سینەما دانێت، ئەوە ئیشی منە". جوان بامەڕنی بڕوای بە فیلمە سکرینەکان نییە و دەڵێ "من ساڵێ 1 مووچە وەردەگرم 120 هەزار دینار، کێ دەتوانێ بەوە بژیت، بۆ ئەوەی موحتاجی نامەردان نەبم، ناچارم ئەو فیلمانە چێبکەم".

دەرهێنەر ئاماژە بەوە دەکات کە گردی پیرۆزی تەواوکردووە 200 هەزار دیناری سویسری قەرزار بووەتەوە، دەڵێت "هەموو ڕۆژ 10 کەس لەبەر دەرگای ماڵی من بوون بۆ پارە، فیلمێکیان پیشاندا لەبەرئەوەی 4 کچی جوانی تێدابوو 25 ئەندامی مەکتەبی سیاسی چوون سەیریان کرد، لەپیشاندانی گردی پیرۆز هەموویانم داوەتکردبوو کەس نەهات سەیری بکات لەبەر ئەوەی لەسەر پێشمەرگە و شەهید بوو". وەک ناچارییەکیش بامەڕنی دەست بە دەرهێنانی ئەو جۆرە فیلمانە دەکات و دەڵێت "بە داهاتی فیلمی (فەرتەنە) قەرزەکانی فیلمی (گردی پیرۆز)م دایەوە".

بامەڕنی پێیوایە هۆشیاری سەرکردایەتی کورد لەئاست هونەری سینەمادا لاوازە و دەڵێت "بڕوا ناکەم هیچ قیادیەک فیلمێکی کوردی ببینیبێ"، لەلایەکی دیکەشەوە ئاماژە بەو کێشەیە دەکات کە ئەو کەسانەی لەشوێنی لێپرسراوێتی هونەری دان، دیدگای هونەرییان نییە.

### لەتوانای خۆم ڕادەبینم وەکو ئارنۆلد و ڕامبۆ پێشمەرگە بە دونیا بناسێنم

جوان بامەڕنی

### بە داهاتی فیلمی (فەرتەنە) قەرزەکانی فیلمی (گردی پیرۆز)م دایەوە

دوو گۆرانی بۆ خۆشەویستی باوکی و زاخۆ دەڵێت

# بڵند لەگەڵ کچە سوێدییەک گۆرانی دەڵێ



ڕووداو- سوێد

بۆتان عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری کارە هونەرییەکانی بڵند عەبدوڵڵا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە بڵند ئێستا خەریکی ئەلبوومێکی نوێیە بەنێوی (باوک) کە لە 12 تراک پێکهاتووەو، 4 لەو تراکانە مۆسیقان و 8یشی گۆرانین، کە بەشێوەزاری جۆراوجۆری کوردی و بەهەر دوو ستایلی ئارابێسک و پۆپ ئامادەکراون.

هەرچەندە بڵند ئێستا لەنەرویژ خەریکی خوێندنی دەرمانسازییە، بەڵام کارە هونەرییەکانی لەبیر نەکردووەو خەریکی تەواوکردن و نوێکارییە لە ئەلبوومە نوێیەکەیدا. بۆتان عەبدوڵڵا، لەبارەی ئەو بەرهەمە نوێیەی بڵند دەڵێ "یەکێک لە گۆرانییە سەرەکییەکانی ئەو ئەلبوومە کە نێوی (باوک)ە، بڵند بۆ خۆشەویستی باوکی خۆمان گوتوویەتی، هەروەها گۆرانییەکیشی بۆ شاری زاخۆ بەنێوی (زاخۆ) گوتووە، کە ئەویش هەر بۆ خۆشەویستی باوکم دەگەڕێتەوە".

وەکو بۆتان عەبدوڵڵا باسیکرد، لەو بەرهەمە نوێیەیدا بڵند بەهاوبەشی کچە گۆرانیبێژێکی بەنێوبانگی سوێدی گۆرانییەک بەرهەمدێنێ کە بە هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی دەبێت.

گوتیشی زۆربەی ئاوازەکانی ئەو بەرهەمە تازەیەی بڵند، لەلایەن خۆیەوە دانراون و زۆربەی هۆنراوەکانیشی هی شاعیر (سەرکەوت ڕەسوڵ)ن، ئەلبوومەکەش لەداهاتوویەکی نزیکدا بڵاودەکرێتەوە.



# شەزا دەچێتەوە بەغدا

ڕووداو- ئاژانسەکان

کچە هونەرمەندی عێراقی شەزا حەسون، ڕایگەیاند سەرگەرمی خۆ ئامادەکردنە بۆ سازدانی دوو کۆنسێرت لە شاری بەغدا لەهەفتەی کۆتایی ئەم مانگەدا.

شەزا لەبارەی کۆنسێرتەکانی لەبەغدا دەڵێ "نازانم بۆ سووربوونێکی زۆر لە ناخمدا هەیە بۆ ئەنجامدانی ئەو کۆنسێرتانە"، شەزا گوتی داهاتی هەردوو کۆنسێرتەکەی بۆ منداڵانی عێراق تەرخاندەکات، گوتی ئەو دڵگەرمییەی بۆ ئەو دوو کۆنسێرتە " لەوانەیە لەبەرئەوە بێت کە من ڕێز لەوان دەگرم کە لەگەڵ منن و پشتیوانیم دەکەن، هەستدەکەم دەبێ شتێکیان پێشکەش بکەم، ئەوان بەشداربوون لە دروستکردنی شەزا حەسونو بەنێوبانگبوونیدا، بۆیە مافی ئەوانیشە کە منیش بۆ ئەوان بم و لەنێوانیاندا بم".

وەکو شەزا باسیکرد لە دوو ساڵی ڕابردوودا چەندین بانگهێشتی بۆ هاتووە کە سەردانی عێراق بکات بۆ سازدانی کۆنسێرت "پێشتر چوومە باکووری عێراق و لە هەرێمی کوردستان گۆرانیم گوت، بەڵام ئەوکات گۆرانی گوتن لە بەغدا ئەستەم بوو، بەهۆی بارودۆخی ئەمنییەوە".

شەزا ئەمساڵ لەئاهەنگێکدا کە لە بەیروتی پایتەختی لوبنان سازکرا،وەک باشترین گۆرانیبێژی لاوی عەرەب، خەڵاتی (مۆریکس)ی 2009ی وەرگرت.

12 ساڵە لەژێر قەڵای هەولێر وێنە دەکێشێ

# هەڵمەتی هەڵبژاردن هیچ کاریگەری لەسەر کاری من نەبووە

جیاوازە و ناشچێتە بەرنامەی (من جیاوازم)



ڕووداو- هەولێر

هیچ کاتێک تێپەڕینی هاتوو هۆریای کاروانی ئۆتۆمبێلەکانی پروپاگەندەی هەڵبژاردن کاریگەرییان لەسەر ئازاد نییە، کە ڕۆژانە لەبن دیواری قەڵا دانیشتووە و بە هێواشی وێنە دەکێشێت و هەوادارانی بە وێنەکان شاگەشکە دەکات.

ئازاد ڕەشید حەوێز کە بە (ئازاد تەنیا) ناسراوە، لەساڵی 1970 لەگوندی سماقولی سەروچاوە لەدایکبووە، خێزاندارە و منداڵەکانیشی سەرقاڵی وێنەکێشانن، ئەگەر بتەوێت لەنهێنی نازناوی تەنیا تێبگەی، بەبێ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکە بداتەوە پێدەکەنێت و دەڵێت "ئەوە تایبەتە و ناتوانم بیدرکێنم".

ئەو وێنەکێشە ماوەی 12 ساڵە لەبن دیواری قەڵا هاوینان لەگەڵ سێبەر و زستانانیش لەترسی باران ئەم بەرو ئەوبەر دەکات، بەبێ ئەوەی دوکانێکی تایبەتی هەبێت، کەلوپەلەکانی لەسەر ئەرزەکە داناون، خۆیشی لەسەر کورسییەک دادەنیشێت و دەست بە وێنە کێشان دەکات، هەر وێنەیەکیش بەماوەی 10 تا 15 خولەک دەکێشێت.

کەلوپەلەکانی بریتین لەجام و چوارچێوە لەگەڵ کورسییەک و ئەو تەختەیەی وێنەیان لەسەر دەکێشێت، جانتایەکی بچووک کە کەلوپەلەکەی تێدایە، چەند مەلزەمەیەک بۆ چۆنیەتی فێربوونی وێنەکێشان، چەند وێنەیەکیشی بەدیوارەکە هەڵواسیوە، لەپارچە کارتۆنێک نووسیویەتی (ئامادەین بۆ فێرکردنی وێنە).

ئازاد تەنیا، کەسێکی ناسراوە، بەتایبەتی بۆ ئەو کەسانەی کە خولیای وێنەکێشانیان هەیە، ئەو ئاماژە بەوە دەکات کە جاران خەڵک داوای وێنەی سروشتیان لێدەکرد، بەڵام ئێستا وێنەی پۆرترێت دەخوازن. دەڵێت ئەو کەسانەی داوای وێنەی لێدەکەن یان ڕۆژێکی پێدەچێت یان هەر دەوەستێت تاوەکو وێنەکەی بۆ تەواو دەکات " جاری وا هەیە زیاتر لەمانگێک خەڵک سەرەیان گرتووە کە وێنەکانیان بۆ بکێشم، هەر وێنەیەک بەپێی گەورە و بچووکی لە 8 هەزار تا دەگاتە 15 هەزار دینار دروست دەکەم". گوتیشی "ئێستا کچەکان زیاتر وێنەی خۆیان دەهێنن بۆیان بکەم".

ئەو هەرچەندە تا پۆلی 1ی ناوەندی خوێندووە و نەچووەتە هیچ خولێکی وێنەکێشان، دەڵێت من شارەزاییم هەیە لەلایەنی ئەکادیمی لەهونەری وێنەکێشان "پرۆڤە و تاقیکردنەوەم لەسەر هونەرەکە کردووە"، گوتیشی"ستایشی خۆم ناکەم، بەڵام من شارەزاییەکی باشم هەیە لەهونەری شێوەکاری".

یەکێک لەکێشە بەردەوامەکانی ئازاد تەنگ پێ هەڵچنینەیتی لەلایەن شارەوانییەوە کە بەردەوام داوای چۆڵکردنی شوێنەکەی لێدەکەن "چەند جارێک شارەوانی کەلوپەلیان لێ بردووم و دەریانکردووم، بەڵام من واز ناهێنم".

ئەو وێنەکێشە 3 مەلزەمەی تایبەت بەچۆنیەتی فێربوونی وێنەکێشانی دەرکردووە و 2 مەلزەمەشی هەر بۆ هەمان مەبەست لەبەردەستە، مەلزەمەکانی ئازاد تەنیا بەشێوەیەکی سادە و بەکۆپیکراوی لەسەر شۆستە ڕیزی کردوون بۆ فرۆشتن، نرخی هەر دانەیەکیش 2 هەزار دینارە، ئازاد دەڵێت "لەو مەلزەمانەوە من مەبەستم هاندانی گەنجانە نەک دەستکەوتی مادی"، هەروەها گوتی "خەڵکێکی زۆر داوای دەکرد بەتایبەتی قوتابیانی پەیمانگای هونەرە جوانەکان".

تەنیا، کە وەک خۆی باسی دەکات ماوەی 26 ساڵە کاری وێنەکێشان دەکات و دەخوازێت وەک هونەرمەندە جیهانییەکان نێوبانگی بەهەموو دونیادا بڵاوببێتەوە. زۆر لەبرادەرەکانی هانی دەدەن بەشداری بەرنامەی (من جیاوازم) بکات، بەڵام ئەو پێشنیازەکە ڕەتدەکاتەوە، باسی جیاوازییەکانی خۆی دەکات "جیاوازییەکەی من لەگەڵ مرۆڤێکی ئاسایی ئەوەیە کە چەند هونەرێک دەزانم وێنەکێشان، ساز لێدان، شیعر نووسین، گۆرانی و جووڵەی لەش بەهەموو شێوەیەک، بەڵام ناچمە بەرنامەی من جیاوازم".

هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن نە هیچ کاریگەریان کردووە لەسەر ئیشەکەی ئازاد، نە ڕۆژێک کەس هاتووە داوای وێنە یاخود لۆگۆی یەکێک لەلیستەکانی لێبکات، ئەو دەڵێت "ئەگەر هەر لایەن و لیستێک داوام لێبکات لەخزمەتیاندام، ئەوەش هیچ گیروگرفتێک بۆ من دروست ناکات"، هەروەها دەڵێت "بەڵام لەخۆوە بۆ لیستێک وێنە دروست بکەم لیستەکەی دیکە گلەییم لێدەکات، هونەرمەند لەلایەنی سیاسییەوە دوور و بێلایەن بێت باشترە"، تەنیا گوتیشی "بازار ئێستا کز بووە، نازانم لێم تێکچووە، هی هەڵبژاردنە یان شتی دیکەیە".

ڕووداو



# تاراوگە

## بەریتانیا سێ کورد لەسەر ساختەکاری دەگرێت

**ڕووداو-بەریتانیا**

**بە پێی هەواڵێکی ڕۆژنامەی Yorker shire postی بەریتانی، پۆلیسی بەریتانی سێ کوڕی وەزیرێکی کوردی سەردەمی سەددەمی بەهۆی ساختەکارییەوە دەستگیرکرد. ئەو سزادراوانە کە بریتین لە مەحمود چەرمەگا، 24 ساڵ، بۆ ماوەی پێنج ساڵ بە زیندان حوکمدرا، ئەحمەد چەرمەگا، تەمەن 25 ساڵ، بۆ ماوەی چوار ساڵ و نیو، محەممەد چەرمەگا، 35ساڵ، بە دووساڵ و هەشت مانگ زیندانی حوکمدران. سزادانەکەشیان بەهۆی ساختەکاریکردن بوو لە کڕین و فرۆشتن لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە.**

## بنەماڵەی سەیدۆ لە ئامەدەوە چوون ئوردنیان ئاوەدانکردەوە

# ئیمپراتۆرییەتێکی کوردی لە شانشینی ئوردن



**بۆتان تەحسین**
**ڕووداو-عەممان**

گرووپێک لە سەرمایەدارانی کوردی ئوردن، بەنیازن لە ڕێگەی پرۆژەیەکی گەورەی وەبەرهێنان لە کوردستان، هەولێر بکەنە ناوەندێکی گەورەی بازرگانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

گرووپی دارایی کوردی لە ئوردن کە خاوەنی چەند ناوەندێکی گەورەی بازرگانی عەممانن، سەرقاڵی لێکۆڵینەوەی پرۆژەیەکی وەبەرهێنانن لە هەولێر، کە کوردستان دەکاتە یەکێک لە ناوەندە هەرە گرنگەکانی ئابوری لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

عەبدولوەدود کوردی، جێگری بەڕێوەبەری گرووپی کوردی لە ئوردن، لە ئاخاوتنێکدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، کە چەند ساڵێکە گرووپەکەیان سەرقاڵی لێکۆڵینەوەیە لە پرۆژەیەکی گەورەی وەبەرهێنان لە هەولێر، کە لە هیچ وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا، هاوتای نەبێت، لەمبارەیەوە ڕوونیکردەوە" ئەو پرۆژەیەی کە ئێستا لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەین، پرۆژەیەکی بێ هاوتای داراییە و کوردستان دەکاتە ناوەندێکی گرنگی بازرگانی بێ هاوتا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست". ئەوەشی خستەڕوو کە زۆر لەشاری Green Land گەورەتر دەبێت، کە گرووپەکەیان سەرقاڵی جێبەجێکردنیەتی لە نێوان عەممان و دەریای مردوو، کە شارێکە بە شێوازێکی شارستانی دروستکراوەو هەموو پێداویستییەکی شارێکی هاوچەرخی بازرگانی تێدایە.

گرووپی کوردی گەورەترین کۆمەڵەی داراییە لە ئوردن، بەنێوبانگترین ناوەندی بازرگانی عەممان هی ئەو گرووپەیە وەک: عەبدون مۆڵ و مەککە مۆڵ. ئێستاش سەرقاڵی جێبەجێکردنی شاری گرینلاندن. جگە لەمەش پشکێکی زۆریان لە پرۆژە داراییەکانی سوریا و وڵاتانی کەنداو هەیە.

گرووپی کوردی لە ژمارەیەک سەرمایەداری کوردی ئوردن پێکهاتووە، کە کلیلی بازرگانی ئوردنیان بەدەستەوەیە، وەک عەبدولوەدود لە قسەکانی بۆ (ڕووداو) ڕوونیکردەوە" جگە لە سەرمایە و پارە، ئینتیمای نەتەوەیی کوردیش ئەو گرووپەی پێکهێناوە، ڕاستگۆیی و ڕاشکاوی ناسنامەی کوردی ئوردنە، قسەی کورد وەک گرێبەستی سەر کاخەز ڕەچاو دەکرێ، بانکەکان بە ئاسانی قەرزیان پێدەبەخشن".

عەبدولوەدود لە ساڵی 1984 کۆلیژی ئەندازیاری میکانیکی لە بەریتانیا تەواو کردووە، لە ساڵی 1992گرووپی دارایی کوردی دامەزراندووە، برایەکی لەخۆی بچووکتر بەڕێوەبەری گشتییە، ئەویش جێگری یەکەمە، یەکەمین پرۆژەیان عەبدون مۆڵ بووە، کە بە 17مانگ تەواوبووە.

بەبڕوای عەبدولوەدود دروستکردنی باڵەخانەی بەرز شکۆ و هێزێک دەداتە وڵات، کە ناحەزان لێی دەترسن، بۆیە ئەو لەگەڵ ئەوە دایە لە کوردستان برەو بە دروستکردنی باڵەخانەی بەرز بدرێت، لەم ڕوانگەیەوە پێیوایە"هەرچەند باڵەخانەکان بەرزببنەوە بەرەو ئاسمان، پێگەت لە زەوی قایمتر دەبێ، چونکە ئەمە هێمایەکە بۆ بوونی شارستانی، بەتایبەتیش شار، کە تاوەرەکان بەرزبوونەوە، بەرامبەرەکەت لێت دەترسێت، وای لە مێشکدا دەچەسپێت کە شارەکە ڕابردوویێکی هەیە".

بەبڕوای ئەو سەرمایەدارە ئەنجامدانی پرۆژەی مەزنی ئابووری پێگەی سیاسیش بەهێزتر دەکات، لەبارەی وردەکاری پرۆژەکەشیان لە باشووری کوردستان گوتی" پرۆژەکە جارێ لەسەر ئاگرە، ئەو پرۆژەیە دەبێتە پرۆژەیەکی پێشەنگ و دەگمەنی کوردستان، لەهەموو پرۆژەکانی ئێمە گەورەتر دەبێت". ئەو پێیوایە کوردستان ناوچەیەکی پاکیزەیە و لە ڕەوتی ئاوەدانکردنەوەی سەدەی ڕابردوو بێ بەش بووە، بودجەی پێویست بۆ پرۆژەکان چەند جای توانای دارایی حکومەتە. سەرمایەداری ناوبراو بە پێشڤەچوونی ئەم چەند ساڵەی دوایی هەرێمی کوردستان سەرسامە، کە لە ئوردن 70تا 80 ساڵی پێویست بووە تا بەم ئاستە گەیشتووە، لە کاتێکدا هەموو وڵاتانی عەرەب و ڕۆژئاوا پشتیوانی بوون.

هەرچەندە گرووپی کوردی داینەمۆی کۆکردنەوەی کوردانە لە ژێر یەک چەتردا و لە ڕێگەی کۆمەڵەی خێرخوازی سەلاحەدینی ئەیوبییەوە، کە لەساڵی 1972دامەزراوە، کۆمەکی هەموو ماڵە کوردێکی پێویست بە یارمەتی دەکات، بەڵام لە ئوردن زۆر کەسایەتی دیکەش هەن وەک مەرجەع بۆ کێشەو گرفتەکان دانراون و لەسەرووی هەموانیان سەعدەدین جومعەیە.

### 60هەزار کورد لە ئوردن

ئەو کەسایەتییە بە درێژایی 60ساڵ لە دەوڵەتی ئوردن پۆستی سیاسی بەرزی هەبووە، وەزیری کاروباری دەوڵەت بووە، ئێستا ئەندامی ئەنجوومەنی ئەعیانی ئوردنە، هەروەها سەرۆکی فەخری کۆمەڵەی خێرخوازی سەلاحەددینیشە. محەممەد جومعەی باوکی لە دیاربەکر لەدایکبووە، لەگەڵ لەشکری عوسمانی هاتووەتە شام و خوێندنی لەوێ تەواو کردووە، دواتر دەگوزارێتەوە ئوردن، لە دوای خۆی شەش



## کورد بەر لە هاشمییەکان لە ئوردن بوون

سەعدەدین جومعە ئەندامی ئەنجوومەنی ئەعیانی ئوردنی



## دامەزرێنەری یەکەم چاپخانەی ئوردنی کوردبوو

عیناد کوردی دەرهێنەری تەلەڤزیۆنی



## هەرچەندی باڵەخانەکان لە ئاسمانی هەولێر بەرزببنەوە پێگەمان لە زەوی قایمتر دەبێت

عەبدولوەدود کوردی لە گرووپی دارایی کوردی



## تا ئێستاش هەندێ خانەوادەی کوردی ئوردن کچی خۆیان نادەنە غەیرە کورد

هەنا کوردی، مامۆستای پێشووی منداڵەکانی ئەمیر حەسەن

کوڕ بە جێدەهێڵێت، هەر هەموویان پۆستی بەرز و گەورەیان لەحکومەت وەردەگرن. سەعد جومعەی برای سەعدەدین دووجار لەسەر یەک دەبێتە سەرۆک وەزیران.

لەبارەی پێگەی کورد لای بنەماڵەی پاشایەتی و دەسەڵاتی ئوردنی سەعدەدین جومعە بۆ (ڕووداو)ی ڕوونکردەوە کە "کوردی ئوردن بەشێکن لە سیستەمی دەوڵەت، تەنانەت کورد بەر لەهاشمییەکان لێرەن و دەرگای هەموو پۆستێکیان بۆ واڵایە، هەر لە پۆستی سەربازییەوە بگرە تا دەگاتە پۆستی دیپلۆماسی و سیاسی". بەپێی قسەکانی ئەو، کوردی ئوردن لێهاتوویی و ڕاستگۆیی خۆیان سەلماندووە، هەربۆیە کوردبوون ئیمتیازێکە لە کۆمەڵگەی ئوردنی. ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی ئەعیان داوای لە بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد سوود لە توانای کوردانی ئوردن وەربگرن، چونکە ئوردن و بەشێکی زۆر لە وڵاتانی کەنداو لەسەردەستی ئەو کوردانە ئاوەدانکراوەتەوە. سەعدەدین دەڵێ " نازناوی کوردی لە ئوردن جۆرە ئیمتیازێکە بۆ ئەو کەسەی هەڵیدەگرێت، چالاکترین کەسەکانی کۆمەڵگەی ئوردنی کوردن، بەدرێژایی مێژووی دەوڵەتی ئوردنیش کورد هەمیشە جێی متمانەی بنەماڵەی شا و بەرپرسانی حکومەت بوون".

سەعدەدین جومعە بە ڕستەیەک کرنۆگرافیای کورد لە ئوردن دەخاتەڕوو " کورد هەموو قۆناخەکانی ژیانی ئوردنی بینیوە، لە شوانکاری و کشتوکاڵ و ئاوەدانکردنەوە و شارنشینی".

بەپێی مەزەندەی کەساتییە کوردەکانی ئوردن، ژمارەی کوردانی ئوردن لە سەرووی 60هەزار کەسەوەیە، کەسایەتییە کوردەکانیش لە ناو کۆمەڵگەی ئوردنیدا خەڵکی ناسراویان لێهەڵکەوتووەو لەلایەن تێکڕای خەڵکی ئوردنەوە جێی ڕێزن، چەندانیان گەیشتووەنەتە پایەی بڵندی حکومی، ئێستاش بنەماڵەی عەلی سەیدۆ گۆران، کە لە سەردەمی عوسمانییەکان لە ساڵی 1860ەوە لە دیاربەکرەوە چوونەتە ئوردن، یەکێکن لە بنەماڵە هەرە ناسراوو دەوڵەمەندەکانی ئوردن.

### سێ سەرۆک وەزیری کورد

بەگوێرەی قسەکانی سەعدەدین جومعە تائێستا 10کەسایەتی کورد پۆستی سەرۆکایەتی حکومەت و وەزارەتەکانیان پێ سپێردراوە، کە یەکەمینیان ڕەشید عەبدولکەریم مەدفەعییە لەساڵی 1939 سەرۆک وەزیرانی ئوردن بووە، لە ساڵی 1967 یشەوە دووجار لەسەر یەکتر سەعد جومعە سەرۆک وەزیران بووە. هەروەها وەسفی تەلی سەرۆک وەزیرانی ئوردنیش پەیوەندی خزمایەتی لەگەڵ کورد هەبووە، دایکی لە بنەماڵەی بابانەکانی سلێمانی بووە، وەسفی تەل سەرۆکی حکومەتی ئوردن بوو، لە ساڵی 1972 لە قاهیرە لە کۆنگرەی لوتکەی عەرەب لە لایەن فەلەستینییەکان تیرۆر کرا. بە پێی قسەی عیناد کوردی" وەسفی تەل لە سلێمانی لەدایکبووە، کە هاتووەتە ئوردن زمانی عەرەبی نەزانیوە، هەر بە کوردی قسەی کردووە".

لە نێو هەموو تیرەکانی کوردیش کوردانی زازا لە هەمووان پتر جێی متمانەن، پۆستی سەربازی گرنگیان وەرگرتووە. خەلیل زازا دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی یەکەم کەس بووە پرۆژەی سوپای یەکگرتووی عەرەبی لەئوردن خستوەتەڕوو. داوودەزگاکانی ئاسایش و هەواڵگری ئوردن بەزۆری بەدەست زازاکانەوەیە.

عیناد کوردی وتەبێژی گرووپی کوردیی، هاتنی کورد بۆ ئوردن دەگەڕێنێتەوە بۆ دوو قۆناخ "یەکەمیان کوردە ئەیوبییەکانن، کە لەسەردەمی سەلاحەدین ئەیوبییەوە لەو ناوچەیە دەژین، بەشێکیان لە فەلەستینەوە هاتوونەتە ئوردن، دووەمیشیان: ئەو کوردانەن، کە لەسەردەمی عوسمانییەکان وەک جەندرمە هاتوونەتە ئەوێ و پاسەوانی هێڵی ئاسنینی حیجاز- شامیان کردووە و دەوڵەتی عوسمانی بە حیجاز بەستووەتەوە". بۆ ئەم لایەنەش عیناد چیرۆکی هاتنی باپیری خۆی دەکاتە بەڵگە، دەڵێ"باپیرم لە ڕوها (ئورفا)وە بە شوێن برایەکی داهاتووە، بە تەریبی ڕێڕەوی هێڵی ئاسن بە پێ ڕۆیشتووە تا گەیشتووەتە عەممان و لەوێ گیرساوەتەوە".

عوسمانییەکان بە زەبری تواناو هێزی کوردان هێڵی ئاسنی نێوان شام و حیجازیان پاراستووە، ئەمەش وایکردووە کورد وەک مرۆڤی ئازا و مەرد لەناو کۆمەڵگەی ئوردنی بناسرێن، تەنانەت ئازایەتی کورد چووەتە ناو پەندی پێشینانی ئەو ناوچەیەشەوە. پەندێک هەیە کە هێشتا فۆنەتیکی کوردی پاراستووە، وەک سومبولی ئازایەتی کورد وایە لە ئوردن و دەڵێ" کوردێ کوردانۆ، غەریب بولدانۆ، ڕاکیب حەسانۆ، بیمەختەریاشێخ".

یەک لەو بنەماڵە کوردییانەی لە تەواوی ئوردنەوە جێی ڕێزن و چەند شەقامێکی گەورەی ئوردنیان بەناوکراوە کوڕ و نەوەکانی سەیدۆ کوردین، کە سەرەتا نازناویان گۆران بووە، لەو کاتەی ئوردن سەر بەشام بووە سەیدۆ کوردی نوێنەری عەممان بووە لە ئەنجوومەنی ئەعیانی سوریا، شوێن دەستی ئەو بنەماڵەیە بەسەر ئاوەدانکردنەوەی عەممان دیاربووە، ئەوان یەکەمین بنەماڵە بوون تراکتۆریان هێناوەتە عەممان، عەلی کوڕی



سەیدۆ گۆرانیش یەکەمین کەس بووە لە ئوردن خوێندنی لە زانکۆی ئەمریکی لە ئوردن تەواو کردووە. چەندین کتێبی مێژوویی و سیاسیشی داناوە، لەوانە گەشتنامەیەکی خۆی بە ناوی (من عمان الی العمادیە،لە عەممانەوە بۆ ئامێدی)، لەم کتێبەدا نووسەر باسی زۆربەی ناوچە کوردییەکانی باشووری کوردستان دەکات، هەروەها فەرهەنگێکی عەرەبی- کوردیشی نووسیوە، کە لە 6 هەزار وشە پێکهاتووە.

کاتێکیش شا عەبدولئیلا هاتوەتە ئوردن زەوی بەسەر سەرجەم عەشیرەتەکان دابەشکردووە، بەڵام جگە لە کورد کەس ئەو زەویانەی بەکار نەهێناوە، لەپاداشتی ئەم کارەدا کورد لە باج بەخشراون و لەسەریان تاپۆکراوە، هەر بۆیە زۆرترین زەوی بەر کوردان کەوتووە.

### بنەماڵەی پاشایی ئوردن قەرزداری کوردە

ئەو کەسایەتییە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی ئوردن بوونەتە هەوێنی پەیوەندی لە نێوان بەرپرسانی کورد و بنەماڵەی شای ئوردن. سەعدەدین جومعە کە پێشتر دۆستی (سەعید قەزاز)ی وەزیری نێوخۆی عێراق لەسەردەمی پاشایی بووە، ئێستا هاوڕێی موحسین دزەییە، لەم ڕووەوە ئەو کەسایەتییە ئاماژەی بە پەیوەندی سیاسی مەلیک حوسێن و مەلا مستەفا بارزانی کرد، کە ڕێز و خۆشەویستییەکی زۆر لە نێوانیان هەبووە، لەکاتی بەخشینی ئۆتۆنۆمی بە کورد لەسەر داوای بارزانی چەند خوێندکارێک لە زانکۆکانی ئوردن وەردەگیران، یەک لەوانەش هۆشیار زێباری بوو. هەر لەبارەی ئەم پەیوەندییەش سەعدەدین جومعە دەڵێ" شای ئوردن هەمیشە خۆی بەقەرزاری کورد دادەنا،بە نووسراوێکی کۆشکی شاهانە ئاماژە بە چاکەی میرێکی ئەیوبی کردووە، کە مەککە و مەدینەی لە ساڵی 1220 ڕادەستی هاشمییەکان کردووەتەوە".

عیناد کوردی جگە لەوەی وتەبێژی گرووپی کوردییە، دەرهێنەر و بەرهەمهێنەرێکی تەلەڤزیۆنیشە، تایبەتمەندە لە فیلمی دۆکمێنتاری، 16 ساڵ لە تەلەڤزیۆنی ئوردنی کاری کردووە، دواتر چووەتە کەناڵی ART و کەناڵی (مناهج) و کەناڵی (اقراء)ی دامەزراندووە. عیناد لەبارەی ئاستی ڕۆشنبیری کوردی ئوردن دەڵێ" هەر لەسەرەتاوە کورد لە خەڵکە هەرە خوێندەوارەکەی ئوردن بوون، یەکەمین دەرچووی زانکۆ کوردبووە، یەکەم چاپخانە لەلایەن عەبدولرەحمان کوردی دانراوە و یەکەم ڕۆژنامەی بەناوی (الاردن) دەرکردووە، نیوەی بێژەرانی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنیش کوردن".

لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە کوردی ئوردن تێکەڵاویان لەگەڵ زۆربەی چین و توێژ و تیرە و پێکهاتەکانی ئوردن هەبووە، خوشکێکی میر حەسەن تەلاڵ مێردی بە کوردێک کردووە بە ناوی وەلید کوردی. هەنا محەممەدعەلی مامۆستای منداڵانی میر حەسەن بووە، سەرپەرشتیاری خوێندنی منداڵانی جێنشینی ئوردنی کردووە لە بەریتانیا و ئەمریکا. هەنا ئێستا بەڕێوەبەری بەناوبانگترین دامەزراوی پەروەردەییە لە عەممان، وەک هەنا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"پیاوی کورد لە ئوردن لە پیاوانی تیرە و عەشیرەتەکانی دیکە بەرامبەر بە ئافرەتەکانیان کراوەترن، بەڵام تائێستاش هەندێ بنەماڵەی کوردی کچەکانیان تەنیا دەدەنە پیاوانی کورد و حەز لە تێکەڵی پێکهاتەکانی دیکە ناکەن".

وەک ئەو ئاماژەی پێدا عەقلیەتی پیاوی کورد زیاتر لە پیاوی سوری و ئوردنی نزیکە، نەک لە پیاوی فەلەستینی. هەنا لە ساڵی 1944 لە دایکبووە، باوکی هەنا خەڵکی هەولێر بووە، چووەتە شام، لەوێ ئافرەتێکی سوری مارە دەکات و دێتە ئوردن و دەبێتە موتەسەریفی شاری مەعان. هەرچەندە ئەو ئافرەتە لە ئەمریکا و بەریتانیا خوێندنی تەواو کردووە، بەڵام لەگەڵ دامەزراندنی ئەنجوومەنی عەشایری کوردە، کە کوردانی ئوردن ئێستا خەریکی دامەزراندنین. بۆ ئەم لایەنەش گوتی" ڕاستە سیستەمی عەشیرەتگەری لەگەڵ دەوڵەتی یاسا و سەروەری تاک هاوتا نییە، بەڵام بۆ کوردی ئوردن دەبێتە چەترێک، کە تایبەتمەندی نەتەوەییمان دەپارێزێت".

## کاروباری ژنان

### بەناز لە پێناو خۆشەویستەکەی خۆی سووتاند



ڕووداو-کەورگۆسک
لە ناحیەی کەورگۆسکی سەر بە هەولێر، ژنێک بەناوی بەناز ک.ح، 21 ساڵ، ڕۆژی 2009/7/11 خۆی سووتاند. بەناز بە ڕێژەی 100% سووتاوەو لە ئیفادەی پۆلیسدا گوتوویەتی "سێ ساڵە بە زۆر بەشوو دراوم، پێشتر کوڕێکم خۆشدەویست، ڕۆژێک شوو براکەم منی لەگەڵ خۆشەویستەکەم بینی قسەمان دەکرد، لەسەر ئەوە بووە کێشەمان و منیش خۆم سووتاند". نەقیب ژیلەمۆ بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە هەولێر بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بەناز سکاڵای لە خەسووی هەبووە، کەس نەگیراوە، بەڵام بانگی دادگا دەکرێن.

# بێوەژنانی کوردستان داوای باشکردنی ژیانیان دەکەن

سۆران بەهائەدین
Soran2025@yahoo.com

ڕووداو-هەولێر

دوای ئەوەی ستی حەمەدەمینی تەمەن 57 ساڵ، هەردوو کچەکەی بە شووداو مێردەکەیشی مرد، کەسی نەما کاری بۆ بکات، بۆیە چاوەڕوانی خزم و دراوسێکانی دەکات خێری پێ بکەن، ستی دەڵێت ئەو 30 هەزار دینارەی حکومەت وەک هاوکاری پێیان دەدات، ناتوانێت ژیانی پێ بگوزەرێنێت.

ستی لەناو خانوویەکی کۆن، کە یەک ژوورە لە کۆمەڵگایەکی دەوروبەری هەولێر دەژی، ئەو کە 15ساڵە مێردەکەی مردووە، وەکو زۆربەی بێوەژنانی کوردستان گلەیی زۆری لە حکومەت هەبوو، پێیوابوو منداڵێک مانگانە بە 30 هەزار دینار ناژیت، چ جای بێوەژنێک کەماڵێکی بەسەرەوە بێت.

بە گوێرەی ئەو ئامارانەی لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی دەست (ڕووداو) کەوتوون،ئەوان مانگانە هاوکاری 43 هەزار خێزان لە کوردستان دەکەن (هەولێر 12689خێزان، دهۆک 9103خێزان، سلێمانی 20هەزار خێزان)، مانگانە 30هەزار دیناریان پێدەدرێت، کە هەندێک لەوانەی ئەو هاوکارییە وەردەگرن بێوەژنن.

زۆربەی بێوەژنانی کوردستان گلەیی لەو بڕە پارەیە دەکەن و دەڵێن ناتوانن بەو بڕە پارەیە بژین. لە نامەیەکدا کە واژۆی زیاتر لە 300 بێوەژنی دەڤەری ڕانیەی پێوەیەو بە نیازن بۆ وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی بنێرن، بەناوی سەرجەم بێوەژنانەوە داوا لە وەزارەت دەکەن، مووچەی مانگانەیان بۆ زیادبکرێت. ئەو بێوەژنانە لە نامەکەدا باسی خراپی ڕەوشی ژیانی بێوەژنانی کوردستان دەکەن.

مریەم حەمە شێخە، لێپرسراوی لقی ڕاپەڕینی یەکێتی ژنانی کوردستان، هۆکاری نووسینی ئەو نامەیەی گەڕاندەوە بۆ خراپی ڕەوشی بێوەژنانی ناوچەکە. بە بڕوای ئەو زۆربەی بێوەژنەکان هیچ سەرچاوەیەکی داراییان نییەو چاوەڕوانی 30 هەزارەکەو خێرخوازانن "ئەو 30 هەزارەش 4مانگ جارێک دەدرێت، هەتا وەریدەگرن مردن بە چاوی خۆیان دەبینن".

مریەم باسی ئەوەی کرد، کە هەندێک لە بێوەژنەکان لە ڕێگەیەکی دوورەوە دێن بۆ 30 هەزار دینار، کەچی زۆرجاربووە پێیان گوتراوە کاتێکی دیکە وەرنەوە هێشتا نەهاتووە "هەیە لە بناری قەندیلەوە دێتە ڕانیە، پارەکە هەر بایی کرێی ڕێی دەکات".

مریەم ئاماژەی بەوەشدا ئێستا مووچەی هەندێک لە بێوەژنەکان دەبڕن دەڵێن ئێوە ناسنامەتان نییە "بەو پیرییە ناسنامەیان پێ دەرناچێت، تازە ناسنامەیان بۆ چییە".

د.عارف حیتۆ، بەڕێوەبەری گشتیی چاودێری کۆمەڵایەتی، هۆکاری ئەوەی کە 4 مانگ جارێک مووچەی چاودێری خێزان بە یەکەوە دەدەن، بۆ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی هەژاران گەڕاندەوە، چونکە "ئەو 30 هەزار دینارە کەمە، ناکرێت هەموو مانگێک بە ڕێگاوەبن بۆ ئەو بڕە پارەیە، ئەگینا دەتوانن هەموو مانگێک وەریبگرن".

ئەو بەڕێوەبەرە ئاماژەی بەوەشدا جێگری سەرۆکی حکومەت بە زارەکی پێی ڕاگەیاندوون کە ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری زیادکردنی ئەو هاوکارییەی داوە بۆ 75 هەزار دینار، بەڵام " بە نووسراو ئاگادار نەکراوینەتەوە، ناشزانین کەی دەست پێدەکات". د.عارف گوتیشی بەرنامەیان هەیە بۆ چاککردنی ڕەوشی بێوەژنان، تا ئێستاش چەندین خول و سەنتەریان کردووەتەوە، تا ئەوانەی توانایان هەیە فێرە کاریان بکەن و ئیشیان بۆ بدۆزنەوە".

لێژنەی داکۆکیکردن لە ئافرەتان لە پەرلەمانی عێراق پرۆژە یاسایەکی پێشکێشی پەرلەمانی عێراق کردووە، بۆ هاوکاری بێوەژن و قەیرەکچان، تێیدا داوای کردووە ئەنجوومەنێک دابمەزرێت بە مەبەستی سەرپەرشتیکردنی هاوکاریکردنیان.

تانیا تەلعەت، ئەندامی پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند پەرلەمان پرۆژەکەی پەسەند نەکرد. زۆرینەی پەرلەمانتاران پێیانوابووە کە ناتوانرێت بە بڕە پارەیەک کێشەی بێوەژن و قەیرە کچان چارەسەر بکرێت و زۆر واستەکاری تێدەکەوێت، بۆیە دەنگی پێویستی نەهێنا. تانیا کە لە فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستانە لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ (ڕووداو) گوتی "پرۆژەکە زەحمەتییەکی زۆری دەخستەسەر حکومەت، بە تەواوی جێبەجێ نەدەکرا، بۆیە گەندەڵی تێدەکەوت".

دوای ڕەتکردنەوەی پرۆژە یاساکە، پەرلەمانی عێراق داوای لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی عێراق کردووە، بە بەرنامەی خۆیاندا بچنەوە بۆ هاوکاری بێوەژنان و ئەو پارەیەی مانگانە پێیاندەدرێت زیاد بکرێت و خەڵکێکی زیاتریش بگرێتەوە. تانیا گوتی داوایان کردووە کار بۆ بێوەژنان بدۆزرێتەوەو لە کاتی ئەومووچەی کە دەدرێت سوکایەتییان پێ نەکرێت "چەند کاژێر دەوەستن تا نۆرەیان دێت، ئەوە سووکایەتییە، دەبێت بە ئاسانی بەدەستیان بگات".

شەهلە ناوی خوازراوی بێوەژنێکی تەمەن 29ساڵە و دوو ساڵە تەڵاق دراوە. ئەو کە لە هەولێر دەژی، گوتی ناچاری وای لێکردووە، دووجار ڕوو لە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری خێزان بکات، تا مووچەی بۆ ببڕنەوە، بەڵام پێیانگوتووە ناو نووسین لەو پرۆژەیەدا وەستاوە.

شەهلە باسی لە ڕەوشی خۆی دەکرد کە لەوپەڕی ناڵەباری دایە، بەهۆی خراپی هەڵسوکەوتی براو دایک و باوکییەوەو ئێستاش بەردەوام سەرزەنشتی دەکەن، کە بۆچی تەڵاق دراوە "سووکایەتیم پێدەکەن، بەچاوشۆڕی نان دەخۆم، تاوانی من نەبوو تەڵاق درام، مێردەکەم خراپ بوو، بۆیە ئەگەر حکومەت هاوکاریمان بکات دەتوانین بەسەربەرزی بژین".

بەپێی ئەو ڕووپێوەی چوار ساڵ لەمەوبەر لە ڕانیە کراوە، 2300بێوەژن لە ناوچەی پشدەر و بیتوێن هەبووە، بەڵام بەرپرسی لقی ڕانیەی یەکێتی ژنان دەڵێت ئێستا ڕێژەکە زیاتریش بووە. مریەم داوا دەکات هاوکاری زیاتری بێوەژنان بکرێت، چونکە زۆربەیان کرێچین "زۆرمان هەوڵداوە، بەڵام وەڵاممان نادەنەوە".




# بووک و زاواکان هێشتا بە دەرزی سنجاق خۆیان دەکەنەوە



لەنیا مەحمود
ڕووداو- سلێمانی

"شەوی زاوایەتی دەرزییەکی سنجاقم لەیەخەی مێردەکەمدا، ئەویش پێیگوتم بۆچی وادەکەی؟ پێمگوت نەوەک بەسترا بیت، ئەگەر بەسترا بی ئەو دەرزیە دەتکاتەوە". شەونم کە ئێستا بووەتە خاوەنی منداڵێک، هەرچەندە دەرچووی زانکۆیە، کەچی بڕواشی بە بەستنی زاوایان هەیە.

شەونمی تەمەن 26 ساڵ، دەڵێت "گومانی تێدا نییە ئەگەر زاوا بەسترابێت، دەرزیەکی سنجاق لەبەرۆکی بدەی، بەتاڵ دەبێتەوە!".

هاوکات لەگەڵ بەرز بوونەوەی ڕێژەی خوێندەواری و ئاستی زانستی، بەڵام هەندێ داوونەریت زەحمەت لەناو دەچن و دەمێننەوە، یەکێک لەو داوونەریتانەی تاوەکو ئێستا لەنێو کورددا هەیە، مەسەلەی بەستنی زاوایە لە شەوی زاوایەتیدا. ئەو باوەڕە کۆنە، کە هیچ بنەمایەکی زانستی نییە، زۆر کەمبووەتەوە، بەڵام هێشتاش ماوە. چیرۆکی بەستنی بووک و زاوا لەناو کوردەواری زۆرن، بەچەندین شێواز و بەچەندین ڕێگە باسی لێوە دەکرێ و بووەتە بەشێک لەکولتوری هاوسەرگیری.

قادر پیرۆت، تەمەن 47 ساڵ، لەو باوەڕەدایە کاتێک زەماوەندی کردووە، ماوەی سێ ڕۆژ بەستراوەو هەستی پێدەکرد، لەبەرئەوەش نەبووە زاوا. ئەو دەڵێ بۆیە ناچار بووە پەنا بۆ شێخێک ببات تاوەکو ڕزگاری بکات. قادر گوتی کە چووە لای شێخێک، دوعای بۆ کرد و نووشتەکەی بەکار هێنا، ئینجا توانی ببێتە زاوا.

قادر باسی ئەوەشیکرد هۆکارەکانی بەستن جۆراوجۆرن "هۆکاری بەستنەکەی ئەوەیە، لەکاتی مارەکردن نابێت هیچ کەس دەنگ بکات و بجوڵێ یان تەسبیح بەکاربێنێت، یان شتێک بکات، ئەمە هۆکاری بەستنەکەیە". لە ئەزموونی خۆیەوە و بە بڕوا بوونەوە گوتی "بەڵام دەتوانی بەتاڵی بکەیەوە".

مام عەبدوڵڵا، پیاوێکی پیرە و لەمبارەیەوە بیرەوەری زۆری لایە "من بیرم دێ لەبەرئەوەی زاوایەک ماوەی مانگێک بەسترابوو، هاوسەرگیرییەکەی هەڵوەشایەوە و لەهەفتەی یەکەم گرفت لەنێوان بووک و زاوادا دروستبوو". ئەو باوەڕی بە بەستنی زاوا هەیە و بە پێداگیرییەوە دەڵێ "ئەو مەسەلەیە ڕاستە و خەڵکانێک هەن دەبەسترێن و دەبێت لای پیاوچاکان چارەسەری خۆیان بکەن".

شێخ تەها، کە پیاوێکی ناسراوی ناوچەی ڕانیەیە بەستنی زاوا و بەکارهێنانی دەرزی و شتی لەم جۆرە پشتڕاست دەکاتەوەو ئاماژەی بەوەشدا کە تاوەکو ئێستا دەیان کەس سەردانیان کردووە و پێیانگوتووە یا شێخ دوعامان بۆ بکە، ئێمە بەستراوین. ئەو شێخە دەڵێت "تائێستا چەند زاوام ڕزگارکردووەو چەند گرێشم کردووەتەوە". ئەو دەڵێ کارەکە بۆ پارە ناکات، بەڵکو "تەنها بۆ هاوکاری خەڵک ئەو کارە دەکەم".

تاوەکو چل ڕۆژ بەسەر زەماوەندەکەیان تێنەپەڕی، شاد تۆفیق، تەمەن25 ساڵ نەیهێشت مێردەکەی دەرزیەکە لەیەخەی بکاتەوە. ئەو ژنە گەنجە باوەڕی بەو نەریتییە کۆنە هەیە و دەڵێ "من ئەوە بەڕاست دەزانم و دەوری زۆریشی هەیە لە کردنەوەی زاوایان کاتێک دەبەسترێن". ڕۆنیا محەممەد، ژنێکی دیکەیە لەو ژنانەی کە چیرۆکی شەوی بوکێنی خۆی دەگێڕێتەوە" من و مێردم شەوی بوکێنیم بەسترابووین و زۆر بێزاربووین، پاش پێنج ڕۆژ دایکم چووە لای مەلایەک، مەلا بەدایکمی گوتبوو، لەکاتی مارە بڕین پەنجە تەقێنراوە بۆیە بەستراون". ڕۆنیا دەڵێت "دوعای بۆ کردین و یەکسەر بەسترانەکەمان نەما".

کۆمەڵناسان و شارەزایانی بواری کۆمەڵ، ئەو جۆرە داوونەریتانە بە باوەڕی "پڕوپوچ و نازانستی" دەزانن و پێیانوایە هیچ ڕاستییەکیان تێدا نییە. پەروین حەسەن، توێژەری کۆمەڵایەتییە و پێیوایە ئەو دەرزی لەیەخەدان و گرێ و قژ و پەنجە تەقاندنەی کە باس دەکرێن "باوەڕێکی کۆنە"، ئەو توێژەرە گوتیشی "هیچ زانستی نییەو حاڵەتێکی کۆنە و لەباب و باپیرانمان بۆ مان ماوەتەوە و زاڵە بەسەرماندا"، گوتیشی "لەلای کەسە دواکەوتووەکان ئەو کولتورە هەر هەیە، لەکاتێکدا کۆمەڵگەی ئێستا زۆر پێشکەوتووە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە".

هەروەک مامۆستایانی ئایینیش باسی دەکەن، بەپێی شەریعەتی ئیسلام، بەسترانی زاوایان بناخەیەکی لۆژیکی نییەو جێگەی بڕوا نییە.مەلا ئەحمەد قامیشی دەڵێت ئەوانەی ئەو جۆرە کارانە دەکەن، بیرکردنەوەی کۆن و داوونەریت زاڵە بەسەریانداو وەک گرێی دەروونی لێهاتووە لەلای ئەوان " ئەگینا ئیسلام لەگەڵ ئەو شتانە هیچ کۆک نییە"، گوتیشی "ئەو کەسە خۆی دەخەڵەتێنێت و بەو دوعایە دەروونی خۆی ئاسوودە دەکات و گرفتەکەی نامێنێت".



# ئاوات بە 7 گوللە کوژرا

## "شەڕەفی منیان کرپیەوە، سکاڵای چی" مێردی ئاوات

ڕووداو-هەولێر

بەرەبەیانی 2009/7/10 لە ناحیەی ڕزگاری سەر بە پارێزگای هەولێر، تەرمی ژنێک لە چۆڵەوانییەک بە ناوی ئاوات .ک . ع، تەمەن 25ساڵ دۆزرایەوە، بەگوێرەی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانی پۆلیس، ئاوات بە کلاشینکۆف لەلایەن براکەیەوە کوژراوە، بەڵام تائێستا کەس دەستگیرنەکراوە.

عەمید عەبدولخالق تەلعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێربە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئاوات لەلایەن خێزانەکەیەوە لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی کوژراوە. بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر گوتی هەرچەندە کەس سکاڵای تۆمار نەکردووە، چونکە لەلایەن خێزانەکەی خۆیانەوە کوژراوە. بەڵام بەپێی کارکردنی دوو ساڵ لەمەوبەری حکومەتی کوردستان بۆ نەهێشتنی ژنکوژی لە کوردستان، پۆلیس ئێستا خۆی بە دوای ئەو کێشانەدا دەچێت "فەرمانی دەستگیرکردنی برایەکی ئاوات دەرچووە، بەڵام تا ئێستا کەس دەستگیر نەکراوە".

کوشتن لەسەر شەرەف دیاردەیەکی بڵاوەو زۆرجار ژنان لەسەر تۆمەتێکی هەڵبەستراو دەکوژرێن. بەپێی ئاماری وەزارەتی مافی مرۆڤی کوردستان، لە ساڵی 2008دا لە کوردستان 117 ئافرەت بەناوی پاراستنی شەرەفی بنەماڵە کوژراون (لە هەولێر 52 ژن، سلێمانی 43 ژن و دهۆک 22 ژن).

بەڵام لە کوردستان کوشتن لەسەر شەرەف، جیاواز لە ناوچەکانی دیکەی عێراق بەپێی هەموارکردنە یاساییەکان بە "تاوان" دادەنرێ. ئەو تاوانانە تائێستا لە زۆربەی وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکاندا بە تاوان دانانرێ، بەڵام سوریا لە هەفتەی ڕابردوودا هەنگاوی بە تاوان دانانی ئەو کوشتنانەی هەڵێنا.

سەرچاوەیەکی پۆلیس کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، ئاماژەی بەوەدا، ئاوات لە بەرەبەیاندا لەلایەن برایەکییەوە بەناوی (خ.ک) لە ماڵی مێردی دەردەهێنرێت و دەیباتە چۆڵەوانییەکی دەرەوەی ناحیەکە، پاشان دەیداتە بەر دەستڕێژی گوللە، دوای ئەوەی پۆلیس لە ڕووداوەکە ئاگادار دەکرێتەوە، تەرمی ئاوات دەدۆزنەوە.

دوای ئەوەی پۆلیس دەگاتە شوێنی ڕووداوەکە، جگە لە تەرمی ئاوات، قەوانی 23 فیشەک دەدۆزنەوە، بۆشیان دەردەکەوێت ئاوات 7 گوللەی بەر پشتی کەوتووە. لەبەر ئەوەش وا مەزەندە دەکرێ ئاوات هەوڵی خۆ ڕزگارکردنی دابێ و هەوڵیدا بێ ڕابکات.

پۆلیس تەرمی ئاوات دەگەیێنێتە پەیمانگەی پزیشکی دادوەری کوردستان، بەڵام ماڵی باوکی ئاوات ئامادە نابن تەرمەکە وەربگرنەوە، دواجار مێردەکەی دوای دوو ڕۆژتەرمەکەی وەردەگرێتەوە.

نەقیب ژیلەمۆ عەبدولقادر، بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە هەولێر، ئاماژی بەوەدا تا ئێستا وردەکاری تەواوی کوشتنی ئاوات نازانن، بەڵام بۆیان دەرکەوتووە لەلایەن برایەکییەوە کوژراوەو لێکۆڵینەوەش لە ڕووداوەکە بەردەوامە.

ئاوات نەخۆشی درێژخایەنی هەبووەو ئەوە سێیەم مێردی بوو کرد بووی، لەو مێردەی منداڵی نەبوو، بەڵام لەوانەی پێشتر منداڵی هەبوو. مێردی ئاوات لە کاتی وەرگرتنەوەی تەرمی ژنەکەی شانازی بە برای ژنەکەیەوە کردبوو، گوتبووی "ژنەکەم لەلای من دانەدەنیشت بەردەوام دەچووە لای خوشکەکانی". لەو کاتەی پۆلیس بە مێردی ئاوات دەڵێت سکاڵا لەسەر کەس تۆمار دەکەی، ئەو گوتبووی "برای ژنەکەم شەرەفی منی کڕیووەتەوەو شەرەفی خۆیشی کڕیوەتەوە، سکاڵای چی".

بەگوێرەی ئەوزانیاریانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، ئێستا براکانی ئاوات هەڵاتوون بۆ شوێنێکی نادیار، بەڵام مێردەکەی هەرچەندە هیچ فەرمانێکی گرتنی نییە، چووەتە لای بەرپرسێکی سەربازیی پارتی. دوای وەگرتنەوەی تەرمی ئاوات، کەس پرسەی بۆ دانەنا.

## نەتەوەیەکگرتووەکان هۆشداری دەدات

# ژمارەی دانیشتوانی جیهان دەبێتە 11 ملیار



**ڕووداو- ئەڵمانیا**

سندوقی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان UNFPA، لە ڕاپۆرتێکدا هۆشداریی دا کە ئەگەر سنوورێک بۆ زاوزێی لەرادەبەدەری دانیشتووانی گۆی زەوی دانەنرێ ئەوا ژمارەی دانیشتووان تاساڵی 2050 لە 11 ملیار کەس تێدەپەڕێ.

لە 1987/7/11دا دانیشتووانی جیهان لە سنووری پێنج ملیار کەس تێپەڕی. سندوقی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان بەهۆی هێنانە بەرباسی ئەو کێشە و گرفتانەی بەهۆی زۆربوونی ژمارەی دانیشتووانی جیهان هاتە ئاراوە، لەساڵی 1989 یازدەی حوزەیرانی بە"ڕۆژی جیهانی دانیشتووانی زەوی" ناودێر کرد.

ژمارەی ئێستای دانیشتووانی زەوی 6.8 ملیار کەسە، ئەگەر پێش بە زاوزێی لە رادەبەری ئێستا نەگیرێ، پێشبینی دەکرێ لەساڵی 2050دا ژمارەی دانیشتووانی زەوی لە سنووری 11 ملیار کەس تێپەڕێ، بەڵام ئەگەر کۆنترۆڵی زۆرتر لەسەر بەرزبوونەوەی ژمارەی دانیشتووان بکرێ ئەو هیوایە هەیە کە ژمارەی دانیشتوان لەساڵی 2050دا تەنیا بگاتە سنووری 8 ملیار کەس.

لەکاتێکدا گەشەی دانیشتوان لەساڵی 2005 لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوا بەرەو نزمبوونەوەیەکی بەرچاو چووە، بە پێچەوانەوە دانیشتووانی زۆربەی وڵاتانی پەرەنەگرتووی وەک نایجیریا، سومال و سیرالیۆن لەزیادبوونێکی خێراداان. هەروەها لە وڵاتانی جیهانی سێیەم، بۆ نموونە لە هیندستان کە ژمارەی دانیشتووانی لەساڵی 2000 یەک ملیار کەسی تێپەڕاند، ساڵی 2008 گەیشتە ملیارێک و 150 ملیۆن کەس. پێشبینیش دەکرێ ئەو ژمارەیە تا ساڵی 2050 بگاتە 1.6 ملیار کەس و پلەی یەکەمین وڵاتی جیهان لەڕووی زۆریی ژمارەی دانیشتووان لە چین وەربگرێ کە ئێستا ژمارەی دانیشتوانی گەیشتووەتە ملیارێک و 335 ملیۆن کەس.

بەپێی هەندێ ئامار و پێشبینی، 20 نەتەوە لە ئەورووپا بەهۆی تێکچوونی شیرازەی خێزان و منداڵ دروستنەکردن لەبەر هەڕەشەی لە نێوچووندان، لەکاتێکدا بەهۆی زۆر منداڵ دروستکردن لەلایەن خێزانی پەنابەرە موسڵمانەکانەوە ئەگەری زیادبوونی موسڵمانەکان لە ئەورووپا زۆر لێکدانەوەی لەسەر ئایندەی ئەو کیشوەرە دروستکردووە.

ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی دانیشتووانی سەر زەوی، مەبەستی هێنانەدی کۆمەڵێک ئامانجە، لەوانە ریشەکێشکردنی هەژاری و برسێتی، دابینکردنی خوێندن بۆ هەمووان، بەرەوپێشبردنی یەکسانیی رەگەزی، کەمکردنەوەی ڕێژەی مردنی منداڵان، باشکردنی تەندروستی دایکان، خەبات لەدژی ئایدز، مەلاریا و نەخۆشییەکانی دیکە، پاراستنی ژینگە و هاوکارییەکی جیهانی بۆ پەرەپێدانە .بۆیەش زیادبوونی لەرادەبەدەری ژمارەی دانیشتووان بەتایبەتیش لەوڵاتە هەژارەکاندا، بەربەستێکی ڕاستەقینەیە لەبەردەم جێبەجێکردنی پرۆگرامەکانی بووژاندنەوەو پەرەپێدان.

# لە سوێد گەرمی لەشی مرۆڤ دەکرێتە کارەبا

**ڕووداو-سوێد**

شاری ستۆکهۆڵم بە پایتەختە سەوزەکەی ئەورووپا ناسراوە. ئەوەش پەیوەندی بەو سیاسەتە ژینگەپارێزییەوە هەیە کە نزیکەی بیست ساڵە حکومەتی سوێد لەو شارە و سەرتاسەری وڵاتدا پەیڕەوی دەکات. لە سەرەتای مانگی ئەیلولی 2009 دا، سوێد خولی تازەی سەرۆکایەتیی یەکێتیی ئەورووپای وەرگرت. یەکێک لە پرسیارە سەرەکییەکان ئەوەیە کە تا چەند نموونەی ژینگەپارێزیی سوێد بۆ سەرتاسەری ئەورووپا دەگوازرێتەوە؟

### نموونەی گەڕەکە سەوزەکە

لە ستۆکهۆڵم گەڕەکێک هەیە کە سوێد وەک بەڵگەی سەرکەوتوویی سیاسەتی ژینگەپارێزیی خۆی پیشانی دنیای دەدات، Hammarby Sjöstadtناوی گەڕەکەکەیە و لە جێگەی کۆنە ناوچەیەکی پیشەسازیدا دروستکراوە کە جیاوازییەکی تەواوی لەگەڵ گەڕەکەکانی دیکەدا هەیە. بۆیەش زۆر کەس حەزدەکات تێیدا بژی. لە Hammarby Sjöstad ڕێوشوێنی توند گیراونەتە بەر بۆ لێخوڕینی ئۆتۆمبێل. بۆیەش ئەوێ وەک گەڕەکەکانی دیکە ڕۆژانە جمجمەی نایێت لەبەر ئۆتۆمبێل و دانیشتوانیشی کەمتر هەراسان دەبن بە ژاوەژاو.

لەوگەڕەکە نموونەییەدا خەڵک بە غازێک چێشت لێدەنێن کە بۆ ژینگە خاوێنترەو، لە پاشماوەی ناو زێرابەکانی خۆیانەوە بەرهەم هێنراوە. هەروەتر زبڵیش تەنیا لە چەند ناوەندێکی دیاریکراوی گەڕەکەکەدا کۆدەکرێتەوەو دواتر ئۆتۆمبێلەکانی شارەوانی دێن دەیبەن. کارمەندێکی بەشی کاروباری ژینگەی شارەوانیی ستۆکهۆڵم بە ڕۆژنامەنووسان دەڵێت: "ئەو ئۆتۆمبێلانەی شارەوانی کە دەچنە گەڕەکەکەوە بۆیان هەیە لەوێ تەنیا 208 کیلۆمەتر لە ساڵێکدا لێبخوڕن. جاران کە هیچ پلا نێکما ن نەبوو بۆ خاوێنکردنەوەی ناوچەکە ساڵانە هەرئۆتۆمبێلێک 2.828 کیلۆمەترلێیدەخوڕی. ئەمەیش مانای وایە کە خەڵک تەنیا لەدەست دەنگی بەرز و ئاڵودەبوونی هەوا ڕزگاریان نەبووە، بەڵکو ڕووداوی هاتووچۆش کەمتر بوونەتەوە."

### زیاتر بوونی خەرجییەکان

وڵاتانی ناو یەکێتی ئەورووپا لەسەر ئەوە پێکهاتوون کە تاوەکو ساڵی 2020 رادەی پیسبوونی ژینگە بە گازی دوانۆکسیدی کاربۆن لە ئەورووپادا بە ڕێژەی 20% کەمتر بکەنەوە. ئەوەش بەمانای سنووردارتر کردنی کارە ئابوورییەکانی زۆر کارگەی گەورەیە کە ئابووری هەندێک وڵاتی لەسەر راوەستاوە. بۆیە بۆ نموونە ئیتاڵیا و پۆڵۆنیا تاوەکو ئێستاش زۆر قایل نین بە نێوەڕۆکی ئەو پێکهاتنەی کە لەو بارەیەوە کراوە. ئەمەش مەترسی ئەوە دروستدەکات کە ئەو دوو وڵاتە لە ئایندەدا کەمتر جیدی بن لە بەشداریکردن لەو گفتوگۆیانەدا کە بۆ پاراستنی ژینگە لە ئەورووپا و تەنانەت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیشدا دەکرێن.

سەرۆک وەزیرانی سوێد کە سەرەتای مانگی ئەیلولی ئەمساڵ لە چێشتخانەیەکی ستۆکهۆڵمدا و زۆر بە سادەیی بۆ ڕۆژنامەنووسان قسەی دەکرد پێیوابوو ئەو بۆچوونەی هەندێک وڵاتی ئەورووپی هەیانە سەبارەت بە زیاتربوونی خەرجییەکانیان و زیانکەوتن بە کارگەکانیان بەهۆی پەیڕەوکردنی سیاسەتی ژینگەپارێزییەوە هیچ ڕاست نییە. "لە ساڵی 1990ەوە ڕێژەی بەرهەمهێنانی گازی دوانۆکسیدی کاربۆن لە سوێد بە ڕێژەی 10% دابەزیوەو هاوکات ئابووریشمان بە ڕێژەی 50% باشتر بووە". قسەکانی سەرۆکوەزیرانی سوێد بۆیە جێی بڕوایە چونکە وڵاتەکەی خۆی کە کۆمپانیای ئۆتۆمبێلسازیی ڤۆڵڤۆ دەسەڵاتێکی زۆری تێدا هەیە ماوەیەک پێش ئێستا ناچارکرا کە بەرنامەیەکی ژینگەپارێزانەتر ڕەچاو بکات. بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی NRS ی هۆڵەندی ڕێژەی ئەو کارەبایەی کە ئەو کۆمپانیایە بۆ بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێلێک لە بەلجیکا بەکاریدێنێت نیوەی ئەو بڕەیە کە لە سوێد هەمان کۆمپانیا بەکاری هێناوە. هۆی ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە سوێد ناوەندی مەزنی بەرهەمهێنانی کارەبا بە وزەی ناوەکی هەن و نرخی کارەبا هەرزانترە.

### وزە و گەرمیی لەش

هەرچەندە هێشتاش وڵاتانی دیکەی یەکێتی ئەورووپا گەرموگوڕییەکی وایان پێوە نابینرێ بۆ ئەو بەرنامانەی کە سوێد لە بواری ژینگەدا بۆ یەکێتییەکە هەیەتی، بەڵام ئەو وڵاتە لە ناوەوڕا خەریکی پەرەپێدانی پرۆژەی فراوانترە. بۆ نموونە بڕیاروایە لە وێستگەی شەمەندەفەری شاری ستۆکهۆڵمدا وێستگەیەکی بەرهەمهێنانی وزە دابنرێت. ئەو وێستگەیە کاری ئەوە دەبێت کە گەرمی لەشی ئەوانەی بە شەمەندەفەر سەفەر دەکەن و لە ناو وێستگەکەدا دێن و دەچن هەڵمژێ و دواتر بیگۆڕیت بۆ وزەی پاشەکەوتکراو.

چاودێران پێیانوایە بەردەوامبوونی سوێد لەسەر ئەو سیاسەتەی ئێستای وادەکات کە ئەو وڵاتە لە ئایندەدا ئابوورییەکی بەهێز و پێشەنگانە دابمەزرێنێت و بیرۆکە ژینگەپارێزییەکانی بە وڵاتانی دیکەی دنیاش بفرۆشێتەوە.



**ئەو وڵاتە لە ئایندەدا بیرۆکەکانی لەو بوارەدا بە وڵاتانی دیکە دەفرۆشێت**

**بە هۆی سیاسەتی ژینگەپارێزانەوە ئابووری سوێد 50 % پێشکەوتووە**

# تورکەکانی یوگۆر خەون بە کۆماری تورکستانی ڕۆژهەڵاتەوە دەبینن



بەگژداچوونەوەی خۆپیشاندەرانی یوگۆر و پۆلیسی چینی (فۆتۆ:AFP)

**ڕووداو- ئاژانسەکان**

سەرەتای ئەم مانگە، بەهۆی پێکدادانی نێوان هێزەکانی ئاسایشی چین و خۆپیشاندەرانی سەر بە ڕەگەزی یوگۆر کە گەلێکی موسڵمانی تورک زمانە، لانیکەم 156 کەس گیانیان لەدەست دا.

خۆپێشاندەرانی یوگۆر لە بازاڕی سەرەکیی شارەکەدا لەگەڵ هێزەکانی پۆلیس کەوتنە شەڕو پێکدادان، بەوهۆیەوە شاری ئۆرۆمچی پایتەختی هەرێمی سینگیانگ کە دەکەوێتە سەر سنووری ڕۆژئاوای چین، خرایە ژێر چاودێرییەکی توندەوە.

لەساڵی 1949وە کە کۆمۆنیستەکان لەچین حوکمی ئەو وڵاتەیان گرتووەتە دەست، تا ئێستا چەندین جار نائارامی هەرێمی تورکستانی ڕۆژهەڵاتی گرتووتەوە کە دواتر لەسەردەمی حوکمڕانی شیوعییەکاندا ناوی هەرێمی سینگیانگی لێنرا، کە بەمانای هەرێمی نوێ دێت و دەکەوێتە ئەوپەڕی باکووری ڕۆژاوای چینەوە.

گەلی یوگۆر کە لەگەڵ گەیشتنی ئاینی ئیسلامدا بەسەمەرقەند لەسەدەی هەشتەم بوونە موسڵمان، بەهەمان شێوەی گەلی تیبت، بەرەورووی چەوساندنەوەی سیاسی و ئابووری و ئاینی بوونەتەوە لەسەر دەستی"هان"کە زۆرینەی گەلی چین پێکدێنن. ئەوان ئەگەرچی پێش بەرپابوونی شۆڕشی چین بەسەرۆکایەتی ماوتسی تۆنگ کۆماری تورکستانی ڕۆژهەڵاتیان ڕاگەیاندبوو، بەڵام لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی کۆمۆنیستی، هەرێمەکە بەشێوەیەکی ئاشتیانە کەوتەوە بندەستی کۆمۆنیستەکان. هەرچەندە ڕێژەی رەگەزی هان لەو سەردەمەدا تەنیا 6%ی دانیشتوانی ئەو هەرێمە بووە، بەڵام ئێستا ئەو ڕێژەیە گەیشتووەتە 40%.

هەرچەندە پارتی کۆمۆنیستی دەسەڵاتدار زۆر هەوڵی دا بۆئەوەی توندوتیژی بەرپا نەبێت، بە تایبەتی لەم ساڵەدا کە بایەخێکی رەمزیی هەیە، چونکە وڵات بەبۆنەی یادی 60 ساڵەی سەرکەوتنی شۆڕشی کۆمۆنیستی چینەوە ئاهەنگ دەگێڕێ. دەسەڵاتدارانی چین، بەرپرسیارێتی ئەو توندوتیژییە دەخەنە ئەستۆی چالاکگەرانی یوگۆر کە لە دەرەوەی وڵات دەژین. حکومەتی چین پەنجەی تۆمەت بۆ"رەبیعە قەدیر"خانمە سەرکردەی یوگۆر درێژ دەکات کە لە واشنتن دەژی. حکومەتی چین دەڵێ کە ئەو گرووپانە هەوڵی جیابوونەوە لە چین و پیلانگێڕی دژ بەو وڵاتە دەدەن. ئەوەش هەمان ئەو تۆمەتەیە کە حکومەتی چین ئاراستەی دالای لاما سەرکردەی ڕۆحیی تیبتی دەکات. خاتوو قەدیر لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە واشنتن ڕایگەیاند کە ئەو داوای خۆپێشاندانی لەخەڵک نەکردووە.

شاری ئۆرۆمچی ماوە ماوە ڕووبەڕووبوونەوەی سووکتری بە خۆوە دیوە، ئەو شارەی کە دەبوو ببێتە ڕووکاری هەرێمێکی گەشەکردوو، لە چوارچێوەی هەڵمەتێکدا بۆ"پەرەپێدانی ڕۆژاوا"کە حکومەتی چین ڕایگەیاندووە. لەو هەڵمەتەدا گەورەترین ئەو کۆمپانیایانەی لە کەنارەکانی ڕۆژهەڵاتی وڵاتدا کاریان دەکردو لە ژێر دەسەڵاتی (هان)دان، لەلایەن حکومەتەوە لە باج دەبەخشرێن و بارەگای بە خۆڕاییان دەدرێتێ و گەلێ شێوە هاندانی دیکەیان پێ دراوە، بە مەبەستی ئەوەی کار و پرۆژەکانیان لە کەنارەوە بەرەو ئەو شوێنە دوورەدەستەی ڕۆژاوا رابکێشێت. هەرچەندە حکومەت یارمەتیدەر بوو بۆ پەرەپێدانی ئەو ناوچەیە، بەڵام کرێکاران لە کەمینەکان کە هەر تەنیا بریتی نین لە یوگۆر، بەڵکو کازاخ و مەنگۆلیشن، هەردەم سکاڵای ئەوەیان بوو کە بەرپرسەکانیان لە هان هەر تەنیا کار و فەرمانی نزم و کەم کرێیان پێ دەدەن، کەچی کار و فەرمانی بەرز و کرێ زۆر، هەر بە خەڵکانی سەر بە نەتەوەکەی خۆیان دەدەن.

جێی باسە ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لەدوایین ڕاپۆرتی خۆیدا بەناوی "شوناسی ئەتنیکیی یوگۆر لەمەترسیدایە" بەتوندی سەرکۆنەی دەسەڵاتدارانی چینی کرد کە هیچ هەنگاوێکی بۆ ڕێگەگرتن لە جیاکاری ڕەگەزپەرستی دژی تورکەکانی یوگۆر نەناوە.



### بەڕێز سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان

# دوو برام شەهیدەو زوڵمم لێدەكەن



من هاووڵاتییەكی گەڕەكی برایەتی شارۆچكەی سۆرانم، زیاتر لە 13 ساڵە باخچەیەكم دروستكردووە، لەسەر زەوی شارەوانی كە ئەوكات هەموو ناوچەكە چۆڵ بوو، خەرجییەكی زۆرم لێكردو بژێوی ژیانمان لەسەر ئەو باخچەیە بوو، زیاتر لە سەت هەزار دارمان لێ چاندبوو، بەڵام ئێستا بەهۆی دروستكردنی شەقامێكەوە كە بە ناو باخچەكەماندا هاتووە، هەموو باخچەكەمی تێكداوەو نەماوە.

ئەوەی جێگەی داخە تائێستا هیچ لایەنێك قەرەبووی نەكردووەمەتەوە، داواشم لە بەرپرسانی سۆران كردووە، پێمدەڵێن قسە بكەی مەفرەزەی چەكدارت دەنێرینە سەر. چونكە هەژارم و هیچ واستەم نییە بۆیە وام لێدەكەن، ئەگینا بۆچی ئەو خانووانەی ئەندازیارەكان كردوویانە بەهەمانشێوە لەسەر زەوی شارەوانییە و لە شوێنی ڕێگاكەیە كەچی لەو شوێنە جادەكەیان سوڕاندووەتەوە، با لێژنە بێت سەیری بكات، بۆ ئەوەی دەربكەوێت وایە یان نا؟

داوا دەكەم قەرەبووم پێبدرێ. ئێستا منداڵێكم خەریكە چاوەكانی بەتەواوی لەدەست دەدا، پێویستی بە نەشتەرگەرییە لە ئێران، پارەم نییە، هاوسەرەكەشم نەخۆشی دڵ و دەروونی هەیە، دوو برام شەهیدە، ئامۆزام لەگەڵ بارزانی نەمر كاتی خۆی چووەتە ڕووسیا، كەچی ئێستا زوڵمم لێ دەكەن.

**موسا ئیبراهیم ساڵح**
**دانیشتووی سۆران**

### بۆ بەڕێز وەزیری پەروەردە

# با مووچەی ئێمەش بەرزبكرێتەوە

ئێمە دەرچووانی پەیمانگەی مەڵبەندی مامۆستایان و پەیمانگەی تەكنیكی هەولێر كە ژمارەمان 500 مامۆستایە، لە ساڵی 2005-2006 بە فەرمانی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی كوردستان و بەڕێوەبەرایەتی میلاكات ژمارە 607 لە 2006/11/17 بەپێی ڕێنماییەكانی دارایی/2 بە نووسراوی ژمارە 7654 لە 2004/1/16 بڕیاری دامەزراندنمان درا، بەناونیشانی مامۆستای سەرەتایی لە پەروەردەكانی پارێزگای هەولێر.

وەك ئاشكرایە بە پێی ڕێنماییەكانی دارایی دەرچووانی مەڵبەندی مامۆستایان پاش یەك ساڵ لە دەست بەكاربوونیان مووچەیان بۆ بەرز دەكرێتەوە، دیارە زۆربەی ئەم مامۆستایانەی لەگەڵ ئێمە دامەزراون مووچەكەیان بەرز كراوەتەوە، بەڵام ژمارەیەك لە ئێمە تائێستا بەرزكردنەوەیان بۆ جێبەجێ نەكراوە، كەچی ماوەی 20 مانگە چەندین جار سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی میلاكاتمان كردووە لە وەزارەتی پەروەردە، دیارە لە وەڵامدا بڕوبیانوی جۆراوجۆر دەهێننەوە، جارێك دەیگێڕنەوە بۆ نەناردنی ناوەكان لەلایەن پەروەردەكانەوە، جارێكیتر دەڵێن ڕێنماییە نوێیەكان ئێوە ناگرێتەوە، هەندێك جاریش دەڵێن پەلە مەكەن بۆتان جێبەجێ دەكەین.

ئێمە لە وەڵامی ئەم بیانووانە دەڵێین ئەگەر پەروەردەكان كەمتەرخەمیان كردووە بۆچی ئێمە باجەكەی بدەین، خۆ ئەگەر ڕێنمایی گۆڕاوە ئێمە پێش یەك ساڵ زیاتر لە گۆڕانی ڕێنماییەكە موستەحەقی بەرزكردنەوە بووین. دەبێ مامۆستایانی دەرچووی هەمان ساڵ و هەمان دامەزراندن مووچەیان جیاواز بێت؟ ئێمەی مامۆستایانی كەم خزمەت مووچەكەمان ئەوەندە نییە، هەتا ئەم بەرزكردنەوەیەی دەمانگرێتەوە بكەینە دیاری بۆ حكومەت. بەڵگە دەیسەلمێنێ كە لیستی ئەم مامۆستایانەی كە بەرزكردنەوەكە دەیانگرێتەوە لەبەردەستی بەڕێوەبەرایەتی میلاكاتی وەزارەتی پەروەردەیە. بۆیە داوا لە بەڕێزتان دەكەین كێشەكەمان بۆ چارەسەر بكەن.



**داواكاران**
**ئەو مامۆستایانەی كە بەرزكردنەوەی مووچەیان بۆ جێبەجێ نەكراوە**

# قسەی ئێمە سەبارەت بە هەڵبژاردن



**سیروان سیرینی***

s_sereni@yahoo.com

گشت لیست و ڕەنگ و دەنگەكان دڵسۆزی ئەم ئاخ و خاك و خەڵكەن. جەرگسۆزی ئەم گەل و نیشتیمانەن. سەردەمانێك سینگی پۆڵایینی زۆربەیان وەك قەڵغان بوو بەرامبەر بەگوللە و تانك و تۆپی دوژمنان و ناحەزانی میللەتەكەمان. بۆیە كەسمان نامۆنین بەم نیشتیمانە. ئەو لیستانە هەڵقوڵاوی ناواخنی ناخی ئەم گەلەن و، هەوێنی خەباتی ڕزگاریخوازی شۆڕشی كوردایەتین. كەواتە با بە وزەو گوڕو تینێكی پڕەوە بچین بۆ دەنگدان و، نیشانی دونیای بدەین كە بەڵێ، ئەوە ئێمەین كورد، هیچمان لەگەلانی دیكەی جیهان كەمتر نییە. ئێمەین دەزانین چی دەگوزەرێ لەجیهانی سیاسەت و ئابووری ئەم سەردەمەدا. دەمێكە بەناو پرەنسیپە ئینسانییەكان ڕۆچووین و لەمێژە بیرمان هەیە و هەین . ئیتر با گشت لایەكمان خزمەتی وڵات و، بەختەوەری میللەت بكەینە مەحەك. دوور بین لە گرژی و ڕێگر بین لەهەر دیاردەیەكی كرێت و ناشارستانی لەم هەڵبژاردنە چارەنووس سازەدا.

هەبوونی دەنگی جیا لەم هەڵبژاردنەدا ئاماژەی پێشڤەچوون و سەركەوتنی پرۆسەی دیموكراسییە لە كوردستان. بە بوونی فرە دەنگی و، فرە لیستی چرای ئازادی و چرۆی شارستانی زیاتر گەشە دەكا. بەبوونی دەنگ و ڕەنگی جیا هەڵبژاردن ڕەونەقتر لق و پۆپی دیموكراسی دەردەكات و، پرەنسیپەكانی مەدەنیەتیش جوانتر چەكەرە دەكەن. ئیدی با میللەت حەكەم بێت و، پرۆژە خزمەتگوزارییەكانیش مەحەك.

*قایمقامی قەزای ڕواندز

# پشووی میدیا لە كوردستان



**محەممەد عەبدوڵڵا كەلاری**

میدیا، كچە كوردێكە لە زانكۆی شیفلد لە بەریتانیا لە بواری سیاسەت و پەیوەندی نێودەوڵەتی دەخوێنێ، ئەو كە لە فەرەنسا لە باوكێكی كوردی ڕۆژئاوای كوردستان و دایكێكی ڕووسی لەدایكبووە، ئەمە دووەم جارە دێتەوە كوردستان، ویستی پشووی خوێندنی لەگەڵ دایك و باوكی كە مامۆستای زانكۆن و خوشكە بچووكەكەیدا بەسەرببات. لەوێ برادەرەكانی لە میدیایان پرسی: بەنیازی پشووی خۆت لەكوێ بەسەر ببەی؟

- لە كوردستان.
- ئۆو ! شێت بووی پشووی خۆت لە عێراق دەگوزەرێنی؟

ئەم بەسەرهاتە، بیری منی بەرەو لایەكی دیكە ڕاكێشا، ئەویش ئەركی میدیای كوردییە لە گەیاندنی واقیعی ئەم دەڤەرە بۆ دەرەوە، كە بەم چەشنە بێت. میدیای كوردی ئەوەی لەسەر شانێتی ڕای نەپەڕاندووە. لەو ڕوانگەیەی میدیا ڕەنگدانەوەی جۆری ژیان و ڕاپەڕاندنی ئیشوكارەكانە لەهەر وڵاتێكداو، كە ڕوونكردنەوەی ڕاستییەكان ئەركێكی نیشتمانییە، هاوكات قوڵاییەكی ئەخلاقیشی هەیە.

پێموایە لەم قۆناخەدا پێویستیمان بە كەناڵی میدیایی بە زمانی ئینگلیزی هەیە، تاكو لەڕێگەیەوە پەیام و گوتاری خۆمان بە ئەویتر بگەیێنین و خزمەت بە ئامانجی ستراتیژی كێشە چارەنووسسازەكەمان بكەین، چونكە ئەوەی هەستی پێدەكرێ نەبوونی ستراتیژیەتێكە تاكو میدیای كوردی لەسەری كار بكات.

لەم سەردەمەدا كە بە جیهانگیری و زاڵێتی ئامرازەكانی گەیاندن ناسراوە، میدیایەكمان نییە بە زمانی سەردەم لەگەڵ دەوروبەریدا مامەڵە بكات، بەڵكو تەنها لەگەڵ خۆیدا ئاڵۆێر دەكات، ئێمە نەك نەمانتوانیوە میدیایەكی تایبەتی خۆمان هەبێت، تەنانەت ڕوانگەشمان بۆ بەكارهێنانی میدیای كوردی سەردەمانە نییە، كە دەكرێ لەم سەردەمەدا وەكو هێزێكی واقیع دروستكەر، سوود لە میدیا ببینین و لە قازانجی میللەتەكەماندا بەكاری بێنین.

میللەتی كورد كە ئێستا وەكو هەر سەردەمێكی دیكەی مێژوویی، لەبەردەم پیلانی ناشیرینكردن و بچووككردنەوەدا خۆی دەبینێتەوە، دوژمنەكانی هەمیشە بەهەموو شێوەو ئامرازێك بەتایبەتی میدیا، ویستوویانە ناوی بشارنەوەو وێنەی بشێوێنن. دوواندن لەگەڵ دونیای دەرەوە گرنگییەكی گەورەی بۆ بەرژەوەندییە نیشتمانییەكان هەیە، ئێمە پێویستیمان بەوەیە لە پێگەی ویستنەوە نە پاشكۆیەتی، لەگەڵ كولتوورەكانی دیكە گفتوگۆ بكەین.

كەواتە دەبێ لە بواری میدیادا خۆمان قاڵبوو بكەین و، بەرنامە بە زمانە جیهانییەكان ساز بكەین و، وەرگرەكان هۆشیار بكەینەوەو، وەكو پەنجەرەیەك بێ تا جیهان وێنە جوانەكانی لێوە ببینێ. ئێمە دەمێكە سەرقاڵی دانانی كەناڵێكی عەرەبی زمانین، بۆ مخاتەبەكردنی ئەوی عەرەب، پێموایە كردنەوەی كەناڵێكیش بە زمانی ئینگلیزی پێویستییەكە، گومان هەڵناگرێت.

ناكرێ گلەیی لە ئەوروپاییەك بكەین، كە بارودۆخی هەرێمی كوردستان و پارچەكانی دیكەی عێراق لێك جیا نەكاتەوە، كە لەڕووی زمان و شوێنی جوگرافیشەوە زۆر لێك دوورین، ئەی چی بەو شۆفێرە تەكسییە بەیرووتییە بڵێین، كە وا مەزندە دەكات كوردستانیش وەك پارچەكانی دیكەی عێراق لانەی تیرۆریستانە؟ كاتێك لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێكی كورد گفتوگۆی كردبوو، لەكاتێكدا ژمارەیەكی زۆری كورد هاتووچۆی ئەو وڵاتە دەكەن و، ئەمە لە وەختێكدا لوبنان وڵاتێكی دراوسێیە.

میدیای ئێمە كە هێشتا دەڵەمەیە و پێنەگەیشتووە بەسەرخۆیدا داخراوەو، خۆی لە چوارچێوەی كارە كلاسیكییەكان تێپەڕ نەكردووەو، بەدوای شتە سادەكاندا وێڵە و، بەزۆری خەریكی بابەتی سەرگەرمكەرەو، تاڕادەیەك میدیای لە ئەركی سەرەكی خۆی دوورخستۆتەوە.

دواجار دەڵێم..

پشووی خاتوو میدیا لە كوردستان كورت بوو، ئەو بۆ ڕاپەڕاندنی ئەركەكەی زوو گەڕایەوە بەریتانیا، كە لەپاڵ خوێندنەكەیدا چالاكانە كار بۆ بەرزكردنەوەی هەستی نەتەوەیی هاوڕێ كوردەكانی و، زیاتر ناساندنی كورد بە هەڤاڵە بیانییەكانیشی دەكات، بەڵام دەخوازین میدیای كوردی چیتر پێیوانەبێت كە لە پشوویەكی درێژخایەندایە و، زوو وەخۆ بكەوێ.

Kalary79@yahoo.com

### نەبوونی تاپۆ خەڵكی خورماڵ دەكاتە حكومەت

# لەخورماڵ خەڵك حكومەتی گرووپ بۆ دەخیلە دروستدەكەن

**موعاز فەرحان**
**ڕووداو-خورماڵ**

جاسم ئەمین ئەوەندەی سەیری خورماڵ دەكات خەریكە تووشی هستریا دەبێت، چونكە هیچ پرۆژەیەك شك نابات سوود بە ئابووری خەڵكەكەی بگەیێنێت، نەبوونی كارو كاسبی دانیشتوانی خورماڵی ناچاركردووە پرۆژەیەكی سولفە لە نێوخۆیاندا ڕێكبخەن، تابتوانن پرۆژەی خۆ ژیاندن و دروستكردنی خانوو و دروستكردنی ژیانی هاوسەری پێ ئەنجام بدەن. جاسم ئەمین، 27ساڵ دەڵێت"بۆ ئەوەی لایەنی ئابووریت باش بێت و بتوانی خانوو بكەیەوە بەسادەیی و بێ كێشە بژیت ناچاریت پێشینە (سلفە) لەگەڵ هاوڕێ و كاسبكارەكاندا بكەی".

خورماڵ ساڵی 1924 بووەتە ناحیە و تائێستا تاپۆی نییە، بەوهۆیەشەوە پێشینەی خانووبەرە دانیشتوانی خورماڵ ناگرێتەوە. شارۆچكەی خورماڵ، نزیك سنووری ئێرانە و دوو دەروازەی سنووری لە سنووری ئەو ناحیەدا هەن، بەڵام هیچ كام لەو دەروازانە فەرمی نین، بۆیە داخراون، بەكردنەوەیان دانیشتوانی ئەم ناوچەیە بە ڕێژەیەكی زۆر لە بێكاری و قەیرانی ئابووری ڕزگار دەبن .

جاسم هەرچەندە مامۆستایە و مووچە وەردەگرێت و دەتوانێت پێشینەی خانووبەرە لە حكومەت وەربگرێت، بەڵام ئەو پەنای بردووەتە بەر كاسبكارانی شارۆچكەكەو لە سێ پێشینەدا بەشداری كردووە. ئەو مامۆستایە دەڵێ "ڕاستە حكومەت پێشینەی خانووبەرە دەدات، بەڵام بەداخەوە بەهۆی نەبوونی تاپۆ ئێرە ناگرێتەوە".

شێوازی ئەم پرۆژەیە بە جۆرێكە كە گرووپێكی چەند كەسی لەنێو خۆیاندا ڕێكدەكەون و ڕۆژانە بڕە پارەیەكی دیاریكراو لەلای یەكێكیان دادەنێن كە لەنێو خۆیاندا هەڵیانبژاردووە، دواتر پارەكە بە تیروپشك بۆ یەكێكیان دەردەچێت كە هەفتانە یان بیست ڕۆژ جارێك تیرو پشكەكە رادەكێشن. جگە لە پیاوان ژنانیش خەریكی ئەو سولفەیەن. (ج،ف)، 32 ساڵ، كە ژنی ماڵەوەیە، لەگەڵ چەند ژنێكی گەڕەكەكەیان بەشداری لەو سولفانەدا كردووە، هەرچەندە بڕی پارەكەیان لەپارەی پیاوان كەمترە، بەڵام بەشێوەیەكی چڕوپڕ دەستیان داوەتە ئەوە. ئەو ژنە گوتی "ئێمەی ژنان پێویستمان بەپارەیە بۆ كڕینی پێداویستییەكانی ناوماڵ و جوانكاری". ئەو ڕوویێكی دیكەی ئەم دیاردەیەش باس دەكات و دەڵێ"سەرەڕای قازانجی دارایی سوودی مەعنەویشی هەیە كە ژنان لە نزیكەوە لە ژیانی یەكتری ئاگادار دەبن".

ئەم دیاردەیە ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبووندایەو بەپێی بەدواداچوونی (ڕووداو) لە هەرگەڕەكێكدا دوو تاسێ گرووپی لەو جۆرە هەن و لەنێو پۆلیس، ئاسایش و فەرمانبەرانیشدا هەیە، هەروەها كاسبكارانی نێو بازاڕی خورماڵ بە پێنچ سولفە هاوكاری یەكتردەكەن و پێیانوایە بەو ڕێگەیە گرفتی بێدەرامەتیان چارەسەر دەبێت.

زۆربەی ئەوانەی بەشداری لەو سولفانەدا دەكەن، خانوو یان ئۆتۆمبێلی پێدەكڕن وئەوانەی قەرزاریشن قەرزەكەیان پێدەدەنەوە، بەڵام دەبێ ماوەیەك چاوەڕێ بكەن. تەها حەسەن، كە عەریزەنووسە و دووكانی بەقاڵی هەیە، لێپرساوی گرووپێكە كە ژمارەی ئەندامەكانی 47 كەسە، كە تەنیا دووانیان موچەخۆرن، دەبێ ڕۆژانە بڕی 10 هەزار دینار بدەن، تەها حەسەن گوتی"ئەو كارە وەك دەخیلەیەك وایە و پارە بۆ یەكتر كۆدەكەینەوە". گوتیشی "سولفەی ئەمجارەمان بڕی 7800 دۆلارە كە تائێستا 12 كەس بۆیان دەرچووە". لێپرسراوی گرووپی 47 كەسییەكە گوتیشی "ماوەی 7 ساڵە ڕۆژێك بێ سولفە نەبووم، ئەوەی ئەمجارە لەگەڵماندا بەشداری كردبێت دەبێت بۆ ماوەی سێ ساڵ هەموو ڕۆژێك 10 هەزار دینار بدات".

لەڕووی یاساییەوە پێشینە بەكارێكی دروست دادەنرێت، ئاوات ئەبوبەكر خوێندكاری بەكالۆریوس لەبەشی یاسا دەڵێ " شتێكی زۆر ئاساییە لە ڕووی یاساوە". دانیشتوانی خورماڵ زۆرتر پەیوەستن بەئاینی ئیسلامەوەو هەر شتێكیش لەگەڵ ئەو ئاینەدا دژ بێ لێی دووردەكەونەوە .عەبدولمەلیكسەعید سەرگەتی، پێشنوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی عەبدولڕەحمانی كوڕی عەوف لەخورماڵ تێڕوانینی شەریعەتی ئیسلام بۆ ئەو مەسەلەیە دەخاتە بەرچاو بە "شتێكی گونجاو" وەسفی دەكات، سەرگەتی گوتی "ئەوە پێكەوە گونجانی چەند كەسێكە بۆ پڕكردنەوەی پێداویستییەكانیان و دەچێتە خانەی هاوكاری كردنەوە، لە شەرعیشدا دەڵێت لەهەرشوێنێكدا سوودو بەرژەوەندی هەبوو، بەڵام باش بێت نەك خراپ، ڕێگە پێدراوە".

سمكۆ سالار، بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵ بە (ڕووداو)ی گوت "هەوڵدەدەین لەئایندەیەكی نزیكدا فەرمانگەی تاپۆ بهێنینە ناحیەی خورماڵ"، بەڕێوبەری ناحیەی خورماڵ گوتیشی "ئەو دەروازە سنووریانەی ناوبەناو بەقاچاخ شتیان لێوەدێت نارەسمین، بەڵام هۆكارێكی باشن بۆ چارەسەركردنی گرفتی ئابووری خەڵكی ئەم ناوچەیە".



### قەرەنی قادری، توێژەر لەبواری ڕاگەیاندن:

# ڕاگەیاندن بێلایەن نییە

**ڕووداو- هەولێر**

لقی هەولێری سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ ئۆفیسی هەولێری كۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان، وێڕای ڕوونكردنەوەی بایەخی میدیا لەكاتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنەكاندا جەختیان لەوە كردەوە كە پێویستە لەگواستنەوەی زانیارییەكان ڕۆژنامەنووس پشت بە سەرچاوەی باوەڕپێكراو ببەستێت و ئازادی و ئاسانكاری بۆ ڕۆژنامەنووسان فەراهەم بكرێت.

لەپلاتفۆرمێكدابەناوی (ڕۆڵی میدیاكان لەپرۆسەی هەڵبژاردنی كوردستاندا) كە دوێنێ لەهوتێلی چوارچرای شاری هەولێر بۆ میدیاكارانی هەولێر بەڕێوەچوو، ڕاگەیێنراوێك لەلایەن لقی هەولێری سەندیكا خوێندرایەوە كە تایبەت بوو بەرۆڵی میدیاكان لەهەڵبژاردنەكاندا، لەبەشێكی ڕاگەیاندنەكەدا هاتووە "پێویستە ئەوپەڕی ئازادی و ئاسانكاری بۆ ڕۆژنامەنووسان فەرهەم بكرێت بۆ ئەوەی بتوانن لەچوارچێوەی پیشەكەیاندا مومارەسەی تەواوی ئازادییەكان بكەن و ببنە پردێك لەنێوان دەسەڵات و كۆمەڵانی خەڵكدا".

قەرەنی قادری، توێژەر لەبواری ڕاگەیاندن كە لەپلاتفۆرمەكەدا بە بابەتێك بەناوی (میدیا و هەڵبژاردن) بەشداریكرد، ئاماژەی بەوەكرد كە ڕاگەیاندن ئەلقەی نێوان تیۆری سێكوچكەی حكومەت، ڕاگەیاندن، نەتەوە، پێكدێنێت لەتەواوكردنی سیستەمی دیموكراسی، ئەركی ڕاگەیاندنی لەساتەوەختێكی لەو جۆرە بە "لەرادە بەدەر سەخت" وەسفكرد. گوتیشی "كاتێك باسی هەڵبژاردن دەكرێت شتێكی زۆر ئاساییە كە توندوتیژی، پەیڤی دنەدەر، ڕاپۆرتی چەواشە، دەنگۆی بەربڵاو، ڕاپرسی بێبنەما، بڵاوبكرێنەوە، ئەمانە دەبێت خانەنشین بكرێن".

"بەرای من ڕاگەیاندن بێلایەن نییە"، قادری زیاتر لەوە گوتیشی كە "سەرەكیترین هێز كە لەدیموكراسیدا بەرژەوەندی هەبێت ڕاگەیاندنە، ڕاگەیاندن دەتوانێت باشترین زانیاری بە هاووڵاتیان بدات، باشترین هەڵبژاردن بكەن، ڕاگەیاندن دەتوانێت خراپترین زانیاری بە هاووڵاتیان بدات و كەمترین ڕێژەی خەڵك بەشدار بن، پێویستە ڕاگەیاندن وا بكات كە زۆرترین ڕێژەی هاووڵاتیان هانبدات بۆ سەر سندوقەكانی دەنگدان".

گوتیشی "پێویستیشە لێژنەیەك هەبێت كە بزانێت ڕاگەیاندن لە ڕەوتی هەڵمەتەكانی هەڵبژاردندا چۆن ڕاپۆرتەكان بڵاودەكاتەوە و ئایا هاوسەنگی لەڕاپۆرتەكاندا هەیە؟".

هەندرێن محەممەد، بەرپرسی ئۆفیسی هەولێری كۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان وێڕای جەخت كردنەوە لەسەر پابەند بوون بەڕێنماییەكانی كۆمیسیۆن سەبارەت بەهەڵبژاردن، داوای لەمیدیاكان كرد كە پشت بە زانیاری ڕاستەقینە و سەرچاوەی باوەڕپێكراو ببەستن لەكاتی ڕوماڵكردن و گواستنەوەی زانیارییەكاندا، گوتی "بڵاوكردنەوەی زانیاری نادروست دەبێتە هۆی بە هەڵەدابردنی دەنگدەران و ڕەنگە كێشەشی لێبكەوێتەوە".

هەندرێن ئاماژەی بەوەشكرد كە بەجیاوازی هەڵبژاردنەكانی پێشووتر لەهەڵبژاردنی ئەمجارە سەرجەم بنكەكانی دەنگدان بەبێ جیاوازی كراوەیە لەبەردەم هەموو میدیاكان، گوتیشی "هیوادارم میدیاكان ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆیان ببینن".

## ئابووری



دەبوایە کورد
لەگەڵ مالیکیدا بووان

ڕووداو-بەغدا
ڕۆژی 2009/7/13 نوری مالیکی سەرۆک وەزیران و وەزیری نەوتی عێراق بەشدارییان لە مۆرکردنی ڕێککەوتنی هێڵی غازی نابۆکۆ کرد، کە غاز دەگەیێنێتە ئەورووپا. حەسەن بەلۆ، سەرۆکی لیژنەی نەوت و غاز لە پەرلەمانی عێراق ڕەخنەی لە مالیکی گرت و گوتی دەبووایە نوێنەری حکومەتی کوردستان و پەرلەمانی عێراقیشی لەگەڵ خۆی ببردایە بۆ بەشداریکردن لە واژۆکردنی ئەو ڕێککەوتنەدا، چونکە بەشداری عێراق لەو پرۆژەیەدا زیاتر بەهۆی ناردنی غازی کۆرۆمۆرەوە دەبێت لە کوردستانەوە.



| 1 تەن | | دینار | | |
|---|---|---|---|---|
| 540 | $ | 118700 | $ | 100 |
| 120 | $ | 169800 | € | 100 |

# پرۆژەی هێڵی غـــــازی نابۆکۆ دەروازەیەکی گرنگ بۆ کوردستان دەکاتەوە



**ڕووداو- هەولێر**

ڕۆژی 2009/7/13 هەریەک لە بولگاریا، هەنگاریا، ڕۆمانیاو نەمسا لەشاری ئەنقەرە ڕێککەوتنێکیان لەگەڵ تورکیا مۆرکرد لەبارەی جێبەجێکردنی پرۆژەی هێڵی غازی نابۆکۆ کە بڕیارە غازی کۆمارەکانی ئاسیای نێوەڕاست و حەوزی قەزوین بەخاکی تورکیادا بگەیێنێتە ئەورووپا. تەواوبوونی ئەو پرۆژەیە، وڵاتانی ئەورووپا لەپاشکۆیەتی ڕووسیا ڕزگاردەکات کە زستانی ڕابردوو بەهۆی کێشەکانی لەگەڵ ئۆکرانیا بۆڕییەکانی غازی گرتەوەو ئەوروپییەکانی لەو سەرماو بەستەڵەکەی زستاندا بەجێهێشت.

پرۆژەی نابۆکۆ بۆعێراق و هەرێمی کوردستانیش کە چاویان لەوەیە پاش چەند ساڵێکی دیکە بۆ ناردنە دەرەوەی غازی سروشتی ئامادەبن، تروسکەیەکی هیوایە بۆ خێراکردنی ڕەوتی بنیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووری، هەر بۆیە لەئاهەنگی مۆرکردنی ڕێککەوتننامەکەدا نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراقیش شانبەشانی سەرۆک وەزیرانی ئەو وڵاتانەو سەرۆکی کۆمسیۆنی ئەورووپا ئامادەبوو.

ئەو پرۆژەیە کە لە لایەن ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە پشتیوانیی دەکرێ، لەگەڵ تەواوبوونیدا چاوەڕوان دەکرێ ساڵانە 31 ملیار مەترسێجا غاز لەئاسیای نێوەڕاستەوە بگەیێنێتە ئەورووپا.

بۆ مۆرکردنی ڕێککەوتننامەکە ئاهەنگێکی گەورە لەئەنقەرە سازکرا کە جگە لەسەرۆک وەزیرانی وڵاتانی ڕێککەوتوو، چەندین گەورە بەرپرسی دیکەش ئامادەبوون، لەوانە میخائیل ساکاشڤێلی سەرۆکی جۆرجیا، ریچارد مۆرنگستار نێردراوی تایبەتی ئەمریکا بۆ کاروباری وزە لەناوچەی ئۆراسیا و خوسیە مانوێل بارۆزۆ سەرۆکی کۆمسیۆنی ئەورووپا کە ئەمەش گرنگی ڕێککەوتننامەکە پێشاندەدات. ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک وەزیرانی تورکیا لە کردنەوەی ئاهەنگەکەدا ڕایگەیاند "بەمۆرکردنی ڕێککەوتننامەکە کارەکان تەواو نابن، بەڵکو کار لێرەوە دەست پێدەکات". قسەکانی ئەردۆغان ئاماژەبوون بۆ کێشەیەکی سەرەکی لەو پرۆژەیەدا کە ئەویش کێشەی سەرچاوەی وزەو بەردەوامبوونێتی.

ئێستاش چواریەکی ئەو غازەی لە وڵاتانی ئەورووپا بەکاردەبرێ سەرچاوەکەی ڕووسیایە، پرۆژەی هێڵی نابۆکۆش کە لە 2002ەوە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، تا 2014 ئامادە نابێت. پرۆژەکە 7،9 ملیار یۆرۆی پێویستە، شرۆڤەکارانی ئابووریش گومانیان هەیە لەسایەی ئەو قەیرانە ئابوورییەی ئێستای جیهاندا، ئەو بڕە پارەیە دابین بکرێت.

لەنێو ئەو وڵاتانەدا کە دەبنە سەرچاوەی ئەو غازە، تورکمانستان بەپلەی یەکەم دێت کە ژمارەیەکی زۆر کێڵگەی غازی هەیە، بەڵام ئەورووپییەکان هێشتا چاوەڕێی ڕەزامەندی هەندێ دەوڵەتی سەرەکیی وەک کازاخستان و ئۆزبەکستانن. ئازەربێجان یەکێکی دیکەیە لەسەرچاوەکان، بەڵام هێندەی پێویست غازی نییەو ناتوانێ بەتەنیا بۆڕییەکان پڕبکات، چونکە لەلایەکی دیکەوە ڕێککەوتننامەی فرۆشتنی غازی لەگەڵ ڕووسیا مۆرکردووە. هەرچی ئێرانیشە ڕایگەیاندووە کە سەرەڕای دەخوازیی زۆری کۆمپانیاکانی بولگاریا، تورکیا، ئەڵمانیا، ئیتاڵیاو نەمسا بۆ کڕینی غازەکەی، بەڵام ئەوان هێڵی بۆڕیی پارس بەباشتر دەزانن بۆ هەناردەکردنی غاز. لەو نێوانەدا، وڵاتانی وەک جۆرجیاو عێراق دەبنە سەرچاوەی ئایندەیی بۆ دابینکردنی وزە. هەر بۆیە لەئاهەنگی مۆرکردنی ڕێککەوتننامەکە نوری مالیکی وتارێکی خوێندەوەو تێیدا ڕایگەیاند کە عێراق دەتوانێ لەڕێی ئەو هێڵەوە 15 ملیار مەتر سێجا غاز ڕەوانەی ئەورووپا بکات، بەڵام بەبێ ئەوەی هیچ سەقفێکی زەمەنی بۆ ئامادەبوونی عێراق لەڕووی تەکنیکییەوە دیاری بکات.

هەر لەئاهەنگەکەدا وارنەر ئۆلی سەرۆکی یەکەی غازو کارەبا لەکۆمپانیای OMV نەمساوی ڕایگەیاند کە دوور نییە عێراقیش وەک یەکێک لەسەرچاوەکانی دابینکردنی غاز کەڵکی لێوەربگیرێ.

بڕیارە هەناردەکردنی غاز لەهەرێمی کوردستانەوە لەلایەن دوو کۆمپانیای نەمساوی و هەنگاری و دوو کۆمپانیای عەرەبییەوە بەسەرمایەی 8 ملیار دۆلارو لەڕێگەی تورکیاوە ئەنجامبدرێ.

پرۆژەی هەناردەکردنی غاز لەهەرێمی کوردستانەوە بۆ دەرەوەی وڵات بڕیارە تا ساڵی 2014 ئامادەبکرێ، واتە هەمان ئەو ساڵەی کە پرۆژەی نابۆکۆ دەکەوێتە کار، ئەوەش هەر لە ئێستاوە بایەخی ستراتیژی بۆ هەرێمی کوردستان لەلای ئەورووپا دروستکردووە.



### هەولێر هەرزان دەفرۆشێت

# خاوەن کۆگاکان دەیانەوێ چاو لە جولەکە کۆنەکانی هەولێر بکەن

**ڕووداو- هەولێر**

بیستنی وشەی "هەرزان" لە ڕێکلامی چەند دووکانێکی جلفرۆشی بەس بوو بۆ عەلی سمکۆ، تا دەستی منداڵەکانی بگرێ و ڕوو لە یەکێک لەو دووکانانە بکات و منداڵەکانی بە جلی تازە پۆشتە بکاتەوە. عەلی کە لە یەکێک لەو دووکانانە خەریکی هەڵبژاردنی جلوبەرگ بوو بۆ منداڵەکانی، گوتی "هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبووم نرخەکانیان بەوشێوەیە جیاواز بێت لەگەڵ بازاڕ".

خەریکە کردنەوەی کۆگای جلوبەرگ لەژێر ناوی (هەرزان) لە شاری هەولێر دەبێتە مۆدێل و لە ماوەی کەمتر لە دوو مانگ 8 کۆگای جلوبەرگ بەلکاندنی وشەی "هەرزان" بەناوەکانیانەوە لە هەولێر کراونەتەوە، خاوەن کۆگایەکیش دەڵێت لەوانەیە تا جەژنی ڕەمەزان 15 کۆگای دیکە بەناوی هەرزان بکرێنەوە.

بە بڕوای ئابووریناسان کردنەوەی کۆگای جلوبەرگ بەو ناوانەوە شتێکی باشە و دەبێتە هۆی دروستبوونی کێبڕکێ لە نێوانیان، لەو نێوەشدا کڕیاران قازانج دەکەن و بەهۆیەوە جلوبەرگیان بە نرخێکی هەرزان دەستدەکەوێ.

چەتۆ عوسمان، کە خاوەنی بیرۆکەی یەکەم کۆگای جلوبەرگە بەناوی (هەرزان) لەشاری هەولێر، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند لە فرۆشتنی جلوبەرگەکانیان دروشمی "قازانجی کەم و فرۆشی بەردەوام"یان هەڵبژاردووەو ئامادەن بۆ قازانجی تەنیا 1 هەزار دینار کاڵاکانیان بفرۆشن. چەتۆ بە پێکەنینەوە دەڵێ "سیاسەتی جوولەکە کۆنەکانی هەولێر پەیڕەو دەکەم، فەردە شەکرێکیان دەفرۆشت تەنیا تەلیسەکەیان بە قازانج بۆ دەمایەوە". بەڵام دەڵێ ئەوان لە هەمووان بازاڕ گەرمتر بوون.

چەتۆ، پێشتر بازرگانی جلوبەرگ بووەو بە کۆمەڵ جلوبەرگی فرۆشتووەتە کۆگاکانی شاری هەولێر، بەڵام دوای کزبوونی بازاڕ و دواکەوتنی قەرز لەلای خاوە کۆگاکان، بۆ بەردەوامیدان بەکارەکەی بیر لەوە کردەوە، لەجیاتی بەقەرز فرۆشتنی جلوبەرگەکانی بەکۆگاکان خۆی چەند کۆگایەک بکاتەوە بەنرخی کۆمەڵ (جملە) بە دانە بیفرۆشێتە خەڵک. ئێستا چەتۆ جگە لە کۆگاکەی خۆی کە ناوی هەرزان بازارە، 3 کۆگای دیکەشی بەناوەکانی (هەرزان هەرزان، هەرزان مۆڵ و بازار هەرزان) بۆ برا و ئامۆزاکانی کردووەتەوە.

چەتۆ گوتی "لەکێشەی دواکەوتنی قەرز ڕزگارم بوو و هەموو کۆگاکانیشمان فرۆشێکی باشیان هەیە، ڕۆژانە تەنیا لە کۆگاکەی خۆم زیاتر لە200 پارچە دەفرۆشم ئەگەر لەهەر پارچەیەک 1500 دینار قازانج بکەم، 300 هەزار دینار قازانجم بۆ دەمێنێتەوە".

ئابووریناسان ناو بە ڕەگەزێکی گرنگی ئابووری دەزانن و پێیانوایە کاریگەری لەسەر زیادکردنی خواستی کڕیارەکان دەکات بۆ کاڵاکان. بۆ بیرۆکەی هەڵبژاردنی ناوی (هەرزان) بۆ کۆگاکانی، چەتۆ دەڵێ "ویستم شتەکانم بەنرخێکی هەرزانتر لەنرخی بازاڕ بفرۆشم بۆیە ناوی (هەرزان) پڕ بە پێستی کۆگاکانمانە، بەڵام قەت لەو باوەڕەدا نەبووم ئەوەندە کاریگەری لەسەر دەروونی خەڵک دەبێت".

ئەو کۆگایانە زیاتر سەرنجی گەنجانی بەلای خۆیەوە ڕاکێشاوە، ئەوەش ڕەنگە پەیوەندی بەوەوە هەبێ، کە گەنجان پتر لە توێژەکانی دیکە گرنگی بە جلوبەرگ و مۆدێل دەدەن و جگە لەوەش خراپی باری ئابووری وای لە گەنجان کردووە پتر ڕوو لەو کۆگا هەرزانانە بکەن.

کاروان فاتیح، 23 ساڵ، یەکێکبوو لەو گەنجانەی لەنێو کۆگای هەرزان بازار خەریکی کڕینی جلوبەرگ بوو، ئەو دڵخۆش بوو بە نرخی جلوبەرگەکان و گوتی "ئەوەی زۆر دڵخۆشم دەکات لەو کۆگایانە بوونی مۆدێلی تازە و گەنجانەیە، جگە لەوەش نرخەکانیان گونجاوە". ئەو گەنجە بە پێکەنینەوە گوتی " بە 26 هەزار دینار خۆم تازە کردەوە".

یاسین ڕەسول، خاوەنی پۆشاکی هەرزان فرۆش، لە گەڕەکی زانایان، بەردەوام کێبڕکێ لەگەڵ کۆگاکانی دیکە دەکات و دەڵێت "تا بۆمان بکرێ نرخی کاڵاکانمان دادەبەزێنین و کاڵای جوانتر دەهێنین، بۆ ئەوەی کڕیاری زیاتر ڕوومان تێبکات".

ئابووریناس ئەیوب ئەنوەر سماقەیی، لە کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری پێیوایە لەئەنجامی زۆربوونی ئەم کۆگاو بازاڕانە کێبڕکێ دروستدەبێت ئەم کێبڕکێیانەش بە سوودی خەڵک تەواو دەبێ "بەهۆی زۆربوونیانەوە ناچارن بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خەڵک بۆ کاڵاکانیان کێبڕکێ لەسەر جۆری کاڵا و دابەزاندنی نرخەکانیان بکەن ئەوەش بە قازانجی بەکاربەر تەواو دەبێت".

لەبارەی کاریگەری هەڵبژاردنی ناوی (هەرزان) لەلایەن زۆربەی کۆگا تازەکان، ئەیوب ئەنوەر دەڵێ "ناو خواستی مرۆڤ لەسەر شتەکان زیاد دەکات، خواستیش بریتییە لەئارەزوو و توانای کڕینی مرۆڤەکان، بۆیە کاتێک خەڵک دەبینن ناوی کۆگاکان هەرزانەو نرخەکانیشیان لەچاو بازاڕ هەرزانە زیاتر ڕوویان تێدەکەن".





### خاوەن پرۆژە بچووکەکانی بەرهەمهێنانی شیرەمەنی گلەیی لە حکومەت دەکەن

# سێ پرۆژەی گەورەی بەخێوکردنی چێڵ لە هەولێر دەکرێنەوە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەهیوای دووبارە گەڕاندنەوەی نێوبانگی ماستی هەولێر، حەمەدەمین لەگەڵ چەند هاوکارێکی پرۆژەیەکی بچووکی بەخێوکردنی چێڵی شیردەریان لەهەولێر دامەزراند، بەڵام لێشاوی هاوردەکردنی بەرهەمی دەرەکی، پرۆژەکەی شکست پێهێنان.

حەمەدەمین حاجی فاروق، کە سەرمایەدارێکی شاری هەولێرە، بەر لە 3 ساڵ لە نزیک گوندی پیرداودی شاری هەولێر لەسەر زەویەکەی خۆی پرۆژەیەکی بچووکی بەخێوکردنی چێڵی شیردەری دامەزراند، بۆ سەرخستنی پرۆژەکەشی 70 چێڵی جۆری فریزی هۆڵەندی لەدەرەوە هێنا کە هەر چێڵێکیان ڕۆژانە نزیکەی 20 کیلۆ شیر دەدا، بەڵام بەهۆی لێشاوی هاوردەی ماستی دەرەکی و هەرزانی نرخەکەی، ئەو پرۆژە خۆمالییە نەیتوانی کێبرکێیان بکات، بۆیە ئێستا تەنیا 10 چێڵی ماوەتەوە و دەڵێت "بەنیازم ئەوانیش بفرۆشم و پرۆژەکە بەیەکجاری دابخەم".

حەمەدەمین، هاوردەکردنی ماستی دەرەکی و پاڵپشتی نەکردنی حکومەت بە ماستی نێوخۆیی بە هۆکاری سەرەکی هەرەسهێنانی پرۆژەکەی دەزانێت و دەڵێت "بەداخەوە حکومەت بۆ قازانجی چەند کەسێک سنوورەکانی بۆ بەرهەمی دەرەکی واڵا کردووە".

بەگوێرەی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ ساڵانە هەرێمی کوردستان پێویستی بە 400 هەزار تەن شیرە، ئەگەر هەر کەسێک ساڵانە 96 کیلۆ شیر بخوات، بەڵام ئێستا توانای بەرهەمهێنانی هەرێمی کوردستان لە 15%ی ئەو بڕە شیرە تێناپەڕێت، ئەمە لەکاتێکدایە هەزاران سەر مەڕو بزن و نزیکەی 250 هەزار چێڵی شیردەر لە هەرێمی کوردستان هەن.

ڕەمەزان محەممەد، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە دیوانی وەزارەتی کشتوکاڵ، لەبارەی هەوڵەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ بۆگەشەپێدانی پرۆژەی بەرهەمی شیر و بەخێوکردنی چێڵی شیردەر، ئاماژەی بەوەکرد کە لە سەرەتای ئەمساڵ مۆڵەتیان بەسێ کۆمپانیای دەرەکی داوە. کە یەکێک لەو پرۆژانە لەلایەن کۆمپانیای نوری میسری جێبەجێ دەکرێت، کە لەلایەن دەستەی وەبەرهێنان ڕووبەری 1500دۆنم زەوی بۆ دابینکراوە. ئەو بەڕێوەبەرە هەروەها گوتی کە ئێستا خەریکی لێدانی 130 بیری ئیرتیوازی و دروستکردنی پرۆژەکەن کە وا بڕیارە لەکۆتایی ئەمساڵ تەواو بێت و4 هەزار چێڵ بێننە هەولێر. هەروەها هەردوو پرۆژەکەی دیکەش خەریکی ئامادەکارین، ئەوانیش لەنێوەڕاستی ساڵی داهاتوو تەواو دەبن، یەکێکیان نزیکەی 2000 و ئەو دیکەیشیان 500 چێڵ دەگرێتەخۆ. هەروەها گوتیشی"جگە لەپرۆژەی هەولێر کۆمپانیای نوری میسری لەداهاتوودا بەنیازە دوو پرۆژەی دیکەی هەزار چێڵی لە هەردوو شاری دهۆک و سلێمانی بکاتەوە".

هەرچەندە پێش ئەو پرۆژانە 25 پرۆژەی بچووک لەهەرێمی کوردستان هەبوون، بەڵام بەهۆی هاوردەکردنی بەرهەمی دەرەکی و نەبوونی کارگە بۆقوتووبەندی بەرهەمەکانیان، ئێستا زۆربەیان لەقۆناخی داخستندان.

فاروق سابیر، خاوەنی یەکێک لەو پرۆژانەیە و پێشووتر 300 چێڵی شیردەری هەبوو، بەڵام ئێستا کەمتر لە 80 چێڵی ماوە. فاروق سابیر لەبارەی چارەنووسی پرۆژەکەیەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەهۆی هاوردەکردنی بەرهەمی دەرەکی و نەبوونی کارگە بۆ لەقوتوونان ناتوانین نە لە نرخ و نە لەڕووی پاکییەوە کێبەرکێ لەگەڵ بەرهەمی دەرەکی بکەین، بۆیە بەردەوام پرۆژەکانمان لەسەر زیان دەڕوات، ئێمەش ناچارین ڕۆژ بە ڕۆژ چێڵەکانمان بفرۆشین و لەکۆتاییدا واز لەپرۆژەکانمان بێنین".

ڕەمەزان محەممەد، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە پرۆژەکانی ناوەخۆ توانایان سنورداره و بەشی پێداویستی ناوەخۆ ناکەن، بۆیە حکومەت ناچارە ڕێگە بەهاوردەکردنی بەرهەمی شیرەمەنی دەرەکی بدات "هەرکاتێک توانای بەرهەمهێنانی پرۆژەکانی ناوەخۆ زیادی کرد، ئەوا هاوردەکردنی بەرهەمی دەرەکی سنووردار دەکەین و باجیان دەخەینە سەر". هەروەها گوتیشی "بەگوێرەی ئەو گرێبەستانەی لەگەڵ کۆمپانیا دەرەکییەکان ئیمزامان کردووە دەبێت لەگەڵ دانانی هەر پرۆژەیەک کارگەیەکی بەهەمهێنانی ماست و پەنیر دروست بکەن، بەمەرجێک توانای بەرهەمهێنانی ساڵانەیان لە 120 هەزار لیتر شیر کەمتر بێت".

لە زۆر گوندی کوردستان چەندین پرۆژەی بچووک هەن کە زۆربەیان ژمارەی چێڵەکانیان لە 20 تا 25 چێڵ تێناپەڕن، خاوەنی هەندێک لەو پرۆژە بچووکانە گلەییان لەحکومەت هەیە کە وەک پێویست یارمەتی نەداون. سابیر خدر، لەگوندی بەرەکەی سەر بەقەزای شەقڵاوە ماوەی زیاتر لە10 ساڵە خەریکی بەخێوکردنی چێڵی شیردەری خۆماڵییە، دەڵێت "پێشووتر زیاتر لە100 چێڵی شیردەرم هەبوو، بەڵام بەهۆی کەمی هاوکاری حکومەت و وشکە ساڵی زۆربەی چێڵەکانم فرۆشت و ئێستا 25 چێڵی شیردەرم ماوە".

بەڵام بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێ ئەوان زۆر هانی پرۆژە نێوخۆییەکان دەدەن، بەڵام بە هێنانی چێڵی دەرەکی لەبەرئەوەی "چێڵی خۆماڵی بەرهەمی باش نییە و خەرجیشیان زۆرە، بەڵام هەرکەسێک بیەوێت چێڵی باش لەدەرەوە بێنێ و هۆڵی بەخێوکردنیان بۆ دروست بکات و ئامێری چێڵ دۆشین و کارگەی بچووکی دروستکردنی ماست دابمەزرێنێت، دەتوانێ بەبێ هیچ خستنەسەرێک 60%ی تێچووی پرۆژەکەی لەبانکی کشتوکاڵ بەقەرز وەربگرێت، بەمەرجێک ئەو کەسە توانای بەخێوکردنی کەمتر لە 10 چێڵ نەبێت و شوێنی شیاوی بۆ دروستکردنی هۆڵی بەخێوکردنیان هەبێت".

ئەو بەڕێوەبەرەی وەزارەتی کشتوکاڵ زۆر گەشبینە بەئەنجامی پرۆژە گەورەکان و دەڵێ "دڵنیام لەساڵی ئایندە بەکەوتنەکاری تەنیا کێڵگەکانی کۆمپانیای نور دەتوانین 60%ی پێداویستی هەرێمی کوردستان دابین بکەین".

بەبڕوای پسپۆڕانی ئابووری هەموو بنەماکانی گەشەپێدانی پرۆژەکانی بەرهەمهێنانی شیرەمەنی لەهەرێمی کوردستان هەن، ئەگەر متمانەش لەنێوان خەڵک و خاوەن پرۆژەکان دروست ببێت، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا هەرێمی کوردستان دەتوانێت بەپێچەوانەی ئێستا بەرهەمی شیر بنێرێتە دەرەوە.

ئابووریناس گوڵدەران عەبدولڕەحیم، مامۆستا لە کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری پێیوایە خاکی هەرێمی کوردستان و ئاو و هەواکەی زۆر شیاوە بۆ پرۆژەی بەرهەمهێنانی شیرەمەنی، دەڵێت حکومەت جگە لەدامەزراندنی پرۆژە گەورەکان لەڕێگەی وبەرەهێنەرە دەرەکییەکانەوە، دەتوانێت بە دابینکردنی چێڵی باش و ڕێنمایی بەخێوکردنیان و وەرگرتنی بەرهەمەکانیان لەکاتی زۆری بەرهەم و دۆزینەوەی بازاڕ بۆ ساخکردنەوەیان پرۆژە بچووکەکانیش گەشە پێبدات". ئەو ئابووریناسە هەروەها گوتیشی" ئەوکات جگە لەدابینکردنی بەرهەم بۆ ناوەخۆ دەتوانین بەرهەم بنێرینە دەرەوەش".





رامیار مەحمود - کەنەدا
karwanmramyar55@gmail.com

# قونسولەکانی رۆشنبیری و کەرکووک

من کە کەسێکی پرۆ فەلەستینی و ئەنتی ئیمپریالیزمم ئەو راستییە لە کەس ناشارمەوە و شەرم ناکەم و ناترسم لە دەربرینی باوەڕی خۆم، لەبەر خاتری هیچ و کەس و گرووپ و کەڵکەڵەیەکی رۆشنبیری و ئینتلیکچواڵانە . مەبەستم لە ئینتلێکچواڵانە بە دیاریکراوی مۆدێلە کوردییەکەی ئەو گرووپە بەشەرییەن لە خەڵک کە دەیانەوێت وەک دەمڕاستی فکر شوێنیان بۆ دابنرێت و لە رەفتارکردنیاندا وا هەستبکرێت دەبێت ئەوانە قونسولی رۆشنبیری کوردی بن و ئەوان ڤیزا بدەنە خەڵک کێ ببێتە رۆشنبیر یان نەبێت. کە پارادایمی رۆشنبیری کوردی نمایش دەکەن لەوسەری ئەو سەرەوە هەرچییەک دابنێن حاجی قادری کۆیی یان هەرشتێک لە کۆتاییەکەی ئەمسەریدا ناوی خۆیان دادەنێن. کاتێک هەستدەکەن وەک خۆیان دەڵێن بەرهەمی بیرکردنەوەی چەند ساڵی رابردوویان بەرجەستەبووە بەشێوەیەکی واقعی لە بزووتنەوەیەکی سیاسیدا.

شتێکی ئاساییە بیرکردنەوەیان ئێستا لە ئاستی وروژاندندایە و هیچیتر . وروژاندنی کۆمەڵگە واتە سادەکردنەوەی بیر و دامەزراندنی بانگەشەکردنی راستی و یەکخستنی هەردووکیان و خواستی هەستان بە ئەکشنی سیاسی. ئینتلێکچوال بە حوکمی سروشتەکەی هەمیشە لە سیاسەتەوە گلاوەو لە تێوەگلاندنێکی ئاساییدایە بەسیاسەتەوە، بەڵام لە کوردستان شێوە هەرزانەکەی ئەو تێوەگلانەمان هەیە. مەبەستم لە سروشتەکەی ئینتلێکچواڵ ئەوەیە کە جیاوازە لە سکولار،چونکە سکولار لە ناو کێڵگەی زانیندایەو بە دوای شوێنی خۆیدا دەگەڕێت لەو کێڵگەیەدا و بە سەرباركردن و تاقیکردنەوەی مەعریفەوە سەرقاڵە. ئەم گرووپە لە ئینتلێکچواڵی کوردی دوای راپەڕین بانگەشەی پرۆژەی فکر دەکات کەچی هێشتا سکولارێکیان لە ناودا نییە بۆیە ئاساییە ئاستی بیرکردنەوەیان لە ناو چ بزووتنەوەیەکی سیاسیدا بیاندۆزێتەوە. کە مۆدێلێکی ئایدیۆلۆجی باوی ئاسیایی و ئەفەریکاییە و تایبەتمەندییەکەی فێرکاری و سنورداری فکرییە و خولقاوی دەستی سەرکردەی سیاسییە، ئەمانیش لە بری پرسیارو قوڵکردنەوەی بابەتەکە کارەکەیان هاتووەتە سەر دروستکردنی (پەیژەی باوەڕ) لە نێوان خەڵک و ئەم بزووتنەوەیەدا . خەڵکانێک کە باسی بیروڕای جیاواز دەکەن بە کردەوەو لە راستیدا مەبەستیان لە بیروڕای چون یەکە بە دەموچاوی جیاواز. لەو بڕوایەدان و دەڵێن هەرچی بچێتە کەنەدا (کەر) دەبێت، بەڵام لە راستیدا بە قەد جوتیارێکی کەنەدی کە ژیانی لە گەڵ کشتوکاڵ و کێڵگەکەیدا بەسەر دەبات و خاوەنی هیچ بروانامەیەکیش نییە، ئەو جوتیارە لە وان دیموکراتیکترو و لیبرالترە لە باری مۆراڵی و بیرکردنەوەوە .

فاشیزم و تیرۆریزم بریتییە لەوەی بە بیروڕای جیاوازی خەڵکیتر بڵێیت رشانەوە، ئەمە بەنرخی حوکمدانی عەقڵی نافرۆشرێتەوە . ئەوە بەس لە رۆحی تیرەگەری فاشستانەی ئەم گرووپە رووناکبیرە دەوەشێتەوە، بە نووسینی یەکێک لە هاوڕێکانی من دەڵێن رشاوەتەوە. تۆ چۆن بانگەشەی ئازادی فکر دەکەیت کە کەسێک بەپێی هەموو پێودانگێک بیروڕاکەی جیاواز بێت، تۆ بڵێی رشاوەتەوە، خۆی توانای هەر چوارتان بەسەر یەکەوە توانای ئەو نووسەرەی تێدا نابێت . کێشەی گرووپی لەم جۆرە پێویستی بە خولی راهێنانی پەروەردەییە بۆ راستکردنەوەی هەڵسوکەوت و فێربوونی تەکنیکەکانی وتوێژ و بیروڕا دەربڕین.

بە هەرحاڵ دێمە سەر بابەتەکەی خۆم دەربارەی کەرکووک. لە راستیدا بەشێک لە نیگەرانییەکەم پەیوەندی بە مردنی کەرکووکەوە هەیە لە ناو هەستکردنی مرۆڤی هەرێمی کوردستاندا . خەڵکی هەرێمی کوردستان بە ئەندازەی بێزاربوونیان لە گوێگرتن لە مەسەلەی فەلەستین، بێزارن لە ناوبردنی مەسەلەی کەرکووک. سەرچاوەی بێزاربوونیان لە مەسەلەی فەلەستینی لەوێوە دێت لە جێی ئیسرائیل بیر دەکەنەوە . لە مۆسادی ئیسرائیلی زیاتر خەمی ئاسایش و مەیلە کۆلۆنیالیستیەکەی ئیسرائیلیانە . لەکاتێکدا دەبوایە لە فەلەستینیەکان فێری ئەو پرنسیبە ئەخلاقییە بووینانە کە کەرکووک مەسەلەیەکی قوڵی ئێمەیە . ئەگەر لە بەغداوە سەیری هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان بکەی یان وەک بینابیەک تەماشای هەرێمی کوردستان بکەی بە ئاسانی تێدەگەی خەڵکی هەرێمی کوردستان چەند خودموختارین لە رەفتارکردنی سیاسی و هەڵوسوکەوتیاندا. ئەگەر بە وردی بیر لە دروستکردنی پۆلێنکارییەک بکەینەوە بۆ ئەو دۆزانەی کە لەم هەڵبژاردنەدا مەسەلەی کێشەدارو گرنگن، بێگومان کەرکووک نابێتە یەکێک لە کاتیگۆرییەکان کە شوێنی مشتومڕو رووبەڕوو بوونەوەی گرووپە سیاسییەکان بێت . کەرکوکییەکان خۆیان هەرچییەک دەڵێن بیڵێن، بەڵام دەبێت دڵنیابن لەوەی ئەوان بە شێوەیەک لە شێوەکان لە ناو رۆحی ئێمەدا مردوون . دەگەڕێمەوە سەر کەرکوک.

---



ڤلادیمێر فان ڤیلخنبێرخ
wanwilgenburg@gmail.com

# کورد و ئینتەرنێت

رۆژی 2009/7/1 بەمەبەستی خوێندنی پراکتیکی گەیشتمە هەولێری پایتەختی کوردستان. لەو ماوەیەی لە کوردستانم هەوڵی یارمەتیدانی بەشی ئینگلیزی (رووداونێت) دەدەم. لە کوردستان دەبێ خۆم رابێنم لەگەڵ جادە رەق و تەق و کەشوهەوا گەرمەکەی، کە وەک حەمامی تورکی گەرمە . کارەباش دەبڕێت. ئینتەرنێتیش نەک هەر تەواو نییە بەڵکو هێشتا شتێکی زۆر گرنگیش نییە .

لەنێو فڕۆکەدا کۆنتراکتەرێکی بواری ئاسایش کورتە زانیاریەکی لەبارەی کوردستانەوە پێشکەشکردم. ئەو زۆر بە گلەیی بوو لە گەرمای کوردستان و پچڕانی کارەبا لە هەولێر. بەپێی قسەی ئەو رۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەموو گەندەڵە و کوردستانیش هیچ باشتر نییە .

ئەو گوتی:" گەندەڵی لێرە کارێکی زۆر ئاساییە، بۆیە هەڵبژاردن هیچ لە پرسەکان ناگۆڕێت" . بەڵام ئەی دەربارەی سکانداڵی گەندەڵی لە بەریتانیا چی؟" جیاوازی هەیە لە نێوان بەریتانیا و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست: لەبەریتانیا بێدەنگیی لێدەکەن و لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش گوێ پێنادەن" .

لە رۆژی یەکەمم لە کوردستاندا، پشوویەکم لە هوتێلەکەم وەرگرت کە کچی چینیشی لێن و ماساژ باش دەکەن. چینییەکان خۆیان گەیاندووەتە کوردستانیش! دەبێ ئەو کچە چینییانە چۆن هاتبنە کوردستان؟ پاش شەوێکی پڕ ماندووبوون یەکەم رۆژی کارکردنم لە (رووداو) دەستپێکرد. ئێمە لە ئەورووپا وا راهاتووین کە هەموو کەسێک دەستی وە ئینتەرنێت رابگات، بەڵام ئەوە لەکوردستان مەسەلەیەک نییە .

سەرنووسەری (رووداو)، ئاکۆ محەممەد، بۆی روونکردمەوە کە ئەوان زیاتر بایەخ بە خەڵکی هەژار و ئاسایی لە هەرێمی کوردستان دەدەن کە دەستیان بە ئینتەرنێت راناگات. لە کاتێکدا ئینتەرنێت بۆ (رووداو) هێندە گرنگ نییە . لە ئەورووپا وانییە، بەرپرسی (رووداو) کە ئێستا لە ئەڵمانیایە، لە رێگەی فەیسبووکەوە ئیمەیلێکی بۆ ناردم و گوتی" دەتوانی ئێستا وتارێکمان بۆ بنووسی؟"، هەروەها جێگری سەرۆک وەزیرانی داهاتووی کوردستان بەرهەم سالح، ماڵپەڕی خۆی و فەیسبووک و تویتەر و یوتیوب بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن بەکاردێنێ. سەرکردەی بەرهەڵستکار نەوشیروانیش فەیسبووک و یوتیوب و وێبسایتەکەی بەکاردێنێ. هەروەها قوباد تاڵەبانی لە ئەمریکاوە راستەوخۆ لە رێگەی مۆبایلەکەیەوە کورتە نامە لە ماڵپەڕی تویتەر بڵاودەکاتەوە. بەلای منەوە جێی سەرنجە سەرکردەکانی کورد بۆچی پەنا بۆ ئینتەرنێت دەبەن. ئایا بۆ کوردەکانی ئەورووپایە یان بۆ ئەوەی وێنەیەکی باشی خۆیان نیشانبدەن لە رۆژئاوا؟ یان دەیانەوێ لە ئایەتوڵڵا خامەنەیی فێربن کە ئەویش تویتەر بەکاردێنێ.

هەڤپەیڤینێکمان لەگەڵ کۆنسوڵی بەریتانی کرد لە کوردستان کە لە هۆتێلە پارێزراوەکەی بوو لە هەولێر. ئەو گوتی لەو گەرموگوڕی و پشێویەی ئێستا لە کوردستان هەیە دیارە خەڵک هەڵبژاردن بە شتێکی گرنگ دەزانن. بە پێچەوانەی ئینگلستان کە خەڵک لە هەڵبژاردنەکان وەک پێویست بەشداری ناکەن. کونسوڵی بەریتانی گوتی سیاسەتکارانی بەریتانی لە سیاسەتی کوردی فێری هەندێک شت دەبن."وتارێکی 15 دەقیقەیی بخوێننەوەو پاشان بچن هەڵپەڕن" . لەگەڵ عەزیز وەیسی سمێڵ گەورە! کونسوڵی بەریتانی بەشداری لە کۆنسێرتی شڤان پەروەردا کرد کە ئەو بە سندیباد دەیشوبهێنێ.

ئەوەی تائێستا هەستم پێکردبێت هیچ گەرموگوڕییەکی ئەوتۆی هەڵبژاردن لە سەر جادەکانی هەولێر نییە . هەندێ کۆنسێرتی گەورە و رێپێوان لە تەلەڤزیۆنەکان دەبینرێن. لیستی گۆڕان میوزیکی راپ بۆ ئەنجامدانی (گۆڕان) بەکاردێنێت. لەکاتێکدا لیستی کوردستانی، لە پاڵ گۆرانی و هەڵپەڕکێ، جەخت لەسەر دەسکەوتەکانی رابردوودەکاتەوە، بەتایبەتی گرێبەستەکانی نەوت. لە هوتێلەوە خەریکی کارکردن بووم کە چۆپی فەتاحی کوردی هاووڵاتی هۆڵەندیم لەسەر تەلەڤزیۆن دیت بەشداریی کۆنسێرتێکی پشتیوانی لە لیستی کوردستانی کردبوو، من لە کوردستانەوە بەردەوام دەبم و راپۆرت بۆ (رووداو) ئامادە دەکەم.

---



گۆرکان زێنگین

# ئایا ئەگەری پەیدابوونی ئۆبامایەکی کورد لە تورکیادا هەیە؟

"هەر کەسێک لە خەبات لە پێناوی ئازادیی گەلی کورددا بکوژرێ شەهیدە، چونکە ئەو خەباتە لە پێناو زمانی دایکدایە" .ئەم قسانە لە زاری حەمید گەیلانی جێگری سەرۆکی پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی DTPەوە کران، کە لە کۆڕێکی ماتەمینیدا بەبۆنەی کوژرانی کامەران عیرفان ئەندامی پارتی کرێکارانی کوردستان لە پێکدادانێکدا کە لە گوندی داخلجا لە ویلایەتی هەکاری روویدا، ئاراستەی رۆژنامەنووسانی کرد. ئەو قسانە دەکرێ بە تاوان لە قەڵەم بدرێن بەوەی پشتیوانی لە رێکخراوێکی "تیرۆریست" دەکات، کە سەرەنجام هەڵوێستی یاسایی دەرهەق دەگیرێتە بەر.

ئەو پرسە تەنانەت ئەگەر هەر واش لێکبدرێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکانێک لەوانەی گوێیان لەو قسانە گرتبوو یان لە رۆژنامەدا خوێندیانەوە، بەشتێکی ئاسایی دەزانن، لە کاتێکدا خەڵکانی دیکە پێی نیگەران دەبن. ئەو قسانە و ئەم هەڵوێستانە بەگوێرەی ئەو قۆناخەی لە ململانێی 25 ساڵەمان لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان پێی گەیشتووین، گەلێک وروژێنەر دێتە پێش چاو . لەگەڵ ئەوەشدا زۆر کەس بەیاننامەکەیان زۆر بە ئاسایی وەرگرت، بەڵام توێژێکی کۆمەڵگە هەیە تائێستا هەر بەتووندی ئەو جۆرە بەیاننامانە رەتدەکاتەوە .

ئەو پرسیارەی پێویستە بیکەین ئەوەیە، ئایا دەکرێ جیاوازیی نێوان ئەم دوو جۆرە کاردانەوەیە کەم بکەینەوە؟ کێ دەتوانێ ئەم شتە بکات؟ لە راستیدا ئەو قسانە خۆبەخۆ وروژێنەرن و وەبیری تورکیای دێننەوە کە چەند پێویستی بەوەیە رووبەڕووی راستییەکان ببێتەوە. تورکیا زۆر پێویستی بەوەیە رووبەڕووی راستییەکان ببێتەوە، چونکە هەر چاودێرێک کە پەیوەندییەکی پتەوی بەم پرسەوە هەبێت، دەزانێ کە دەبێ تورک بۆخۆیان پرسی کورد چارەسەر بکەن، بەڵام دژیەکەکە ئەوەیە کە تورک بەبێ پشتیوانیی گەلی کورد ناتوانێ ئەم کێشەیە چارەسەر بکات، ئەمەش وا پێویست دەکات کە سەرکردەکان لە یەک کاتدا سەرپەرشتیی کورد و تورک بکەن بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی گونجاو.

پێویستە کەسایەتییەکی لە جۆری سەرۆک کۆماری ئەمریکا لە تورکیادا پەیدا ببێت، نەک هەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، بەڵکو بۆ چارەسەرکردنی پرسە سیاسیەکانی دیکەش کە رەهەندی دەروونییان هەیە .

لە شوێنێکی بە هەزاران کیلۆمەتر دوور لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەنادۆڵ کە هەموو جۆرە رەگەز و تایەفەو بیرو باوەڕێکی تێدایەو سەدان ساڵە بە ئاشتی و تەبایی پێکەوە دەژین، دەمارگیری و بەندایەتی یەکجار نامۆن بە کەش و ژینگەی ئەو خاکە .

هەرچەندە رووداوەکانی کۆتایی سەدەی 19 و سەرەتای سەدەی بیستەم زیانی یەکجار گەورەی بەو کولتوورە رەگاژۆیە گەیاند، بەڵام راستییەک هەر دەمێنێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە ناکرێ ئەنادۆڵ زۆر بگۆڕێت، دۆزی کوردیش لە تورکیادا هەرگیز لەگەڵ گرفتی هاوشێوە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بەراورد نەکراوە، ناشکرێ رۆژێ لە رۆژان ئەوە بکرێت. بەڵام بە دڵنیاییەوە تورکیا پێویستی بەو تەرزە لێبووردن و یەکلاییکردنەوەیەی ئەمریکا هەیە . پێویستییەکی زۆرمان بە متمانە هەیە، هەروەها بە خەڵکانێک کە خاوەنی نێوبانگێکی باشن، کە بشێن رۆڵێکی مێژوویی لە کەمکردنەوەی جیاوازیی کاردانەوەکان بگێڕن.

بەڵام لەبەر بەدبەختی وادیارە ئەم جۆرە کەسانە تا ئێستا لە کەلی ئاسۆ دەرنەکەوتوون. بە دڵنیاییەوە پەیدابوونی ئۆبامایەکی کورد دەبێتە نیشانەیەک بۆ سەرکەوتنی پرۆژەی نوێبوونەوەی تورکیا.

لە وتارێکدا کە لە تشرینی دووەمدا بڵاوبووەوە، ئاماژە بە هەڵبژاردنی رەش پێستێک وەک سەرۆکی ئەمریکا کراوە، ئەرتوگرول ئۆزکوک نووسەر لە رۆژنامەی دەیلی حوریەت، پرسیارێکی بێ پەردەی خستەڕوو، کە ئاخۆ تورک دەنگ دەدەنە پاڵێوراوێکی کورد بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی تورکیا؟ وەڵام: (بەڵێ بە دڵنیایی) بوو. لەو رۆژەدا کە ئۆبامایەکی کوردمان دەبێت، مەبەستیشمان لە ئۆبامایەکی کورد، کەسایەتییەکی سیاسییە کە لە رووی خاک و بەها و دیرۆکەوە، تورکیاخواز بێت، متمانە لەنێوانی هاووڵاتیاندا دروست دەکات.

سەرکەوتنی راستەقینەی باراک ئۆباما لەوەدایە کە ئەم بیروباوەڕە لەلای هەموو هاووڵاتیان دەڕوێنێ. هاووڵاتیانی سپی و رەش وەک یەک. بۆ سیستەمی ئەمریکا، سەرکەوتنی راستەقینە لە هەڵبژاردنی کەسێکی رەش پێستدا نییە بۆ سەرۆکایەتی ئەمریکا، بەڵکو لە پێگەیاندنی رەش پێستێکدایە کە دەکرێ وەک سەرۆک هەڵیبژێری.

ئا ئەمەیە کە دەبێ تورکیا بەدیبهێنێ.

***لە رۆژنامەی Todays Zamanی تورکییەوە.**

---



جابێل دالینگ

# هەولێر لە ئەمستەردام ئارامترە

لە شەش ساڵی رابردوودا بەرنامە زۆربوون. کاتێک لە نیوەی یەکەمی 2003 دا لە بەغدای پایتەختی عێراق پەیکەری سەددام حوسێن لە سەر پایەکانی لەقێندرا و کەوت، لە نێو بازرگانانی هۆڵەندیشدا شادییەکی مەزن پەیدابوو. چونکە ئەوانیش دەیانویست بەشدار بن لە ئاوەدانکردنەوەی ئەو وڵاتەدا.

ئیتر گۆڕەپانی تۆپی پێی شاری رۆتەردام بۆ کۆبوونەوەیەکی مەزن بەکرێ گیرا و سەدان بازرگانی هۆڵەندی لە کۆبوونەوەکەدا تامەزرۆیی خۆیان بۆ بەشداریکردن لە بازرگانیکردن لە عێراقی نوێ دا پیشاندا. ئەوەبوو بەرنامە دانران و دەستەیەک بە ناوی Task Force Irak بە سەرپەرشتیی رێکخراوەکانی خاوەنکارانی هۆڵەندی و سەنتەری پێشڤەبردنی بازرگانی دامەزرا.

بەڵام عێراق کێشەی تێکەوت. سوننە و شیعە کەوتنە گیانی یەکتر و تیرۆری رۆژانە جێگەی ئومێد و لێبووردن و سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوەی گرتەوە. ئیتر ئەو وڵاتە بووە جێگەیەکی زۆر مەترسیدار بۆ بازرگانانی و دەنهاخیش شیرەتی دانێ کە خۆیان لە چوونە عێراق ببوێرن.

بەڵام وەک دەردەکەوێ بازرگانانی هۆڵەندی نەیانتوانی وەک باووباپیرانیان لە رووی بازرگانییەوە دووربین بن و دەستکەوتەکانی ئەوپەڕی سنوورەکان بە باشی ببینن.بۆیەش وەفدە بازرگانییەکانمان هیچیان لە باکووری عێراق یان کوردستاندا نەکرد کە بەشێوەیەکی رێژەیی ئارام بوو، بەڵام فەرەنسی، ئەڵمان، ئەمریکی، ئیسپانی، چینی و کۆری بوێر بوون و ئەو کارەیان کرد.

یەکێک لەو بازرگانانەی کە لە ساڵانی رابردوودا چووەتە کوردستان یاپ ڤاندراخەرە. کە ساڵانێکی زۆرە بە فەرمی خانەنشینکراوە، بەڵام هیشتاش رێبەرایەتی زۆر سەردان و کاری بازرگانیی گرنگ دەکات. ئەو پیاوێکە 45 ساڵ ئەزموونی کاری لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەیە.

ڤاندراخەر دەیەوێ کۆمپانیا هۆڵەندییەکان هانبدا تاوەکو بۆ کۆتایی ئەمساڵ بڕۆنە باکووری عێراق. ئەو چەند رۆژێک پێش ئێستا لە کۆبوونەوەیەکدا لە دەنهاخ هەوڵی قایلکردنی دوودڵەکانی دەدا و دەیگوت:" من گەرەنتیتان دەدەمێ کە چوونتان بۆ ئەوێ 100% سەلامەتە" .

ڤاندراخەر، کە سەرۆکی سەنتەری هۆڵەندی و عێراقییە بۆ پێشڤەبردنی پەیوەندییە ئابورییەکان، ئەرکی دانانی پاسەوانانی خەڵکی کوردستان بۆ ئەو شاندە دەگرێتە ئەستۆ کە لە مانگی نۆڤێمبەری 2009 دا دەچنە باکووری عێراق.

هەرچەندە ئەو هەبوونی پاسەوان بە پێویستیش نازانێ:"چونکە باکووری عێراق زۆر ئارامترە لە ئەمستەردام و رۆتەردام و دەنهاخ" . خێرارد ڤاندراخەر کە تەنیا ناوی لە یاپ دەچێ و هیچ خزمایەتییەکیان نییە بە یەکەوە و بەڕێوەبەری سەنتەرەکەی یاپە دەڵێت کوردستان تەنانەت لە شوێنی ژیانی منیش کە شاری زڤایندرێختە ئارامترە .

*** لە رۆژنامەی (هەت فینانسیێل داخبلاد)ی هۆڵەندی وەرگیراوە.**

---



گۆران محەممەد
goransalih@hotmail.com

# نوکتە

لە ژمارەی پێشووتردا، سەلام سەعدی هەندێ لە نوکتەکانی ئەم هەڵمەتەی هەڵبژاردنی گێڕابووەوە، سەلام پێشبینی ئەوەشی کردبوو کە هێشتا کات ماوە و قۆشمەچییەکانی کورد (کە ئەگەر لیستیان هەبوایە دەنگی باشیان دەهێنا) نوکتەی دیکە بەرهەم دێنن.

لیستی گۆڕان زۆرباسی نەهێشتنی گەندەڵی و مەندەڵی دەکەن، بۆیە ئێستا لە سلێمانی نوکتەیەک باوە دەڵێ: کاک نەوشیروان هەر لە ئێستاوە گەندەڵی لە کوردستاندا نەهێشتووە، چۆن؟ چونکە هەموو گەندەڵکارانی لە گردەکە کۆکردووەتەوە .

هەرچەندە سلێمانی خۆی بووەتە نوکتە بە دەست لیستەکانی ئەم هەڵمەتەی هەڵبژاردنەوە، کەچی بە قسە هیچیان نەهێشتووەتەوە و کە دێتە سەر نوکتە کردن، دەڵێی نە بایان دیوە و نە باران. لەم رۆژانەدا شاخی گۆیژە سووتا، هێشتا ئاگرەکە نەکوژابووەوە نوکتەیەکیان بەرهەم هێنا، نوکتەکە دەڵێ: هەولێرییەکی سەر بە لیستی کوردستانی لە هەولێرەوە هاتبوو گردەکە بسووتێنێ، کەچی گۆیژەی سووتاند.

رووکردنە گردەکە، ماوەیەکە مۆدێلە، پەندێکی کۆن هەیە دەڵێ قەل بە قەلی وت رووت رەش بێت، خەڵکی سلێمانی دەڵێن قەل بە قەلی وت بچۆ بۆ گردەکە . بەو پێیەی کورد یەکێکە لەو میللەتانە خوای بۆ چەپڵە لێدان نەماوە و خوێن دادەنیشێ بۆ سەرچۆپی، بۆیە لیستەکانی بەشداری ئەم هەڵبژاردنە ئەم سیفەتە دۆمانەیان باش قۆستووەتەوەو نزیکەی هیچ لۆتییەکی کورد نەماوە بەشداری لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا نەکات. لە کن کورد ناوەڕۆک هیچ گرنگ نییە، هەر بەندێک دەڵێی، سەروای تەواو بێت، ئەویدیکە قسەی قۆڕە و هیچ گرنگ نییە، بۆیە زۆر ئاساییە لەم هەڵبژاردنەدا گوێت لە گۆرانییەک بێت بڵێ: پەرلەمان و پەرلەمان، گەلی کوردی قارەمان، ئەگەر نەچن بۆ دەنگدان، ئەمەنەم بە هینی هەمووتان.

زۆر پێشمەرگەی ئازا هەن، نەخوێندەوار یان کەم زانیارین و ئەوەش زۆر ئاساییە، نوکتە کردن لە سەر هەر کەسایەتییەک هەر چۆنێک بێت ناچێتە خانەی سووکایەتی و تەنیا بۆ پێکەنینە، دەڵێن کۆمەڵە گەنجێک روو لە گردەکە دەکەن، لە حەوشی گردەکە مام رۆستەم پێشوازییان لێدەکات و تاوێ قسەیان بۆ دەکات، گەنجەکانیش چەپڵەیەکی زۆر لێدەدەن، مام رۆستەمیش بە سەرسوورمانەوە دەپرسێ: قسەکانم باش بوون؟ هەموو دەڵێن: بەڵێ، ئەویش دەڵێ یانی زۆرتان بە دڵ بوو؟ ئەوانیش دەڵێن: ئەرێ وەڵا، ئەویش دەڵێ: دە بە شەرەفم من لە هەموویان نەزانترم و ژوورەوە پڕە لە پرۆفیسۆر.

بەڵام لەوانەیە خۆشترین نوکتە، دووبارە سازاندنەوەی نوکتەیەکی کۆن بێت بۆ لیستی ئیسلامییەکان. دەڵێن لە میانەی مونازەرەیەکی تەلەڤزیۆنی راستەوخۆدا، لە کاندیدێکی بزووتنەوەی ئیسلامی دەپرسن کام پێغەمبەر زمانی هەموو ئاژەڵانی دەزانی؟ ئەویش خێرا وەڵام دەداتەوە و دەڵێ: حەزرەتی تەڕەزان سڵاوی خوای لێبێت.



نوورەدین وەیسی
nuradinwaisi@rudaw.net

# سەرکەوتنی هەڵبژاردن ئەرکی هەمووانە

لەهەموو هەڵمەتێکی بانگەشەی هەڵبژاردندا تەنانەت لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیشدا کەمێک گرژی و شەڕە قسەی تێدەکەوێت. بۆیە لە کوردستانیش کە تازە خەریکە دەست و پەنجە لەگەڵ گەمەی دیموکراسیدا نەرم بکا، ئاسایی و چاوەڕوانکراوە گرژی هەبێت . بەڵام خەریکە ئەو دۆخە گرژئامێزەی چەند ڕۆژێکە لە سلێمانی دەستی پێکردووە سنووری ئاسایی تێدەپەڕێنێ .

سلێمانی کە خۆی بە شارێکی زۆر پێشکەتوو و مۆدێرن دەزانێت، چاوەڕێی ئەوەی لێدەکرا بە شێوازێکی شارستانیانەش پرۆسەی هەڵبژاردنەکە تێپەڕێنێ، وەلێ ڕووداوەکانی ئەو چەند ڕۆژەی دوایی و گرژی و بەیەکدا هەڵشاخانی لایەنگرانی لیستی گۆڕان و کوردستانی ئەگەر زوو کۆنترۆڵ نەکرێ، چاوەڕوانی ئاکامی زۆر خراپی لێدەکرێ، بەتایبەتی لە ڕۆژی هەڵبژاردن دا.

بەشێکی زۆری بەرپرسیارێتی ئەو بارگرژییە دەکەوێتە ملی ڕاگەیاندنکاران، بەتایبەتی ئەوانەی شاری سلێمانی، کە زۆریان هەر بۆ گرژکردنی زیاتری دۆخەکە زێدەڕۆیی لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و بەدواداچوونەکاندا دەکەن. لەوەش خراپتر لایەنگیرییەکی زۆر بە بەدواداچوونەکانەوە دیارەو خوێنەر لەنێو دێرەکاندا بە چاکی هەست بە تامەزۆریی ئەو چاپکراوانە دەکا بۆ دۆڕانی لیستی کوردستانی، هەرچەندە زۆریش هەوڵدەدەن وای پیشانبدەن کە بێلایەنن!

ڕاستە بەو پێیەی پارتی و یەکێتی دوو پارتی دەسەڵاتداری کوردستانن، بەرپرسن لە پاراستنی هێمنی و تەناهی و چاک بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردن. بەڵام هەرگیز ناکرێ لیست و پێکهاتە بەشدارەکانی دیکەش لەو بەرپرسیارێتییە وەلا بنێین، چونکە ئەوانەی ئێستا گرژی و ئاژاوە دەنێنەوە هەر تەنها لایەنگری کوردستانی نین و ئەگەر لایەنی بەرامبەر بەرکاری نەبێت دۆخەکە وا ناشڵەژێت . بەدووریشی نازانم هەندێک لە لایەنگرانی لیستە نەیارەکانی پارتی ویەکێتی بیانەوێ ئەو دۆخە ئاڵۆزە بقۆزنەوەو بە دروستکردنی کێشەو پێکداهەڵشاخانێک لێرەو لەوێ بیانەوێ پرۆسەی هەڵبژاردن لەبار ببەن بۆ ئەوەی نیشانیبدەن پارتی ویەکێتی لە ئەنجامی هەڵبژاردن دەترسن و نایانەوێ پرۆسەکە بە خاوێنی بەڕێوەبچێ. ئاخر هەمووی چەند ڕۆژێک بوو هەڵمەتی بانگەشەکردن دەستی پێکردبوو کە لە ڕۆژنامەیەکی ناسراوی سلێمانی بەگەورەیی نووسرابوو پارتی ویەکێتی خەریکی ئامادەسازین بۆ ساختەکاریکردن لە هەڵبژاردن دا.

تێکچوونی پرۆسەی هەڵبژادن هەر تەنها شکست و شەرمەزاری نییە بۆ پارتی و یەکێتی، بەڵکو نەنگییەکی گەورەیە بۆ هەموو دانیشتووانی کوردستان و کورد بەگشتی، ئەمە جگە لەوەی لە دەستدانی دەرفەتێکی زێڕینیشە بۆ ئەوەی بۆ دنیای بسەلمێنین کە ئەزموونی کوردستان بەڕاستی هەنگاوێکی گرنگی بەرەو گەشەکردنی دیموکراتی هاوێشتووە، بۆیە هەقە هەموومان ئەو دەرفەتە لەدەست نەدەین.






حەکیم کاکەوەیس
kakaways@hotmail.com

# سنوورەکان بۆ خنکاندنمانن

هەر شۆڕشێکی کورد ئەوەندە پەرەی سەندبێ بووبێتە هەڕەشەیەکی ڕاستەقینەی ڕاستەوخۆ لە سەر بەرژەوەندی و ئاسایشی داگیرکەرانی کوردستان یا یەکێک لە داگیرکەران، زوو کێشەکانی نێوان خۆیان وەلا ناوە و ڕێککەوتننامەیەکیان مۆر کردووە و سنوورەکانیان لێ داخستووین و ئێمەیش لە لووتکەی توانایی و بەهێزییەوە دابەزیوینەتەوە ئاستی بەرزکردنەوەی ئاڵای سپی و خۆبەدەستەوەدانی ئارەزوومەندانەی بەکۆمەڵ و، قەبووڵکردنی هەر چارەنووسێک کە داگیرکەری دوژمن و دڵڕەق ڕەوای بینیوین: کۆچی بەکۆمەڵ و گۆڕی بە کۆمەڵ و بەندکردنی بەکۆمەڵ. دوا کارەساتی هەرە گەورە کە بە هۆی داخستنی سنوورەکانەوە بە سەر کورددا هات، تێکچوونی شۆڕشی ئەیلوول بوو، هەرچەندە من ڕای جیاوازم لە سەر ئەو تێکچوونەش هەیە.

ئەمڕۆ، سنوورەکان هەمان سنوورن و هەمان دوژمن لەودیویانەوە خۆیان مەڵاس داوە و هەمان هەڕەشەن لە ئێستا و پاشەڕۆژ و چارەنووسی کورد. کەچی کورد بە گشتی و سیاسەتمەدارەکانی بە تایبەتی، وەک ئەوەی هەرگیز ماری سنوور پێوەی نەدابن و لێقەوماوییان نەدیبێ، پشتیان لێ کردووەتەوەو بە هیچ شێوەیەک کارێکی وایان نەکردووە ئەگەر پیلانێکی وەک ئەوەی جەزائیر پەیدابوو و نامەردێکی ئەمریکایی وەکو هێنری کیسینگەر خۆی بۆ تەرخانکرد، بەرەی بەربەرەکانیکردنمان لە ناوەوە و دەرەوەی ئەو سنوورە نەفرەتییانەدا چۆن دەبێ یان لە بری ئەو بەرهەمانە کە بەو سنوورەدا دەگەنە کوردستان چی بەکاربێنین. ئەوەی بە لای سەرانی کوردەوە گرنگە ئەوەیە بە سەر نەیارە سیاسییە هاوزمانەکانی خۆیاندا، کە وەک خۆیان لە بەردەم هەڕەشەی سنووردان، زاڵ بن نەک دەورووبەر بخەنە بار و بوارێکەوە، داخستنی سنوور ئەم جارە خۆیان بخنکێنێ نەک ئێمەی کورد. ئێمە، چەندین ساڵە لە ناو ئەو سنوورە ئەژدیهایانەدا وەک زەڕنەقووتە دەممان کردووەتەوە تا لە جێی ئەو خێروبێرەی کوردستاندا کە بە تاڵان دەیبەن، خۆراکی ژەهراوی بە قوڕگماندا بکەن بێ ئەوەی هیچ هەوڵێک بدەین خۆمان بەرهەمێکمان هەبێ، تا لەکاتی داخستنی سنووردا یەک مانگ پێی بژێین. کەس بیر لەوە ناکاتەوە ئەگەر ڕێککەوتنێکی وەک ئەوەی جەزائیر مۆر کرا، ئێمە کام گەنم و گەنمەشامی و بەرهەمی دیکەی خۆماڵی لە نەهامەتی و برسێتی دەربازمان دەکا و ئەگەر شتێک نەبێ برسێتی ئەو خەڵکە بشکێنێ، دیسان ناچار دەبین ئاڵای سپی بەرز بکەینەوە و خۆمان بەدەستەوە بدەین، ئیدی لە دوای ئەوە و بە ناچاری، مل بۆ هەموو خواستەکانی بەغدا دەدەین و هەرچییەکی ئێستا بۆیان مۆر ناکەین، بە ڕەزامەندی خۆمان مۆری دەکەین. دەبێ بزانین ئێستا تورکیا ئاوی لە بەرانبەر سووریا و عێراقدا کردووەتە چەک و سبەینێ دەتوانن پێکەوە ڕێککەوتننامەیەکی ئاوی لە نێوان تورکیا و عێراقدا، لە دژی کورد مۆر بکەن. ئێمە ناتوانین بەر بەو جۆرە ڕێککەوتنانە بگرین، بەڵام دەتوانین سەرچاوەی ئاو لە ماڵی خۆماندا پەیدا بکەین و ئەگەر نانبڕاو بکرێین نانی خۆمان لە ماڵی خۆماندا مسۆگەر بکەین و کارێکی وا بکەین ئەگەر ڕێککەوتنی لەو بابەتانە ماندووشمان بکەن، نەتوانن ئاڵای سپیمان پێ هەڵکەن!

لە کاتێکدا دەبوو ئێستا هەموومان خەریکی عەمبارکردنی ئاو و کۆکردنەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی و چێکردنی کونەتەیارە بین، هەر بنکە و بارەگا و داوودەزگایەکی حیزبی لە کوردستاندا دەگری کۆمەڵێک گەنجی دەستبەتاڵی بە ناوی پۆلیس و ئاسایش و حیمایە و چاودێرەوە بە دەوری خۆیدا کۆ کردووەتەوە بێ ئەوەی هیچ جۆرە بەرهەمێکیان هەبێ، مووچەیان دەدرێتێ و فێری ئەوە دەکرێن بە ئاسانترین و خێراترین شێوە و لە سەرەتای تەمەندا ببنە خاوەنی ئەوەی دڵیان گەرەکێتی و بە هیچ شێوەیەک بە لای ئەوەدا نەچن یەک دەنکە گوڵەبەڕۆژە بۆ بەرهەمهێنانی زەیت بڕوێنن یا دەنکە گەنمێک بۆ نانی سبەینێ بخەنە ژێر خۆڵەوە.

من پێموایە ئەمە بە دەستی ئانقەست و ئیرادەی دوژمن دەکرێ و کورد بۆ گەورەترین خۆبەدەستەوەدانی ناچاری لە مێژووی کۆن و نوێی خۆیدا ئامادە دەکرێ . ئاخر دەشێ هەر هەمان ئەو پارەیە بەو گەنجە کوردانە بدرێ و لە هەمانکاتدا کاری بەرهەمهێن ئەنجامبدەن کە هەم بۆ خۆیان دەبێتە سەرچاوەی داهاتێکی دیکە و هەم بۆ ئەو خەڵکەی ناو ئەو سنوورە نەفرەتییانە مسۆگەرییەکی باشترە بۆ لێقەومان کە هەمیشە دەبێ چاوەڕوان بین وەک بروسکەی بەهار بە تەوقی سەرماندا بکێشێ. پێویستە ئەو لاوە کوردە دەسبەتاڵانەی دەوروبەری بارەگا حیزبییەکان، کە ڕەنگە وەک سەردەمی بەعس هەر ئەوە بزانن ڕاپۆرت لە سەر داک و بابی خۆیان بنووسن، خاک و ئاو و بنەتۆ و پێداویستییەکانی دیکەیان بۆ دابین بکرێ و بخرێنە کار بۆ بەرهەمهێنانی هەرچییەکی بە ژەهرەوە دێتە خاکی وڵاتەکەمانەوە، هەر لە سەوزە و میوە و پسکویت و شرینەمەنییەوە بگرە تا دەگاتە ئەو شووتی و خەیار و تەماتە و پەتاتە ژەهراوییانەی لە دەوڵەتانی دەوروبەرەوە بۆمان دەهێنرێن.

ئێمە سەرقاڵی هەڵبژاردن و ململانێی لیست و سەرۆک و ڕەنگ و دەنگ و چاوەشی و حیزبین و دەوڵەتانی دەوروبەرمان خەریکی ناردنی مۆرفین و هیرۆین و خۆراکی ژەهراوی و دەرمانی بەسەرچوون و ترسی ئەوەم هەیە لە چەند ساڵی داهاتوودا، هەموو کوردستان ببێتە یەک هەڵەبجە و ئەوەی لە ژیاندا دەمێنێتەوە، ناوی "کوردستانی شەهید"ی لێ بنرێ و بڵێ: سنوورەکان بۆ خنکاندنمان بوون!



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar2001@yahoo.com

# یەکگرتووی ئیسلامی چەند لە AKP ە دەچێ؟

## چەند سەرنجێک لەسەر وتەکانی ئەمینداری یەکگرتووی ئیسلامی

لە دوو شوێنی جیاوازدا یەکیان لە هەفتەنامەی (ڕووداو) و ئەویدیکەیان لە ڕۆژنامەی Todays Zamanی تورکی، ڕیپۆرتاژێکی بەڕێز ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامی بڵاوبووەتەوە، ئەوەی سەرنجی منی ڕاکێشا ورووژاندنی جۆرێکە لە لێکچوونی نێوان یەکگرتووی ئیسلامی و پارتی داد و گەشەپێدانی تورکی، ئەمە زۆر بە زەقی نەگووتراوە، بەڵام بە کەمێک پێچ و پەناوە ئەمینداری یەکگرتوو دەیەوێ بڵێ: ئێمە وەک یەکگرتوو دەتوانین وەک AKP بین. واتە وەک حیزبێکی ئیسلامی دەتوانین لە کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن چاوپۆشی لە هەندێک شت بکەین کە حیزبە ئیسلامییەکانی دیکە نەک هەر چاوپۆشییان لێ نەکردووە، بگرە ئەگەر دەسەڵاتیان هەبووبێت، حەد و سزای ئیسلامییان بەسەردا سەپاندوون، بۆ نموونە مەشروب خواردنەوە کە ئەمینداری یەکگرتوو دەڵێ بەلایانەوە ئاساییە خەڵک لە ماڵی خۆی بخواتەوە و تەنانەت لە یانەکانیشدا...وهتد.

ئەوەی لێرەدا من مەبەستمە ئەوەیە کە یەکگرتوو دەیتوانی ببێ بە AKPەی کوردستان، بەڵام نەبوو و ناشبێت، چونکە ستراکتوری یەکگرتوو ڕێگەی پێ نادات و حیزبی داد و گەشەپێدانی تورکیا 180 پلە لە یەکگرتووەکەی خۆمان جیاوازە.

جارێ بەر لە هەموو شتێکAKPحیزبێکی ئیسلامی نییە، حیزبێکی موسڵمانە وجیاوازیی نێوان ئیسلامی و موسڵمان (موسڵمانەتی بە مانای واجبی شەخسی و فەردیکردنی ئایین، زۆر جیاوازە لە ئیسلامیبوون بە مانای بە ئایدۆلۆژیکردنی ئایین و فەرزکردنی بەسەر هەموو بوارەکانی ژیان وەکو بەرنامە). لە کاتێکدا یەکگرتوو بە پاشگری (ئیسلامی)یەوە کاردەکات، ڕەجەب تەییب ئەردۆغان لە وەڵامی کەسێکدا کە گووتبووی AKP حیزبێکی ئیسلامییە گوتی:"ئێمە قەت ئیسلام ئەوەندە بچووک ناکەینەوە کە بیکەینە حیزب."

AKP حیزبێکی جەماوەرییە پتر لەوەی حیزبێکی ئیسلامی بێت، حیزبێکی موسڵمانە بە ڕوانگەیەک کە لە تورکیا پێیدەگوترێت "تێڕوانینی نیشتمانی" و بەرەی ڕاستڕەو لە تورکیا بە حیزبە قەومییە توندڕەوەکانیشەوە هەڵگری ئەو پەیامەن. ئەم تێڕوانینی نیشتمانییە لەناو هەیکەلی AKPدا هێندە بەهێزە کە هیچ حیزبێکی نەتەوەیی لە تورکیا بە قەدەر AKP لەسەر مەسەلەی نەتەوەیی پێداگیر نییە و بەهێزترین کەسایەتییەکانی ئەم تێڕوانینە لە چواردەوری ئەردۆغانن کە دەکرێ لەوانە (جەمیل چیچەک، بوڵەند ئارنچ، کورشات توozمەن) و زۆری دیکە ناو ببەین کە پێشتر لە حیزبە قەومییەکانی وەک MHP دا کاریان کردووە و هێشتاش لەسەر هەمان باوەڕی جارانیانن.

AKP پتر لەوەی حیزبێکی ئایدۆلۆژی بێت، چەترێک و مۆدێلێکی سیاسییە کە لەو سەری ڕاست تا ئەوسەری چەپی تێدا کۆبووەتەوە و بە هیچ شێوەیەک هەوڵنادات مودێلێکی دیاریکراو بەسەر ئەندام و لایەنگرانیدا بسەپێنێت. نەک هەر لایەنگرانی، بگرە کەسایەتی پایەبەرزی ناوAKP لە ژن و لە پیاو ئازادن. ژنی سەرکۆتی تێدایە و قەت ئامادە نییە حیجابیش بکات، بەڵام وەزیرە، سکرتێری پێشووی سۆسیال دیموکراتی تێدایە و نوێژ ناکات و ئەویش هەر وەزیرە! بەڵام یەکگرتوو بە پێچەوانەوە پتر لەوەی مۆدێلێکی سیاسی بێت، مۆدێلێکی ئایدۆلۆژیکییە بۆ ژیان. ئایا یەکگرتوو ئەندامی ژنی هەیە سەرکۆت بن، ئەندامی پیاوی هەیە شەوانە بچێتە یانەی مەی خواردنەوە؟ ئەندامانی یەکگرتوو لە ژیانی تاکەکەسیی خۆیاندا چەند ئازادن؟

یەکگرتووی ئیسلامی تەنانەت لە پەیڕەوی ناوخۆیی و پرۆگرامیدا جیاوازە لە AKP، ئەوەی AKP دەیەوێ لە تورکیا بیکات دروستکردنی حکومەتی عەدلی ئیلاهی و سەپاندنی شەریعەتی ئیسلامی نییە، لەکاتێکدا AKP حیزبێکی سکۆلاری موحافەزەکارە، تەنها وتەنها دەیەوێ هەندێک لەو کولتوورو بەها ئیسلامیانەی کۆمەڵگەی تورکی بگەڕێنێتەوە کە کۆماری نوێ لە ژێر ناوی سکۆلاریزم و بە ڕۆژئاوایی بوون سڕیونیەتەوە. بەها و کولتووری کۆمەڵگەی ئێمە بە سەرکردایەتییەکەوە کە پابەندی ئایین و بنەماکانیەتی لەژێر هەڕەشەدا نین، تا یەکگرتوو ڕێفرانسیان لێوەرگرێت. بۆیە ئەگەرچی تێڕوانینی ئیسلاحیی یەکگرتوو لەگەڵ AKPدا تێکیش بکاتەوە، ستراکتوری یەکگرتوو و AKP هێندە لێک جیاوازن کە ناتوانین بڵێین پێکدەچن.



کاوە ئەمین
kawe35@hotmail.com

# نەتەوەیەک لەسەر کاخەز

پێوەرێکی سەرەکی شارستانی بوون و فەرهەنگی نەتەوەکان لە دێر زەمانەوە، کتێب و ڕۆژنامە و خوێندن و خوێندنەوە و نووسینە. تەنانەت ئەگەر نووسین و خوێندەواری نەبووایە ئەوا زۆربەی دینەکانیش ئێستا وجودیان نەدەبوو. ئەگەر ئەحمەدی خانی نەمر بە زمانی کوردی مەم و زینی نەنووسیبا، ئێستا ئەویش وەکو زۆر لەو کەسایەتییە گەورانەی کورد کە بە زمانی دیکە شتیان نووسیوە دەبوونە موڵکی ئەوان، نەک ئێمە. مەلا مەحموودی بایەزیدی بۆیە تا ئەدەبیاتی کورد هەبێت ناوی لە نێو ناواندا ناسرێتەوە، چونکە بە کوردی پەخشانی نووسیوە و باسی کۆمەڵگەی ئەو سەردەمەی کوردمان بۆ دەکات، دەیان نموونەی لەو جۆرەمان هەن.

هەرچەندە بەتەواوەتی نازانین یەکەمین کورد کێ بووە، کۆچبەری ئەوروپا بووە، بەڵام دەزانین یەکەمین کورد دوکتۆر سەعیدی کوردستانی بووە کە لە ساڵی 1883 دا سەردانی سوێدی کردووە، پاشانیس شەریف پاشای خەندان و بەوشێوەیە کە ئێستا زیاتر لە ملیۆنێک کورد نیشتەجێی ئەوروپا بوون.

کەسایەتییەکی جوولەکە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا لە ڕێگەی نووسینی مانیفستۆیەکەوە بەردی بناخەی نەتەوەبوونی جوولەکەی داڕشتووە، کەچی کورد تا ئەم چرکە ساتەش سەرەڕای دەریایەک فرمێسک و خوێن، هێشتا پرۆسەی نەتەوەبوونی خۆی تێنەپەڕاندووە.

زۆرجار لە ئەوروپا بە تایبەتی لە سوێد، هەوڵی ئەوە دراوە گۆڤار و ڕۆژنامە دەربکرێن، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە ڕووناکبیرانی کوردیش وەکو سەرۆک و سیاسییە کوردەکان تووشی هەمان نەخۆشی زەعامەت بوونەتەوە، هەمووشتێک دەبێت من ڕابەرایەتی بکەم، هەر خۆم سەرنووسەر و خاوەن ئیمتیاز بم و تەنانەت زۆر لەو گۆڤار و ڕۆژنامانە یەک کەس بەڕێوەی بردوون، هەر بۆیە پاش چەند ژمارەیەک ماڵئاواییان کردووە. تاقیکردنەوە زۆرن لەو بوارەدا.

ڕۆژنامەی (ڕووداو) وەکو پرۆژەیەکی ڕۆشنبیری و میدیایی لە ئەوروپا و لە کوردستان پەلاماری بەردێکی داوە کە زۆر قورس و گەورەیە، جا ئەو پەندەی دەڵێت "بەردی زل نیشانەی نەهاویشتنێتی" ئەگەر ڕاستیش بێت، بەڵام خۆ دەکرێت ئەگەر نەشهاوێژرێت تلێکی پێ بدرێت و پاشان خۆ بەرد هەر بۆ هاویشتن دروست نەکراوە، هەرەمەکانی میسر لەبەردی گەورە دروستکراون، دەکرێت ئەم هەوڵەی ڕۆژنامەی (ڕووداو) بناخەی دانانی کەڵەکێک بێت کە با و بۆران نەتوانێت بیروخێنێت. ئێمە دەبێت چی دیکە بە گومانەوە تەماشای پرۆژە نەتەوەییەکانمان نەکەین، کێ لە پشتێتی و کێ هاوکاریی دەکات؟ گرنگ ئەوەیە ئەم پرۆژەیە هەموو کوردی ئەوروپا خۆی تێدا ببینێتەوە.

دەردی هەرە کوشندەی ئێمەی کورد نەخوێندنەوەیە، کاتێک سەردانی کتێبخانە گشتییەکانی بۆ نموونە سوێد دەکەی،بەشی کتێبی کوردی لەبەرانبەر کتێبی عەرەبی و فارسیدا زۆر هەژارە، ئەوەش بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە سوێدییەکان کوردیان خۆش ناوێت، بەڵکو بۆ خوێنەر دەگەڕێتەوە چونکە ئەوان تەماشا دەکەن چەند زیاتر کتێب قەرز بکرێت و بخوێنرێتەوە زیاتر کتێب بەو زمانەی کە پێی دەخوێنرێتەوە دەکڕن.

هەرچەندە زۆر دێریشە، بەڵام پرۆژەی (ڕووداو) لە ئەوروپا سەرەتایەکی باشە بۆ نزیککردنەوەی کوردانی دانیشتووی ئەو وڵاتانە و ئاشنا کردنیان بە ڕووداوە گرنگەکانی کوردستان، بەتایبەتی ڕووداوە فەرهەنگییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە گشتی و بەتایبەتی لە کوردستاندا، کە لە ڕۆژنامەی ئەوروپاییدا نەک هەر گرنگی پێنادرێت بەڵکو بەتەواوەتی پشتگوێ خراوە.

من بۆیە خۆم لە (ڕووداو) دا دەبینمەوە چونکە خۆی بە ڕۆژنامەی نەتەوەیەک دەزانێت نەک لە کوردستان بەڵکو ئێمەی تاراوگەنشینیش لە ئامێز دەگرێت و لە یەکەم ژمارەشیدا خەمی پەنابەرانی لە کۆڵ گرت.

کورد پەندێکی جوانی هەیە کە دەڵێت: "هەر دەوەنە و دەبێت بە دار"، من دڵنیام ئەگەر کوردانی ئەوروپا بیانەوێت دەتوانن (ڕووداو) بکەنە دارێک کە لە سێبەریدا مێشکمان بحەسێنینەوە.

هەرچەندە حیزب لەوێش سەرێکی عێراقی، ئێرانی، تورکی و سووریان پێوەیە،بەڵام زۆربەی مێشکە کوردستانییەکانیش لە ئەوروپان، بەتایبەتی ئەو کچ و کوڕانەی لەوێ لەدایکبوون، بەڵێ ئەوانە هیوای دواڕۆژی دروستکردنی نەتەوەیەکن و پێویستیان بە فکرێکی کوردستانی هەیە، فکریش هەمیشە لە ڕێگەی پێنووس و کاخەزەوە کیشوەرەکان تەی دەکات، (ڕووداو) دەتوانێت ئەو بەردە بخاتە سەر شانی و دەتوانێت "بەردی" زل بهاوێت.

*هاوکاری (ڕووداو) لە سوێد.

ئەم وتارە لە چاپی ئەوروپای (ڕووداو)دا بڵاوکراوەتەوە

# چێڵی کوردی بەکەڵک نایێ

**روودلو- هەولێر**

بەهۆی لێشاوی بەرهەمە بیانییەکانی شیرەمەنی، پرۆژە بچووکەکانی بەخێوکردنی چێل لە کوردستان یەک لەدوای یەک شکست دێنن،کەچی وەزارەتی کشتوکاڵ لەرێی چەند پرۆژەیەکی گەورە، بەڵام ئەمجارەیان بە چێڵی بیانی، خەریکی بووژاندنەوەی بازاڕی شیرەمەنییە.

وەزارەتی کشـــتوکاڵ ئەمساڵ مۆڵەتی بە 3 کۆمپانیای بیانی داوە تا بازاڕی بەرهەمەکانی شیرەمەنی لەکوردستان ببووژێننەوە، کە یەکێکیان لەلایەن کۆمپانیای (نور)ی میسری جێبەجێدەکرێ و 4 هەزار چێڵی شیردەر لەخۆدەگرێ. دوو پرۆژەی دیکەش لەئامادەکاریدان و ساڵی داهاتـــوو تەواودەبن، یەکێکیان 2 هەزارو ئەوی دیکەش 500 چێڵ لەخۆدەگرێ. بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ دەڵێت "هانی پرۆژەی خۆماڵی دەدەین، بـــەڵام بەهێنانی چێڵی دەرەکی، چونکە چێڵی خۆماڵی خەرجیی زۆرەو بەرهەمیشی نییە".



13 »

# موحسین لەسەر قورئان سزادرا

**روودلو- ئیعتماد**

موحسین نامجۆ، گۆرانیبێژی بەناوبانگی پۆپی ئێرانی، دوای گوتنی چەند ئایەتێکی قورئانی بەشێوەی گۆرانی، لەلایەن دادگای ئێرانەوە بە پێنج ساڵ زیندان حوکمدرا.



عەباس ســـەلیمی، کە رۆژنامەنووسێکی نێوداری ئێرانییە لەسەر ئەوەی ئایەتی قورئانی کردووەتە گۆرانی، سکاڵای لەسەر گۆرانیبێژ موحسین نامجۆ تۆمارکرد.

سەلیمی رایگەیاند "موحسین نامجۆ بەوشێوەیە سووکایەتی بە ئایەتە قورئانییەکان کردووە، بە5 ساڵ زیندانی حوکمدرا، لەبەرئەوەی سوکایەتی بە بەها ئاینییەکان و کتێبی پیرۆزی ئیسلام کرد".

موحسین نامجو کە ئێستا لەدەرەوەی ئێران دەژیت، دوای گوتنی ئەو گۆرانییە داوای لێبووردنی کرد. حەمید نامجۆی برای ئەو گۆرانیبێژەش دەڵێ" لە دوای ئەم داوای لێبووردنە، پێمانوابوو کە کێشـــەکە کۆتایی هاتووە، هەرچەندە ئەم گۆرانییە بۆ بڵاوکردنەوە نەبوو، بۆیە پێمان سەیرە دادگا ئەو بڕیارەی لە بارەی براکەمەوە داوە".







Rûdaw
Rudaw readers know more

خاوەنی ئیمتیاز : کۆمپانیای رووداو
سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن : نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@rudaw.net
سەرنووسەر : ئاکۆ محەممەد akopress74@yahoo.com
جێگری سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam2004s@yahoo.com
بەڕێوەبەری نووسین : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himmati@rudaw.net
نوێنەری ئەورووپا : هێمن عەبدوڵڵا hemnabdulla@rudaw.net
دیزاین : عەبدوڵڵا رەفیق- بەختیار مستەفا- ڤیان سلێمان

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : شەقامی کانێسکان پشت پارێزگای سلێمانی 07501130997 | ناونیشان: هەولێرـ بەرامبەر نیوستی | Tel: 0750 488 5696 | rudaw@rudaw.net | www.rudaw.net



## ئاگاداری

هەموو بەڕێزانی رۆژنامەفرۆش وخاوەن پەرتوکخانەو سوپەرمارکێت و دوکانداران ئاگادار دەکەینەوە بۆ فرۆشتنی رۆژنامەی (رووداو) و (رووداوی وەرزشی) دەتـوانن پەیوەندی بکەن بە دابەشکەرانی ئەم دوو رۆژنامـەیە لە پارێـزگا و شـارەکانی کوردستان بەم ناونیشانەی خوارەوە:

**هەولێر:**
خانەی خەبات، نزیك پارێزگای هەولێر، تەلەفۆن 07504645570 – 07504536473

**سلێمانی:**
کۆشکی سەردەم، بەرامبەر سلێمانی پالاس، تەلەفۆن 07501124165 – 07701517533

**دهۆك:**
مەکتەب نزار، تەلەفۆن 07504509035

**سۆران:**
کتێبخانەی سۆران، بازاڕی سۆران، تەلەفۆن 07507588177

**کەرکووك:**
کتێبخانەی کەرکووك، شەقامی مەجیدیە، تەلەفۆن 07504483631










Reklam

## تیشکێك لەسەر دەنگدانی تایبەت

## ٢٠٠٩/٧/٢٣

## بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق



**دەنگدانی تایبەت:**

پرۆســەی دەنگدانە بۆ چەند کۆمەڵێك لە دەنگدەران کە ناتوانن بەشـــداری لە رۆژی هەڵبژاردنی گشـــتی لە (٧/٢٥) دا بکەن، بنکەکانـــی تایبەت بە دەنگدانی ئەم کۆمەڵانەی خوارەوە رۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٣ لە کاتژمێر هەشتی بەیانی تاکو شەشی ئێوارە دەکرێنەوە.

**یەکەم:**

هێزەکانی ئاسایش و سوپا لە پارێزگاکانی هەرێم.

**بەڵگەنامە پێویستەکانی ئەم کۆمەڵەیە :**

- ناســنامەی باری شارستانی یان رەگەزنامەی عێراقی یان ناسنامەی فەرمی پۆلیس و ئەوانەی کە سەربازن.

**دووەم:**

- گیراوەکانـــی ئەو گرتوخانە و بەندیخانانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردســـتان بەرێوەیان دەبات (ئەو گیراوانەی هێشـــتا حوکم نـــەدراون ، ئەوانەی حوکمدراون بە کەمتر لە پێنج ســـاڵ) هەروەها ئەو فەرمانبەرانەش دەگرێتـــەوە کە لەو دەزگایانەدا کاردەکەن کە لە رۆژی دەنگدانی گشتیدا ناتوانن دەنگ بدەن .
- نەخۆشەکانی ئەو نەخۆشخانانەی کە ژمارەی قەرەوێڵەکانیان لەسەد زیاترە، هەروەها ئەو فەرمانبەرانەی کە لەو نەخۆشـــخانانەدا کار دەکەن و ناتوانن لە رۆژی دەنگدانی گشتیدا دەنگ بدەن.
- ئەو فەرمانبەرانەی لە رۆژی دەنگدان لە دەزگا حکومیەکان و ناوچەی نێو دەوڵەتی لە بەغدا خۆیان و خێزانەکانیان لە کاردان، بەڵام لە هەرێمی کوردستان تۆمارکراون.
- ئەوانەی لە ناو سوپادان بەڵام وەکو دەنگدەر لە هەرێمی کوردستان تۆمارکراون و لەچەند پارێزگایێکی دەرەوەی هەرێم ئەرکێکی فەرمیان پێ راسپێردراوە.

**بەڵگەنامە پێویستەکانی ئەم کۆمەڵەش:**

- ناســـنامەیەك بۆ سەلماندنی کەسایەتی و زانینی ژمارەی پسولەی خۆراکی خێزان و ژمارەی ناوەندی خۆراك، یان هێنانی پسولەی رەسەن یان کۆپی کراو.

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بەم ژمارە خۆڕاییانەوە بکە: اسیاسیل ٧٧٧٧ کورەك ٢٠٢٠

المفوضية العليا المستقلة للانتخابات
کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان
The Independent High Electoral Commission
www.ihec.iq